# تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی

د. کەمال مەعروف

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بلاّوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی





بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

٢٠١٢

# تیۆره نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی

**د. کەمال مەعروف**

سلێمانی
٢٠١٢

## تیۆره نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی


- نووسەر: د. کەمال مەعروف
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد ئەمین
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: ½ A4
- ژمارەی لاپەڕە: ١٤٠
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٨٥٩)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی لەریا
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٦٠٧)ی ساڵی ٢٠٢ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بلاۆکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران/ بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤**

پێشکەشە بە:

توێژەرە زیرەکەکانم کە لە خوێندنی باڵا سەرپەرشتیانم کردوون.
(ئاری صبحی ئەحمەد ، کامەران ئیبراهیم خەلیل مشەختی،
ئاسۆ عومەر مستەفا، موزەفەر مستەفا ئیسماعیل، ب
ێریڤان سەمەد حەوێز، پێشڕەو عەبدوڵلا).

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ڕووناکی بخاتە سەر گرنگترین میتۆدەکانی ڕەخنەیی و ئەدەبی هاوچەرخ، لە ڕووی دەستپێکی تیوری و هەنگاوەکانیدا، تاکو بەشداربێت لەکردنەوەی ڕێگاکانی کە ڕووبەڕووی ڕەخنەگر و خوێندکار و لێکۆڵەر دەبێتەوە، لە تێگەیشتنی شێوازی نوێ لە ڕەخنەی ڕۆژئاواییدا، ئەم ڕێبازانە لەلایەن ڕەخنەگر و توێژەرەوە بایەخ و گرنگییەکی زۆریان پێدراون، لێکۆڵەری بەویژدان کە سەیری ئەم تیورە ڕەخنەگرانە دەکات، دەبینێت بەهایەکی زۆر بە فۆڕم دەدەن و تا ڕادەیەك ناوەڕۆك پشتگوێ دەخەن، یاخود جۆرە تیورێکن کە داوای داخستنی دەق دەکەن لەسەر ژمێرەی خوێنەر، یان داوای کرانەوەی دەق و ئازادی وەرگرتن بە خوێنەر دەبەخشێت، میتۆدی دەرەکی جەخت لەسەر شوێن کەوتنی گشتی دانەرەکە و بە سەرچاوەکانی دەروونی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە خەریك دەبێت، دەق بە یەك خوێندنەوە پەیوەست دەکات، بەڵام میتۆدی ناوەکی وەکو فۆرمالیستی ڕووس و ڕەخنەی نوێ، کرانەوە بە خوێندنەوەی دەق دەبەخشێت، لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانی بە مێژوو و یاخود دەروون و کۆمەڵگاوە دادەخات، کار لەسەر چڕکردنەوەی دەق، وەکو بونیادێکی زمانەوانی و جوانناسی دەکات، میتۆدی بونیادگەرایی و پاش بونیاگەرایی وەکو هێرمینیۆتیکا و سیمیوتیکا، پڕۆژەیەکی بنچینەیین کە نوێخوازی دەیانخاتە ڕوو، کە لە واقعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونییەوە دووردەکەوێتەوە،



متیۆدی خوێندنەوەش میتۆدێکە کە خوێنەر و دەق هەلی بەیەکگەیشتنی ڕۆشنبیرییان بۆ دەڕەخسێنێت، خوێنەر هەموو بەهایەکی بە پێشوازیکردنی دەق دەدات، بە تێڕوانینێکی هۆشیارانە بۆ میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی، پێشبینی ئەوەی لێ دەکرێت، کە هەریەك لەو میتۆدانە پشت بە کایەکی زانیاری یاخود فەلسەفی دەبەستێت، هەندێکیان لەسەر بنچینەی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی، هەندێکی تر سوود لە مێژوو و زانستی دەروونی وەردەگرن، هەندێکی دیکە لەسەر زانستی زمان دەوەستن، هەروەکو فۆرمالیستی ڕووس و ڕەخنەی نوێ، دوای ئەوانیش بونیادگەراییەکان کە پشت بە نموونەی زمانەوانی سویسری (دی سۆسێر) دەبەستن، پاشان سیمیۆتیکەکان کە زمان بە نووسینی هێما دەژمێرن، ئەم میتۆدانە لە خاڵێکدا پێك دەگەن و پەرەی پێدەدەن، بۆ نموونە ڕەخنەی نوێ و فۆرمالیستی ڕووس هەردووکیان پێ لەسەر دەق دادەگرن، بونیادگەرایی و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و سیمیاتیزم پشت بە زانستی زمان دەبەستن، بەڵام هەریەکەیان ڕێبازێکی تایبەتی لە باسکردنی واتادا هەیە، بونیادگەری توێژینەوە لەچۆنییەتی ڕوودانی چەمك دەکات و هەڵوەشاندنەوەش جەخت لەسەر چەسپاندنی وتەی جیاواز دادەگرێت، گرنگترین سیماکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەی بیستەمدا هەوڵی بەدواداچوون لە زمانێکی زانستی دەکات، لەژێر کاریگەری پێشکەوتنەکانی زانستی مرۆڤایەتیدا، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری ڕێبازەکان وەکو سۆسیۆلۆژی و دەروونی و بونیادگەری و فۆرمالیستی و هەڵوەشاندنەوەگەرایی، زۆری ڕێڕەو تیورەکان لەگەڵ ئەوەشدا خاسییەتێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، کە ئەویش پابەندبوونە بە لایەنگری بارودۆخەکەوە پێوەنووسانە بە جێبەجێکردنی میتۆدە زانستییەکان لەسەر کارە ئەدەبییەکاندا، سەدەی نۆزدەیەم ڕەخنەگرانی وەکو

**هیپۆلیت تین و سانت بۆڤ و فردیناند برۆنتیر و چەندانی تری بەخۆوە بینی کە هەڵسان بە دانانی لێکۆڵینەوەی تیوری و پراکتیکی زۆر کە بە چەمك و میتۆدەکانی زانستی تاقیگەرێتییەوە پەیوەست بوون ڕێبازی بونیادگەری لە فەرەنسا و ڕێبازی فۆرمالیستی لە ڕووسیا و ڕێبازی هەڵوەشاندنەوەگەریی لە ئەمریکا هەموویان لە یەك شتدا یەکدەگرنەوە، ئەویش لێکۆڵینەوە لە کاری ئەدەبیدا، لەبەر ڕۆشنایی پرەنسیپی دابڕانی تاقیگەرێتی باو لە بواری زانیاری سروشتی و مرۆڤایەتیدا، ڕەخنە لەژێر سێبەری ئەم ڕێبازانەدا جەخت لەسەر فۆڕم دەکات و لایەنی ناوەرۆك فەرامۆش و پشتگوێ دەخات.**

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسێ بەش پێکهاتووە، لیستی سەرچاوەکان و پوختەی عەرەبی و ئینگلیزیشی بەخۆوە گرتووە، بەشی یەکەم پێشەکی و دەروازە، میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، بەشی دووەم فۆرمالیستی ڕووس و ڕەخنەی نوێ، بەشی سێیەم دەق ئاوێزان، بونیادگەرایی، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، سیمیۆتیکا و هێرمینیۆتیکا، لەکۆتاییدا بەهیوام ئەم توێژینەوەیە سوود بە فێرخواز و توێژەرەوە و ڕەخنەگر بەشێوەی تایبەتی و خوێنەر بە شێوەی گشتی بگەیەنێت.**

**لەهەندێ شوێنی ئەم توێژینەوەیەدا سوودی زۆرم لە سەرچاوەکان وەرگرتوون، بەجۆرێ شێوەی وەرگێڕانی بەخۆوە بینیوە، چونکە تیورێکی ئەوروپییە، بۆیە بابەتەکە بە گشتی توێژینەوە و وەرگێڕانە لە سەرچاوەی عەرەبی و فەرەنسیدا.**

## دەروازە

## ١- ڕەخنە و داهێنان



ڕەخنە و داهێنان پێکەوە گرێدراون، چونکە ڕەخنە لە ئاستێك لە ئاستەکاندا داهێنانە، ناکرێت باس لە ڕەخنە بکەین، بەبێ دیدی داهێنان کە تەواوکەری ڕەخنەیە، ئەگەر ڕەخنە شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی بێت، لەڕووی فۆرم و شێواز و مانا و چەمکەکانی دەقی ئەدەبییەوە، کە دابڕان و تازەکردنەوەی بەخۆوە گرتبێت، بێ شك بەرهەمی داهێنەرەیش ئەو بەرهەمەیە کە سنووری سەردەمی مێژوویی خۆی دەبەزێنێت و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش چێژ و جوانناسی خۆی لە دەست نادات، چونکە بەرهەمی داهێنەرەیش پەیوەندی قووڵی بە داهێنەرەکەیەوە هەیە. پەیوەندی نێوان ڕەخنە و داهێنان نادیارە، ئەگەر دەقێك ڕوون و ئاشکرا نەبێت، ئەوا ڕەخنەکەش نادیار دەبێت، خۆ دەقەکە بێ پێزبێت بێ شك ڕەخنە چێ نابێت. دەقی باش، ڕەخنەی باشی بەدواوە دێت، پرۆسەی ڕەخنە دۆزینەوە و شیکردنەوەی دەقە، خستنەڕوو و هوشیارکردنەوە و تێگەیاندنی خوێنەرە لە بارەی کارێکی داهێنەرانەی ئەدەبییەوە، کە نهێنییەکانی کارە ئەدەبییەکە بەدەردەخات، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە پێشخستن و پەرەسەندنی کۆمەڵگادا، دیارە ڕەخنەش وەکو زانستێك و هونەرێك لەگەڵ هزری مرۆڤایەتی نەشونما دەکات، ڕەخنە



دەنگێکە ڕەنگدانەوەی دەنگە داهێنەرەکانە، خودی ڕەخنە شاهیدێکە لەسەر کاری داهێنان، ڕەخنە وەکو هەموو زانیارییەکانی تر بناغەی عەقڵە، ڕەخنەی ئەدەبی پەیوەندییەکی بەهێزی بە زانیاری هەمەڕەنگەوە هەیە، لە سەدەی نۆزدەیەم ڕەخنە بە زانیاری سروشتەوە، پاشان بە مرۆڤ و کۆمەڵگاوە خەریك بوو، لە سەدەی بیستەمەوە بایەخی بە زانستی زمانەوانی دەدات، ڕەخنە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە نووسین و خوێندنەوە جودا نابێتەوە، داهێنانیش پەیوەندی بەهێزی بە ئازادییەوە هەیە، بە نەبوونی ئازادی هزری نوێ تووشی لەناوچوون و بەستەڵەك دەبێت، (نزار قەبانی) دەڵێت: ئازادی بەیرووت هۆکارێك بوو بۆ لە دایکبوونی بەرهەمەکانم، چیم ویستووە نووسیومە و نەدراومەتە دادگا، ناچار نەکراوم ببمە شاعیرێك کە خزمەتی سوڵتانەکان بکەم، چونکە بەیرووت بەرگەگرییەکی پێ بەخشیم کە لە هێزی سوڵتانەکان بەهێزتربوو، زۆرجار ڕەخنە شتی وا لە دەقدا دەدۆزێتەوە کە خاوەنەکەی ئاگای لێ نییە و بە بیریشدا نەهاتووە، کاتێك ڕەخنەیەك لە قەسیدەی (گۆڕستانی دەریایی) پۆل ڤالێری گیرابوو، لەم ڕووەوە شاعیری ناوبراو دەڵێت: ئێستا لە خودی خۆم گەیشتم و مانای لایەنێکی قەسیدەکەم بۆ ئاشکرابوو. بۆیە ئەگەر هونەر توانایی بوێ، ئەوا ڕەخنە بلیمەتی دەوێ. پەیوەندی نێوان ڕەخنە و داهێنان وەکو پەیوەندی نێوان هونەر و شۆڕشە، شۆڕشیش بە مانای گۆڕانکاریی و تازەکردنەوە دێت.

## ٢- قەیرانی ڕەخنە

لەنێوان ئەدەب و ڕەخنەدا، پەیوەندییەکی پتەو بەهێز هەیە، چونکی پەیدابوونی ڕەخنە بەندە بە سەرهەڵدانی ئەدەبەوە، کاتێك ئەدەب لە سەردەمێکدا گەشە دەکات، ڕەخنەش وەك تەواوکەری ئەم پەرەسەندنە، گۆڕانکاری و پەرەسەندن بەخۆوە دەبینێت. لەهەمان کاتدا ڕەخنە پەیوەندی تری بە داهێنانەوە هەیە، ئەگەر داهێنان یاخیبوون و سەرکەشی بێت لە شتی جێگیر و باو و یاساوە، ئەوا ڕەخنە بەپێچەوانەوە پابەندبوونە بە یاساو بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە، هەوڵێکە بۆ دەربازکردنی لەو دابونەریتە باوە کە داهێنان تێی کەوتووە. کەواتە ئەزموونی داهێنان دۆزینەوەی جیهانە، ڕەخنەش شیکردنەوەی دەستکەوتەکانە. دیارە داهێنانیش لەلایەن کەسێکەوە بە ئەنجام دەگات کە داهێنەربێت، هەروەها ڕەخنەش کاتێك چێ دەبێت، کە سەرچاوەکەی ڕەخنەگرێکی داهێنەربێت، لەهەمان کاتدا داهێنانی قەڵبیش، ڕەخنەی قەڵبی بەدواوە دێت.

ڕەخنە شان بەشانی پرۆسەی شیعر و بەخشان هەنگاوی باشی بینیوە و ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستنی پرۆسەی شیعریدا گێڕاوە، هەرچەندە بەرهەمێکی زۆریش بڵاودەکرێتەوە، بەڵام وەکو پێویست لای لێ ناکرێتەوە، لێرەدا لەوانەیە بۆ بێ پێزی بەشێکیان بگەڕێتەوە. قەیرانی ڕەخنە لە ڕاستیدا بوونی نییە، بەڵکو قەیرانی ژیانە، لە ئاستە جوداوازەکاندا، بەتایبەتی لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی، پەروەردەیی، ڕۆژنامەگەری و خوێندنەوە... هتد دەبینرێن، بێشك بزووتنەوەی ڕۆشنبیری نوێ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لەم قەیرانەدا بێبەش نییە. جاران چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کەمان هەبوون،



زۆر بە شەوق و زەوقەوە دەخوێندرانەوە و بابەتەکانیشیان لەلایەن ئەدیبان و ڕۆشنبیرانەوە تاوتوێ دەکران، ئەمڕۆ ڕۆژنامە و گۆڤار هێندە زۆرە، هەر مەپرسە چ سەرگەردانییەکە بەشێکیان هەر پڕکردنەوەیە، ڕۆژنامە هەیە تەنیا بابەتی ئەدەبی بۆ سێ چوار ڕۆشنبیر تەرخان کردووە. وەك ئەوەی کە کورد بە تەنیا هەر ئەو ڕۆشنبیرانەی هەبێت، ئەمە کارەساتە، ئەمەیە قەیران، نەك قەیرانی ڕەخنە.

جا لێرەدا بۆشاییەك لەنێوان ڕەخنە لەلایەك و کاری ئەدەبی لەلایەکی تر بوونی هەیە، هەروەها ئەم کەلێنە لەنێوان ڕەخنە و خوێنەریش بەدی دەکرێت، دیارە ڕەخنە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە لەگەڵ خەڵکدا دواندن دەکات، نەمانی گفتوگۆ لەنێوان ڕۆشنبیر و بزووتنەوەی شەقام، لەنێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات، بەتەنیا ڕۆژنامەگەری لەم قەیرانە بەشداری ناکات، بەڵکو ئێزگە و تەلەفزیۆنیش بەشدارن و ڕۆڵی خراپیان هەنە، قەیرانەکە بەمانای قووڵی خودی ژیان دەگرێتەوە، کە نوێبوونەوە و گەشەکردن و لەدایکبوونی بەردەوامە، ونبوونی قەیرانیش لە حاڵەتی مردندا ڕوودەدات، دیارە قەیرانی ژیان لە بواری هزر و زانست و هەستەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، ڕەخنەش شێوەیەکە لە شێوەکانی هزر و زانیاری هەستەکان لەم سنوورەدا. بەڵێ قەیرانی ڕەخنە هەیە، بەڵام ئەزمەی تر لە ئەدەبدا، لە فەلسەفە، لە زانستی کۆمەڵناسی، لە فکری سیاسیدا بەدی دەکرێن، ئەم قەیرانانەش لە هەموو جیهاندا بوونی هەیە، تەنانەت ڕەخنەی ئەورووپیش بەرەنگاری دیوارێکی داخراو بووەتەوە، هۆکارێکی تری ئەم قەیرانە، بۆ سەرهەڵدانی شەپۆلی بونیادگەرایی و زمانەوانی دەگەڕێتەوە، دیارە ئەم شەپۆڵانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕەخنە لە ژیاندا ڕابکات، چونکە ئەم شەپۆڵانە شارستانێتی ئەورووپین و بەهەڵە وەردەگیرێن و وەکو خۆی ناگوازرێتەوە، کاتێك جێبەجێش

دەكرێن بە زانستێكی تر خەریك دەبێ نەك ڕەخنەی ئەدەبی، چونكە كۆڵەگەی سەرەكی ڕەخنە خوێنەرە، ڕەخنە بۆ خوێنەر دەنووسرێت، شتە نادیارەكانی بۆ ڕوون دەكاتەوە، بەڵام بەهۆی شەپۆڵی بونیادگەریی دابڕان لەگەڵ خوێنەر دروست دەبێت، بۆیە ئەوەی دەنووسرێت ناكرێت پێی بوترێت نووسین، جا چۆن دەكرێت پێی بوترێت ڕەخنە.

لەبارەی ڕەخنەی ئەكادیمی زانكۆییەوە، ڕەخنەیەكە لە چوارچێوەی زانكۆدا قەتیس ماوە، جۆرێكە كە كەس نایانبینێت و وەكو ڕەخنەیەكی وشك پشت بەگواستنەوە دەبەستێت زیاتر بۆ بەرزكردنەوە، یاخود وەرگرتنی پلەی زانستی دەنووسرێن، ئەم جۆرە ڕەخنانە كە لە وڵاتی ئێمەدا پەیڕەو دەكرێت، هیچ پەیوەندی بە ڕەخنەی زانكۆیی زانكۆكانی دەرەوە نییە، دوورن لە جەماوەر، تەنیا چەند نوسخەیەكیان لێ چاپ دەكرێن و بەسەر ئەو مامۆستایانە دابەش دەكرێن كە ڕەخنەكەیان نووسیوە، ڕەخنەیەكی ترمان هەیە، كە پێی دەڵێن ڕەخنەی ڕۆژنامەگەری، كە ڕەخنەیەكی سەرپێی و ساكار و سادەیە، زیاتر بۆ پڕوپاگەندە و پیاهەڵدان بەكاردێت، دیارە هەندێك لە نووسەرانیش ئەم جۆرە ڕەخنەیەیان پێخۆشە، چونكە ستایشیان دەكات، لەهەمان كاتدا بەرگەی ڕەخنەی ڕاستگۆ ناگرن، حەز لە ڕەخنەیەك دەكەن كە دەواڵ پێ بەشان و باهۆیان هەڵدات، قەیرانی دەقی باشیش هۆكارێكی تری ئەم قەیرانەیە، لەسەدەی نۆزدەیەم و بیستەمی ئەوروپا بە دەیان نووسەری باڵا سەریان هەڵدا كە بەدوای خۆیدا بەدەیان ڕەخنەگری بەتوانای هێنایە ئاراوە، بەڵام ئەمڕۆ لە سەرەتای سەدەی بیستویەكەمدا دەتوانین بڵێین كێشەكە بە پێچەوانەیە. دەبینین لە هەموو جیهاندا ئەدەب و هونەر لە پاشەكشێدایە، دیارە ئەم دیاردەیە ئێمەشی گرتووەتەوە، ئەدەبێك نییە بەبێ ڕەخنە، چونكە خودی ڕەخنە شێوەیەكی ئەدەبە هەروەك ڕەخنە گرنگە بۆ ئەدیب لەهەمان كاتدا بۆ



خوێنەریشی زۆر بەسوودە، چونكە كەرەسەی ئەدەب ژیانە كەرەسەی ڕەخنەش ئەدەبە، لەڕاستیدا بزووتنەوەی ڕەخنە لە وڵاتی ئێمەدا بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە بەخۆ دەبینێت، لەهەندێك كات و بارودۆخدا گەشە دەكات و لەهەندێك ڕۆژگاردا بەرەو كزی دەچێت، هۆكاری دیاریكردنی ئەم دیاردەیە جگە لەو خاڵانەی ئاماژەمان پێكرد، لەوانەیە بۆ ئازادی دەربڕین یاخود ناكۆكی لەنێوان كۆن و نوێدا بگەڕێتەوە. كە بەهرەیەك لەناو ئەدەبەكەمان چەكەرە دەكات و مژدەی داهێنانی پێ بێت، نابێت زۆر بە شان و باهوی هەڵدەین، لەیەك لەلایەكی تر نابێت هێرش و توانج و ڕەخنەی توندی لێ بگیرێت، بەڵكو پێویستە بەشێویەكی زانستی و دوور لە دەمارگیری ناوچەگەری بەرهەمەكە شەنوكەو بكرێت، لەهەمان كاتدا ڕەخنەلێگیراویش دەبێت بە گیانێكی لێبووردەیی و دوور لە هەڵچوون مامەڵە لەگەڵ ڕەخنەكە بكات، دەقی جوان و سەركەوتوو ئەو دەقەیە كە داهێنانی زمانی بەخۆوە گرتبێت، چونكە پەیوەندییەكی پتەو لەنێوان داهێنان و زماندا هەیە، بۆیە ناكرێت ستایشی دەقێك بكرێت كە زمانەكەی كۆك نەبێت، ئاشكرایە دەق بنەمای توێژینەوەی ڕەخنەیە، ژیان و ژینگە و ئەزموون و ڕۆشنبیری خاوەن دەق هۆكاری لاوەكین بۆ ڕەخنەگر، هاریكاری ڕەخنەگر دەكەن و تیشك دەخەنە سەر دەقەكە، بەڵام كاری گرنگی ڕەخنەگر تێڕوانینە بۆ ناوەوەی دەقەكە، هەرچەندە بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیاوە، دیاركردنی وەرگرتن و كاریگەری ئەدەبی تر كارێكی ئاسان نییە، زۆر جار خاوەن دەق هزر و ڕووداوەكان لە ئەدەبیاتی زمانانی تر دەقۆزتەوە وەكو بەرهەمێكی داهێنەر دەیخاتە ڕوو، ئەمەش بەخۆی قەیرانێكی تری ڕەخنەیە.

# بەشی یەکەم

## ١- میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

بیرۆکەی میتۆدی کۆمەڵایەتی یاخود ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کە **پێربار بێریس** ناوی دەنێت ئەو تیۆرەی کە ئەدەب بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت، نووسەریش بەرهەمەکەی بۆ خودی خۆی داناهێنێت، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمی دێنێت، لە فەلسەفەی مادی **مارکسیدا** هەموو کۆمەڵگایەك دوو بونیاد بەخۆوە دەگرێت، **ژێرخانی** کۆمەڵ کە بەرهەمی ئابووری دەگرێتەوە، **سەرخانی** کۆمەڵیش وەکو بواری ڕۆشنبیری و هزری و سیاسی کە ڕەنگدانەوەی ژێرخانێتی، هەر گۆڕانێك لە هێزی بەرهەمهێنان ڕوودات، کاریگەری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی هزرەوە دەبێت، ڕاستە دواندنی ئەدەبی و هونەری بە گوێرەی تیۆری **مارکسی** سەر بە **سەرخانی** کۆمەڵگایە و ڕەنگدانەوەی **ژێرخانێتی**، گرنگی نووسەر لە سنووری وێنەگرتنی واقع ناوەستێت، بەڵکو بەرەو بونیادی ژێرەوە دەچێت و پێکهاتەکەی دەدۆزێتەوە، بە تێڕوانینێکی واقعی یاساکانی بزووتنەوەی کۆمەڵگا و ناکۆکییەکانی دەخوێنێتەوە، بە هیوای لەدایکبوونی ئایندەیەکی چاوەڕوانکراودا، جا لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئایا ئەدەب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە یاخود دیاردەیەکی زمانەوانی و جوانی و دەروونی و ڕۆشنبیرییە، ئایا دەکرێت جیاکردنەوەیەکی بڕندە لەنێوان فەلسەفەی ئایدیالی و واقعی دەستنیشان بکەین، یاخود پەیوەندییەکان لەنێوانیاندا پەیوەندییەکی





**مارکس**

وتووێژکارییە؟ چۆن کۆمەڵگا کار دەکات، ئایا شوێنی مرۆڤ لە چوارچێوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا چ ڕۆڵێك دەبینێت؟ ئایا ئەوەی **مارکس** و **مۆنتسکیۆ** لەبارەی مێژوو وتوویانە هەموو شتێکە، کە دەبێت بوترێت، پرسیارێکی گرانە لەسەر نووسەر کە وەڵامی بداتەوە، بەڵام هەوڵ دەدات بەریەککەوتنی نیشانەکانی مێژوویی لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی فراوان بخاتەڕوو، بەپێی پێناسەکەی **پێربار بێریس** هەموو خوێندنەوەیەك داهێنان و توێژینەوەیە، بەشداری لە دەوڵەمەندکردن و پێشکەوتنی دیاردەی

کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەکات، تێڕوانینیش وەکو نووسین و داهێنانە، بە ڕێگایەکی ناجێگیر بەشداری لە پێکهێنان و گێڕانەوەی هوشیاری واقعی دەکات، بەم جۆرە خوێندنەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەیەکە لە ڕێگای دەقەکانەوە پێك نایەت، بەڵکو بە هەوڵ و توێژینەوە و زمانی نوێ و گیروگرفتی نوێ و پرسیاری نوێوە چێ دەبێت، بۆیە خوێندنەوەی ڕەخنەیی کۆمەڵایەتی مانای گەیشتن بە کۆتایی ناگەیەنێت، دیارترین خەوشەکانی کە خاوەنی ئەم میتۆدە پێی لەسەر دادەگرێت ئەوەیە کە ئەدەب بە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری نووسەرەکە دادەنێت، زۆر کاری ئەدەبی باڵا میانەی کۆمەڵایەتی تێپەڕاندووە، هەرچەندە خستنەڕووە کۆمەڵایەتییەکان بەرەنگاری شەپۆلی دوورەپەرێزی و ئەدەبی تەلار بەرز دەبنەوە، ڕای دەگەیەنن کە ئەدەب و ئەدیب پەیامێکیان هەیە، کە دەبێت جیبەجێی بکەن، ئەوەش وامان لێ ناکات کە درك بە لایەنی جوانی لە ئەدەب نەکەین.

کاری بنچینەیی لە ئەدەبدا، شیعر بێت یاخود ڕۆمان، خۆشی و چێژ گەیاندنە، خۆشییەك نەك بە ڕێگای خۆڕایی، جا پەیامی ئەدەبی و هونەری، ئامانجی مرۆڤایەتی و ڕەوشتییە مانای وایە بەهای جوانی ئەدەب ڕەت ناکاتەوە، بەڵام ڕەگەزی جوانی بە مۆرکراوێکی ڕەها و ئایدیالی دانانێت، بەڵکو ڕێکخستن و گونجان و داڕشتنی ڕەگەزەکانی کەرەستەییە، بە جۆرێك خزمەتی ئامانج دەکات، میتۆدی کۆمەڵایەتی لە ڕەخنەدا کۆمەڵە چەمك و زاراوەیەکی ڕەخنەیی گرنگی وەکو هونەر بۆ کۆمەڵگە، پەیامی ئەدەب پەیامی هونەرە، ئەدەبی مولتەزیم، ئەدەبی شۆڕشگێڕی، واقعی ڕەخنەگرانە و واقعی ئیشتراکی پێ گەیاندوون، کە هەمووی ئاماژە



بە پەیامی ئەدەب و ئەدیب دەکەن، ئامانجیان لەم بانگەوازە بەتەنیا چالاکی تاك نییە، بەڵکو ڕۆڵی گرنگی لە پێشخستن و پەرەپێدانی کۆمەڵگادا هەیە، سەرپێچی ئەدەبی شاراوەیی وەکو وجودی و سریالی دەکات، کە وێنەی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی نامۆ و دوورەپەرێز و ونبوو لە جیهاندا دەکێشێت، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە تەنیا فێری خوێندنەوەی دەقەکانمان ناکات، بەڵکو چاومان بە خوێندنەوەی ژیانمان و پەیوەندییەکانمان لە جیهاندا دەکاتەوە، جا لێرەدا میتۆدی کۆمەڵایەتی فێری زۆر شتمان دەکات و سوودی زۆرمان پێ دەگەیەنێت بەتەنیا هەر مانا لە دەقدا بوونی نییە، بەڵکو شوێنێکی بۆ خوێنەریشی تێدایە، کە لە ڕوانگەیدا خودی کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو، کە پارێزگاری لەناوچوونی دەق دەکات، لە ڕاستیدا کەس ناتوانێت ڕەتی ئەوە بکاتەوە کە مارکسییەت چ خزمەتێکی پێشکەش بە تیۆری ئەدەبی جیهانی کردووە، کە ئەدەبی بە کۆمەڵگاوە گرێداوە و پەیوەندەییە کۆمەڵایەتییەکان و بونیادی چینایەتی و پێکهاتەی ئایدیۆلۆجی دەرخستووە.

لێرەدا دەبینین کە ڕەخنەگەرانی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە باری چینایەتی ئەدیب هەڵگری بیری چینەکەیەتی و دەربڕی خواست و هەڵوێستی نووسەرەکەیە. هەندێ لە لێکۆڵەرانی میتۆدی ڕەخنەیی ئاماژە بەوە دەکەن کە بیرۆکەی ڕاڤەی ئەدەب و ڕووداوی ئەدەبی لە ڕێگای کۆمەڵگاکانەوە وەبەرهەم دێت و لەناو دەچێت، نیشانەکانی یەکەمی میتۆدی کۆمەڵایەتی لە توێژینەوەی ئەدەب و ڕەخنەدا وەکو بەرنامەیەك دەستی پێکرد لەکاتی دەرچوونی کتێبی **مەدام دی ستایل** بە ناوی (**ئەدەب پەیوەندی بە پێڕەوی**



**مەدام دی ستایل**



**کۆمەڵایەتییەوە**) کە لە ساڵی ١٨٠٠ بڵاوی کردەوە و دەڵێت: ئەدەب گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات، شتێکی گرانە میتۆدی کۆمەڵایەتی لەبەر نووسینێك یان دووان ڕەت بکرێتەوە، چونکە بەرهەمی پێشکەوتنی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕییە، ئەوەی بە تیۆری کۆمەڵایەتی بەخشی، ڕەهەندی میتۆدی و قووڵی بیری بیرمەند **کارل مارکس** بوو، کە لەسەر دەستی تیۆرەکە کامڵ بوو، تێڕوانینی فەلسەفی بۆ ئەدەب و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەبوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەشداری هەندێك لە بیرمەندانی وەکو **هیگڵ** و هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی وەکو **ئۆگست کۆنت** و **دورکهایم** و هەروەها **جۆن ستیوارت** و **بلیخانۆڤ** و **لوکاتش** و **لۆسیان گۆڵدمان** پشتگوێ بخرێن، **مارکسییەت** کە تیۆرێکی ئابووری سیاسییە، کە **کارل مارکس** بە هاوبەشی **فریدریك ئینگلس** لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم دایانناوە، ئەم دوو بیرمەندانە بیروڕای گشتییان لە بارەی ئەدەب و هونەرەوە هەیە و کە تیۆرەکەیانی لەسەر بونیادنراوە، بە کورتی ئەدەب بەگوێرەی تێڕوانینیان سەر بە هێزی ئابووری و ئایدۆلۆژییە و هیچ بەهایەکی هونەری بنەڕەتی یاخود سەربەخۆیی نییە، ئەمە بە تەنیا تێڕوانینی مارکسییەت نییە، کە بڕیار لەسەر ڕەوتی کۆمەڵایەتی لە ڕەخنە دەدات، بەڵکو شەپۆلی ترە کە زیاتر ئازادە لە پابەندبوون بە ئایدۆلۆژی و دەمارگیری بۆ ڕاڤەی ئابووری ڕۆشنبیری، شەپۆلی مامناوەندیش دان بە گرنگی پاراستنی بەهای هونەری و جوانی دەدات، دیارترین بیردۆزی ئەم میانەش **لیون ترۆتسکییە** کە لە خستنەڕووەکانی زۆر کراوەیە، داوای کرد کە مارکسییەت کۆت و پێوەند نەخەنە سەر هونەر، چونکە هونەرمەند دەربڕی کەسایەتی

خۆیەتی، بەمەرجێك ڕێزی بزووتنەوەی مێژوو بگرێت و باوەڕی بە پێشکەوتنی مسۆگەربێت، لەڕاستیدا خاوەنی ڕەوتی نوێ بە ڕووی بیرۆکەی ڕەنگدانەوەی چاولێکەری باو دەوەستن، کە ئەدەب بە ئامێرێکی گێڕانەوەی دیاردەکانی ژیانی جیاواز دەزانێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەدەب بەرهەمی تێڕوانینی ئایدۆلۆژی خاوەنەکەیەتی، کە باری بابەتی و پەیوەندییەکانی ژیان چێ دەکات، پاش **ترۆتسکی، جۆرج لۆکاش** هەوڵی دا باسی گشتی مرۆڤ بکات، بەو پێیەی ئاسۆی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی وەردەگرێت و بێ ئەوەی ڕەهەندی ناوەکی خودیش فەرامۆش بکات.




جا لێرەدا دەتوانین بپرسین ئەدەب چییە؟ ئایا دیاردەیەکی سروشتییە وەکو **تین** قسەی لەسەر کردووە، یاخود لەسەر بنەمای دیاردەی کۆمەڵایەتی مێژوویی، لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی



تاکی و کۆمەڵایەتی لە لایەك و پەیوەندییەکانی جوانناسی لەلایەکی ترەوە کۆڵینەوەی لە بارەوە دەکەین، ئایا ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر لەنێو ئەم توێژینەوەدایە، یاخود بە لۆژیکی (منطق) کۆمەڵزانییانە چوارچێوەی دیاردە ئەدەبییەکە دەکێشێت و ڕەوتەکە بەدەر دەخات، ئایا بە چ جۆرێك دەتوانین لێکۆڵینەوەی ئەدەب بە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵزانی بزانین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێین ئەدەب بێ شك هونەری دەربڕینە، ئەزموونی مرۆڤایەتییە، بەگوێرەی مەرجی ئەدەبی دیارکراو، مەبەستمان لە مەرجی ئەدەبی بە مانای چییێتی پاش سروشت (میتافیزیقی) نایەت، بەڵکو مەبەستمان ئەو مەرجانەیە کە بەرهەمی ئەدەبی ملکەچی دەبێت لە قۆناغێکی مێژوویی دیارکراودا، ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە سەر بەو مەرجانە نین، بە هونەر دانانرێن، بەرهەمەکە نابێت بە هونەر ئەگەر مەرجدار نەبێت، بە مەرجی جوانی و مێژوویی تەرخانکراو، لەسەر ئەم بنچینەیە پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەین، کە هەموو مەرجی ئەدەبی بە قۆناغی مێژوویی و ڕۆشنبیری پەیوەنداربێت.

لەسەر ئەم بنەمایە لێکۆڵەر و ڕەخنەگر دەتوانن هەر بەرهەمێك کە ملکەچی مەرجی ئەدەبی نەبێت، دووری بخەنەوە، چونکە بە مێژووی ئەدەبی بە جۆرێك لە جۆرەکان گرێدراو نییە، ئەمەش مانای وایە کە بەرهەم هەیە ناچێتە ناو چوارچێوەی ئەدەب و مێژووی ئەدەبەوە، چونکە بە پێوانە و بنەمای هونەری باو پەیوەست نین، لەبەر ئەمەیە جەخت لەسەر مەرجی وەرگرتنی کاری ئەدەبی دەکەین، دیارە ئەم مەرجانەش بە مێژووی هزر و ڕۆشنبیری گشتی و ئەدەبی تایبەتییەوە پەیوەندیدارن، بەپێی ئەم چەمکە، تیۆری ئەدەب

له هەندێ لایەنەوە بۆچوونی زانستی کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەگرێت، بۆیە ناکرێت لە ئەدەب بگەین تەنیا بە هۆی مانای جوانی و مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە نەبێت، زانستی کۆمەڵایەتی مەیدانێکی جێگیر نییە، بەڵکو مەیدانێکی پێشکەوتووە، **لۆکاش** لە پێشەکی ڕۆمانەکانی **بەلزاکدا**، **گۆڵدمان** لە کتێبی لەپێناو **سۆسیۆلۆجیای ڕۆماندا**، **گۆڵدمان** و **لۆکاش** ڕێککەوتوون کە ڕۆمان بەرەو توێژینەوەی سۆسیۆلۆجی (کۆمەڵزانی) بەرن، تاکو ئێستاش **لنهاردت** و **کاستیلا** چارەکردنی فۆرمی ڕۆمان بە جۆرێک دەکەن، وای بۆ دەچن کە ڕۆمان بە مێژووی بۆرجوازی ئەورووپییەوە پەیوەستە، ژیانی ئەم چینەش لە کۆمەڵگای پیشەسازی نوێدا. بە پێشکەوتنی بەهای ئابوورییەوە پەیوەندیدارە.


ڕینێ ویلیک

جا لەپێناو دیارکردنی شوێنی جوانناسی لە بواری کۆمەڵزانیدا تاکو لە هەڵەکانی توێژینەوەی پێشوو دوور بکەوینەوە، کە پشتی بە شیکردنەوەی ناوەکی بەرهەم دەبەست و بە هەندێ ڕووداوی کۆمەڵایەتییەوە گرێ



دەدا، بەڵام ڕەوتی نوێ سەیری جیهانی خەیاڵی تاکی داهێنەر و وێنە و مانا و مەرجی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی و پەیوەندی ئەم مەرجانەش بە باری کۆمەڵایەتی باوەوە دەکات، بەم شێوەیە کۆمەڵزانی لەلای هەندێک لە نوێخوازەکان هەموو لایەکی ڕەگەزەکانی کاری ئەدەبی بەخۆوە دەگرێت، قسەکردن لەسەر سۆسیۆلۆجیای ئەدەب ئاستێکە لەناو ئاستەکانی ڕەخنەی هاوچەرخدا، ئەمەش مانای ئەو ناگەیەنێت کە ئاستێکی باوە لە تیۆری هاوچەرخی ئەدەبدا، چونکە ئەو پۆلینانەی کە **ڕینێ ویلیک** لە توێژینەوەی ئاستەکانی ڕەخنەی هاوچەرخدا بە ئەنجامی گەیاندوون، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی (زانستی کۆمەڵایەتی) ئەدەب هیچ شوێنێکی لەم پۆلینەدا نییە، **ڕینێ ویلیک** ئاماژەیەکی خێرا


فزانز میهرنگ

و سەرپێیی بە ڕەخنەی مارکسی دەکات و بە چەمکێکی بێ کەڵکی دادەنێت، کە لەگەڵ کێشەکانی جووڵاو ناگونجێت کە دیاردەکانی ئەدەبی نوێ دەیخاتەڕوو، پاشان دەڵێت: توێژینەوەی **جۆرج لۆکاش** بۆ ڕۆمانی مێژوویی دەگمەن و بەسوودە، بەڵام بایەخی بە بەهای ئەدەبی نەداوە.

لەڕاستیدا ئەم ڕایە لە ستەمکارانە بەتاڵ نییە، چونکە تێڕوانینی **لۆکاش** بۆ ڕۆمانی مێژوویی بەشێوەیەکی دیاریکراو بایەخی بە بەهای ئەدەبی داوە، ئاوڕی لە فۆرمی هونەری داوەتەوە، جەختی لەسەر ژمارەیەك کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی **بلزاکدا** کردووە، **ڕینێ ویلیك** کاریگەری مارکسیەتی نوێی لە توێژینەوەی ئەدەبی لە شەستەکاندا پشتگوێ خستووە، کێ بیرواکانی **ئەفلاتوون** و **ئەرستۆ** و **تۆمای ئەکوینی** و **مەدام دی ستایل** و **مارکس** ڕەت دەکاتەوە کە باس لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی بابەتی دیاریکراو دەکەن، هەروەها بیروڕای **جان جینۆ** ئەدەبی بە چالاکی کۆمەڵایەتی دادەنێت و دەڵێت، نووسەری دوورەپەرێز هەردەم هونەری نزم دادەهێنێت، بەرەو سەدەی بیستەم بچین دەبینین بابەتی پەیوەندی لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگا لەلایەن لێکۆڵەرانەوە گرنگی پێدەدرێت، کارەکانی **فزانز میهرنگ** لە ئەڵمانیا و **جۆرج بلیخانۆف** لە ڕووسیا، هەردووکیان دان بە سەربەخۆیی ئەدەب لە کۆمەڵگا سەربەخۆییەکی ڕێژەیی دادەنێن، باوەڕیان وایە کە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی مارکسی بابەتی و زانستییە، چونکە پشت بە هۆکاری کۆمەڵایەتی دیاری نووسەر و بابەتە ئەدەبییەکەی دەبەستێت، بۆچوونی مارکسییەت بۆ ئەدەب و هونەر لە دەرەوەی ڕووسیا لە بیستەکاندا بڵاوبووەوە، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر توێژەر و بیرمەندانەوە پێشوازی لێکرا، بۆ نموونە: **گرانفل مکس** لە ئەمریکا توانی ڕاڤەیەکی زانستی لە بۆ سروشتی پەیوەندی نێوان هەندێ لە چینەکانی کۆمەڵایەتی و ژمارەیەکی دیاریکراو لە



نووسەرانی ئەمریکا لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا پێشکەش بکات، لە ئینگلتەرا **کریستۆفەر کۆریل** ڕووی کارەکانی بەرەو ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنبیری شارستانی تاك و ئازادی بۆرجوازی کردەوە، بە ڕێگای کۆکردنەوە لەنێوان شیکردنەوەی کۆمەڵزانی و دەروونی و زانستی مرۆڤەوە، برسلون ١٩٤١ لێکۆڵینەوەیەکی چێکرد لەسەر دیاریکردنی جۆرەکانی کەسایەتییەکان لەو چیرۆکانەی کە لە گۆڤارەکانی ئەمریکیدا بڵاو دەکرێنەوە، مەبەستی لەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندی بوو لەنێوان زۆرینەی سپیی پرۆتستانت و کەمینەی پێکهاتوو لە ڕەشی ئەمریکی و یۆگسلافی و مەکسیکیدا، ئەلبرێخت توێژینەوەیەکی لە جۆری بەهای باوی خێزان کرد و لەو گۆڤارانە کە خوێنەری زۆریان هەنە، بۆیە دەڵێت ئەدەب ڕەنگدانەوەی بەهای ڕۆشنبیرییە بە شێوەیەکی گشتی و بەهای خێزانیشە بە شێوەیەکی تایبەتی.

**هێرمان** لێکۆڵینەوەی لەو چیرۆکانە کرد کە لە گۆڤارەکانی ژێردەستی بنەچەیی ئەمریکادا بڵاوکرانەوە، بە مەبەستی ناساندنی جۆری ئەو خێزانانەیە کە لە ژێردەستیدا دەژین، بە تایبەتی بایەخی دا بەشێوەی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد.

## ٢- میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی

پێشکەوتنی زانیاری تاقیکارێتی لەسەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپادا، سەرەنجامی زانستی ڕوونی هەبوو، کە درێژبووەوە و کاری کردە سەر واقیعی کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، ڕەخنەی ئەدەبیش لەکاریگەری بووژاندنەوەی زانستی بێبەش نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی دا میتۆدی زانستی وەدەست بهێنێت و سوودی لێوەربگرێت بۆ پەرەپێدانی میتۆدەکانی توێژینەوەی ڕەخنەیی، لێرەدا سێ لە زانا و شارەزایانی میتۆدی مێژوویی لە ڕەخنەی نوێدا: **فردیناند برونتێر** و **سانت بوف** و **هیبۆلیت تین** بەرچاو دەکەون کە بە پێشڕەوانی میتۆدی ڕەخنەیی مێژوویی ناسراون لە



چەرخی نوێدا، میتۆدی ڕەخنەیی مێژوویی بە یەکەم ڕێبازی ڕەخنەیی دەژمێردرێت، کە بە هزری مرۆڤایەتی پەیوەست بووە میتۆدی مێژوویی لەناو ڕێبازی ڕۆمانتێکی بەدەرکەوت، ڕۆمانسییەت بوو کە هۆشیاری مرۆڤی بە ڕۆژگار و بۆچوونی مێژووەوە ئاشکراکرد، ڕوونی



بیرۆکەی بەدوای یەکدا هاتن و پێشکەوتن و پەرەسەندن و زاڵبوون بەسەر بیرۆکەی خولانەوەی ڕۆژگاریی و جووڵانەوەی شکستهێنانی ڕۆژگار و مێژوو کە ڕابردوو بە چەرخی زێڕین و ئێستا و داهاتووش بە فەناو لەناوچوون سەیر دەکات. ئەم بیرۆکەش بیرۆکەی تێڕوانینی کلاسیکییە کە ئەدەب و داهێنان بەلاساییکردنەوەی پێشوونان دەزانێت و ئەدەبەکەشیان بە نموونەی باڵای بواری پێشکەوتنی مێژوویی دادەنێت، دوو ڕەخنەگری ئینگلیزی گرنگ لە میانەی مێژووییدا هەن، ئەوانیش: **بن جۆنسۆن** و **دریدن** بوون، یەکەمیان تێبینییە ڕەخنەییە گرنگەکانی لە کتێبی **دۆزراوەکان** تۆمار کرد، کە دەرکی بە ڕەخنە و فراوانی ئاسۆ و کارامەیی کرد، لە بەراوردکردنی لەنێوان گۆڕینی ڕێگاکان و دابی هونەری و جیاوازی لە چەرخێك بۆ چەرخێکی تر، ئەمەش وای کرد کە **دیفید دیتش** بە یەکەم ڕەخنەگری پراکتیکی گەورە لە ئەدەبی ئینگلیزی بناسرێت. کە چاوگ لە مێژوو



فردیناند برۆنتێر

وەردەگرێت، تاکو بتوانێت ڕاڤە و چۆنییەتی ڕۆڵی بلیمەت، هەندێك جار لە گەیشتن بە پێوانەیەك کە چێژی نوێ پێویستیەتی، بخاتە ڕوو، میتۆدی مێژوویی پاڵ پێوەنەرێکی بەهێزی لەسەر دەستی سێ پێشەوا پێ گەیشت کە سوودیان لە گەشەسەندنی زانستی

تاقیکارێتی وەرگرت، وەکو تیوری چارلز داروین لە پەرەسەندن و پێشکەوتندا.
ڕەخنەگر و بیرمەندی فەرەنسی **فردیناند برونتیر ١٨٤٩-١٩٠٦** یەکەم کەس بوو پاش سپنسەر تیورەکەی لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی جێبەجێ کرد، پاشان تیورەکەی لە بواری هونەری و ئەدەبیش بەجێ گەیاند، بۆی دەرکەوت کە پێشکەوتن لە میانی دیاردەکانی ئەدەبی بەزۆری دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی شێوازی نوێ، برۆنتیر ژمارەیەك بەرگی لەژێر ناونیشانی **پێشکەوتنی جۆرەکانی ئەدەب** نووسی، لەهەر بەرگێکدا لە هونەرێك لە هونەرەکانی ئەدەبی، وەکو دراما، هونەری گێڕانەوە، هونەری دواندن تۆژینەوە، بەدواداچوون و چۆنییەتی پەرەسەندن و پێگەیشتن و پێگەییوی هونەری



دەخستە ڕوو، جەختی لەسەر ڕاڤەی تیوری پێشکەوتنی دواندنی ئامۆژگاری ئاینی کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بڵاوبووەوە، هەنگاوی بەرە و شیعری لیریکی ناسراو بە شیعری ڕۆمانتیکی نا. برۆنتێر تێبینی کرد کە بابەتەکانی دواندنی ئاینی لە بارەی گەورەیی مرۆڤ و بێ بەهایی و لەناوچوونی



ژیان و هەستکردن بە نەمانی بەڕێوە دەچێت، بەرامبەر بەمەش باوەڕبوون بە ئارامی و ئۆقرەیی سروشت، ئەم بابەتانەش شاعیری ڕۆمانسی باسی لێوە دەکات، بەڵام **سانت بوف و هیبۆلیت تین** بەرنامەیەکی ڕەخنەییان جێهێشت کە سوودی لە تیۆری زیندەوەرانی وەرگرت، بۆ یەکەم جار لێکۆڵینەوە لەسەر ژمارەیەك ئەدیبانی سەردەمەکە کران، پۆلێنیان کردن بۆ توخم و شێوەکان تاکو بگەنە تێگەیشتنی ئەنجامێك و هەوڵی ڕاڤەکردنی بدەن، کە کەسایەتی ئەدیب و بەرهەمەکەیان پەیوەست کرد، بینییان کە کەسایەتی ئەدیبەکە کلیلی زەق و تێگەیشتنی بەرهەمەکەیە.

بەمجۆرە میتۆدی ڕەخنەیی لەسەر بنەمای ژیانی تایبەتی نووسەرەکە پێناسە و پەیوەست بە ڕەگەز و نیشتمان و ڕۆشنبیری و چارچێوەی خێزانییەوە دەکرێت، سانت بوف لێکۆڵینەوەی کەسایەتییە ئەدەبییەکانی لەڕێی دیاردەکانی مادی و هۆشی و ڕەوشتی لە کتێبی **ڤیکتۆر هۆگۆ**دا بە ئەنجام گەیاند. بوف باوەڕی بە پەیوەندی نێوان ئەدیب و ئەدەبەکەی هەبوو،



ڤیکۆر هۆگر



هیپۆلیت تین

توێژینەوەی لە کەسایەتی ئەدیبانی هاوچەرخی کرد، لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە. ئەدیبەکانی بەسەر چین و بەش و جۆرەکان دابەش کرد، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەدەب شتێك نییە، تەنیا بەرهەمی کەسێتییە، چونکە وێنەیەکی ڕەوشتی دەروونی و ئەدەبی نووسەرەکە دەکێشێت، زیاتر لەوەی کە توێژینەوەی بە نرخ لەسەر ئەدەبەکە پێشکەش بکات.

بەڵام هیبۆلیت تین (١٨٢٨-١٨٩٣) لە تێڕوانینی گشتی لەگەڵ سانت بوفدا هاوکۆك بوو، دەڵێت: مرۆڤ بە ڕێگایەکی سروشتی ئەدەب و شیعر و فەلسەفە بەرهەم دێنێت، تەواو لە کرمی ئاوریشم دەچێت، بەمجۆرە هەوڵی دا بۆ دامەزراندنی زانستی دۆخی ئەدەب تین باوەڕی وایە کە نووسەر لەناو چارچێوەی ڕێکخراوی یاسایی سروشتی دەژی، بۆیە دەبێت ملکەچی بێت و لەمیانەی زانیارییەکی و مێژووییدا، بەرهەم و داهێنان چێ دەکات، تین ڕەخنەگرێکی فەڕەنسی گەورەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم ژیاوە، ئەدیبی بە سێ هۆکاری بنچینەیی پەیوەست کردووە، ئەویش ژینگە و ڕەگەز و چەرخ و دەوروبەرە، تیوری تین بە وەرگێڕانێکی مامناوەندی تیوری نوێ دادەنرێت لە پەیوەندیکردنی ئەدەب بە ژیانەوە، کە هۆکاری ڕۆژگار و شوێن کاریگەری لە داڕشتنی ئەدەب دەکەن، مەبەستیش لە ڕەگەز، بنەماڵەیە کە کۆمەڵە سیمایەك بە میرات لە نەتەوەکەی بۆ ئەدەب بەجێ دەهێڵێت، وەکو ئەدەبی کوردی، یاخود ئەڵمانی بێت. دیارە ژینگەش مانای شوێنە کە کۆمەڵە سیمایەك یاخود تایبەتمەندی جوگرافی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەڵام چەرخ، کە مەبەست ڕۆژگارە ئەو ڕووداوانەن کە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی، یان باری سیاسی، یاخود شەڕ و جەنگ، یان هۆکاری ڕۆشنبیری و ئاینی تێدا ڕوو دەدەن



و کار دەکەنە سەر هۆش و ویژدانی نووسەر گرنگترین ڕەخنە کە ڕووبەڕووی ئەم تێڕوانینە دەبێتەوە، ئەوەیە کە دان بە ڕۆڵی تاك نانێت، بەڵکو گشتگیری بۆچوونێکی جێگیرە کە ڕۆژگار و شوێن و ڕەگەز گرنگی خۆیان هەیە، ڕۆڵ دەبینن لە جۆر و ئاستی داهێناندا، تین درکی بەم بیرۆکەیە کرد و ئاماژەی بە بلیمەتی شکسپیر کرد، کە دەوروبەر لەهەمان کاتدا توانای تاکیش ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە دیارکردنی نووسەری بەتوانا.

توێژەرەوەکان باوەڕیان وایە کە هیچ یاسایەك بلیمەتی سنووردار ناکات، هەردەم بار و ڕۆژگار تێدەپەڕێنێت، میتۆدی مێژوویی لایەنگر و ڕەتکەرەوەی هەیە، ئەوانەی لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی کار دەکەن، بە بەرنامەیەکی تۆکمەی دادەنێن و بەلایانەوە کە هەمووشتێ دەبێت سەر بە پشکنین و تێڕوانین بێت، بەڵام ئەوانەی ئەم ڕەوتە ڕەت دەکەنەوە، بەلایانەوە دواندنی ئەدەبی شتێك نییە، تەنیا بونیادێکی زمانەوانییە و پەیوەندییەکانی شێوەکاری و جوانێتی و تێڕوانینی خوازەییە و نابێت نزیك بکرێتەوە لە میانەی دەرەکیدا، یاخود دوور لە کاریگەری جوانی و هونەریدا هەڵبسەنگێندرێت، بەڵکو دەبێت جەخت لە ناوەوەی بکرێت بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی جوانی و هونەری، بەڵام بەشی سێیەم بەلایانەوە میتۆدی مێژوویی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە تێگەیشتنی دیاردەکانی ئەدەبی و ڕاڤەکردندا، جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە میتۆدی مێژوویی لە چوارچێوەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردندا گەمارۆدراوە، لەهەمان کاتدا ناتوانێت هۆکارێك بێت بۆ هەڵسەنگاندنی دیاردەکانی ئەدەبی یاخود لە ڕووی جوانییەوە بڕیاری لەسەر بدات، لە خەوشەکانی میتۆدی مێژوویی توانای ڕاڤەکردنی بلیمەتی وێژەیی نییە، سەرەڕای ئەوەی کە مامەڵە لەگەڵ دەق، وەکو بەڵگەنامەیەکی پلە دوو دەکات، سروشتی داهێنانی هونەری و جوانی بەسەر هەموو خستنەڕووەکانی میتۆدی مێژوویی بازدەدات، هیچ

دەقێك بەسۆزی خاوەنی و ئەمەکی ژینگەوە یەکسان نییە، هەرچەندە کاری داهێنانی بەم ڕێگایەوە تێدەپەڕێت و لە کۆتاییدا پێکهاتەیەکی زمانەوانی و جوانناسییە. سۆبۆل پێیوایە، مێژووی ئەدەب بە مانای وەسفکردنی بەرهەمی ئەدەبییە بە پێناسە و ڕاڤەکردنی سەرچاوەکانی، کە پشت بە ئەزموونی نووسەرەکە و ڕۆشنبیری ئەدیبەکە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە بە بنەمای کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەفسانەی باو دەبەستێت، ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەی مێژووی ئەدەبەوە هەیە، ئەوەیە کە ڕەخنەگر یاخود توێژەرەوە لە سووچێکی سەرەوە یان لە چوارچێوەی کات و شوێن سەیری ناکات، بەڵکو لە ئاستێکی تەواو کامڵ لەبەر ڕۆشنایی گیانی سەردەم ڕاڤەی ڕووداوی ئەدەبی دەکات، لێکۆڵینەوەی بابەتی پێویست دەکات کە ڕووداوی ئەدەبە، شیکردنەوەی بۆ بکرێت و لەبەر ڕۆشنایی باری کۆمەڵایەتی و تاکی و پێوانەکانی ئەدەبی بە ڕووداوەکانەوە گەمارۆ دراون، چونکە ڕووداوەکانی ئەدەبی بەرهەمی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕاڤەی دەکەن، هۆکاری ڕاستەقینە بۆ ڕووداوی ڕاستییەکانی مێژووی ئەدەبی، تاکی داهێنەر بزوێنەری مێژووی ئەدەب نییە، چونکە ڕووداوەکانی ئەدەب بە تەنیا بۆ تاکی داهێنەر ناگەڕێتەوە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنە تاك و بار و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسیش بەخۆوە دەگرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ڕۆڵی تاکی داهێنەر و ئەرکی مێژوویی و ڕۆشنبیری کەم بکەینەوە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە ڕوونی بکەینەوە چارچێوەی مێژووی ئەدەب چارچێوەی کۆمەڵایەتی و تاکیشە لەهەمان کاتدا، لە سەر ئەم بناغەیە ڕەخنەگری مێژوویی میتۆدی ڕاڤە و وەسفی دیاردەکانی ئەدەبی دەکات، ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن و چ کاتێك پەیدا بوون، ئەگەر میتۆدی مێژووی ئەدەبی بەپێی بەڵگەنامەی مسۆگەر جێبەجێ نەکرێت، ئەنجامەکەی هەندێك



گریمانەی بێ هێز دەبێت کە توانای بە ئەنجامگەیاندنی نابێت، بەڵام میتۆدی مێژووی ئەدەبی ڕاست پشت بە ڕووداوی مسۆگەر و جێگیر دەبەستێت. ڕووداوی ئەدەبی، ڕووداوی لێکتر جوداواز نییە، بەڵکو ڕووداوەکان پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە، ئەمەش مانای وایە کە مێژووی ئەدەب و ڕاستی مێژوویی جووڵەیەکی گۆڕاوە، چونکە ڕووداوی ئەدەبی ناکرێت لە شوێن پێکەوتنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی جیابکرێتەوە، یاخود دوور لە هەڵوێستی ژیانی ڕۆشنبیری ڕاڤەبکرێت، ڕابردووی ئەدەبی بەشێکی نەپچڕاوە لە ڕابردووی کۆمەڵایەتی و کەلەپووری و ڕۆشنبیرییەوە، هەڵوێستی نووسەر لە مێژووی ئەدەبیدا بە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە، تەواو و کامڵ دەبێت، بۆیە پێویستە توێژەرەوە و ڕەخنەگری مێژوویی لە سنووری وەسفی ڕووداوی ئەدەبیدا ڕانەوەستێت، بەڵکو پێویستە توێژینەوەی ئەم ڕووداوانە لەڕێی بزووتنەوە و گۆڕانەوە بێت وەکو بەشێکی پێکەوەلکاو سەیر بکرێت، مانای وایە کە بەرهەمی ئەدەبی باسی لێوە ناکرێت، ئەگەر سەرچاوەکەی بەچوارچێوەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست نەبێت، بۆیە ناتوانین لە ڕووداوەکانی ئەدەبی بگەین تەنیا لە ڕێگای پەیوەندی بە ڕووداوی ترەوە نەبێت، بەڵام خاوەنی ڕەوتی هەڵوێستی مێژوویی دەڵێن، دەبێت وەسفی بەرهەمی ئەدەبی و ڕاڤەکردنی سەرچاوەکەی لە بارێکی تایبەتیدا بێت، یاخود لەبەر ڕۆشنایی هەڵوێستی دیاریکراو سەیر بکرێت، ئەم هەڵوێستەش بنچینەیەکە پێویستە لێکۆڵەرەوە، یاخود ڕەخنەگری مێژوویی ئاوڕی لێ بداتەوە، کاتێك بە ڕاڤە و وەسفی کاری ئەدەبی هەڵدەستێت، لەهەمان کاتدا دەبێت ئاوڕ لە قۆناغی مێژوویی بداتەوە کە بەرهەمەکەی تێدا لەدایك بووە، بەمجۆرە ڕووداوەکانی ئەدەبی لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیورە جوانناسی جێگیر نییە، بەڵکو لە هێزێکی بزوێنەری مێژوویی دەرچووە کە بنەماکەی ڕاستی ئەدەبییە، ئەم ڕاستەییەش

لە پشت هەڵوێستی هزری و مێژوویی ون دەبێت، ئامانجی مێژوویی ئەدەبی لەبەر ڕۆناکی ئەم تیورە دۆزینەوەی ڕووداوەکانی ئەدەبییەوە و پەیوەستکردنی بنچە مێژووییەکەی بە هەڵوێستی هزری و کۆمەڵایەتییەوە، **سپیلەر** دەڵێت: پێویستە بە تێڕوانینێکی گشتگیری سەیری ڕووداوەکان بکرێت، لە ڕووی باری نووسین و بڵاوکردنەوەیان، بارەکە بەشداری لە شێواز و ئاستی دەکات، نابێت دوورە پەرێز سەیری بکرێت، لەمیانەی مێژووییدا دووربخرێتەوە، هەروەها دەڵێت: لێکۆڵەرەوەی مێژوویی دەبێت دیاردەکە دیاری بکات، دیاریکردنێکی ورد، بۆ دیاریکردنەکەش، کۆمەڵێك گریمانە و پرسیار بخاتەڕوو، بەردەوام دەبێت و دەڵێت: لەسەر ڕەخنەگر پێویستە هەوڵ بدات لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئاینی بەدەربخات، چونکە کاریگەری زۆریان بەسەر بەرهەمی نووسەرەوە هەیە، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن ناوەندی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ **لانسۆن** کتێبێك بەناوی میتۆدی توێژینەوە لە ئەدەبدا دەرکەوت کە هێڵە بنچینەکانی میتۆدی مێژوویی دەربڕیوە، ئەم کتێبە دەرکەوتێکی زانستی بەپێز بوو لە مێژووی میتۆدی ڕەخنەییدا، کە پشت بە کەسایەتی نووسەر لە شیکردنەوە و ڕاڤەی دەقدا دەبەستێت، **لانسۆن** بەدواداچوونی ورد لە ژیان و چەرخ و دانەرەکانی نووسەر دەخاتە ڕوو، پێداچوونەوە بە گەلاڵەی نووسراوەکاندا دەکات.



## ٣- میتۆدی ڕەخنەی دەروونی

ڕێبازی ڕەخنەی دەروونی وەکو ڕێبازی سۆسیۆلۆجی کۆمەڵزانییانە هەوڵ دەدات، کە ئەدەب بخوێنێتەوە، خوێندنەوەیەك کە درێژبێتەوە لەپشتەوەی ڕووی ڕواڵەتییەوە، فرۆید بنەمای گشتی بۆ خوێندنەوەی دەروونی ئەدەب دانا، لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنچینەیەدا تەقەلای کرد، کە ڕاڤەیەکی دیاردەی داهێنانی هونەری بکات، لەڕێگای بیرۆکەی بالابوونی دەروونی لەلای داهێنەر، ئەمەی دوایش لەژێر گوشاری ئارەزووی بێ ئاگاییەوە پاڵی پێوە دەنێت بەرەو بەرهەمهێنان تاکو ئەم حەزە تێر بکات، چالاکی دەروونیش بەڕای فرۆید لەنێوان سێ هێزدا دابەش بووە: منی






بەئاگا، منی باڵا و ئەوی نەستەکی، ناکۆکی لەنێوانیاندا لە ڕەفتاری کەسییەوە بەدەردەکەوێت، واتە ناکۆکییەك کە بەهۆی سێ ئامێرێتییەوە، ئەویش: کپکردن، پێش خواردنەوە و هەڵچوون چێ دەبێت، داهێنەر ئەندێشە و خەونەکانی دیارکراوی بەوێنەیەك لەکاری ئەدەبیدا بۆی وەدەست دێت، هەندێك لەم ئەندێشانە بۆ ئەزموونی منداڵی و گرێیەکانی دەگەڕێنەوە، کە بەشێوەیەکی نیشانەکراو لە خەون و ئەفسانەکاندا دەرکەوتن، لێرەدا دەڵێین ئەدەب بوارێکی بەپێزە بۆ دۆزینەوەی ژیانی کەسی نەستەکی، لەم بارەیەوە دەبینین کە فرۆید پێی دەڵێت گرێی ئۆدیب لە شانۆنامەی سۆفۆکلیس-دا، بیرۆکەی هاملێتیش ڕاڤەیەکە پشت بە خۆشەویستی قەدەغەکراو و قینراو دەبەستێت، هەرچۆنێك بێت بایەخەکانی فرۆید ئەدەبی سنووردارە، بەڵام لەلایەن شاگردەکانییەوە بەشێوەیەکی بەرنامەیی، ڕێکوپێك جێبەجێ کراو لە مەبەست و هۆکاری نەستەکی نووسەریان کۆڵییەوە. لەم بوارەدا ئیرنست جونس ساڵی (١٩١٠) لە ئینگلتەرا توێژینەوەیەکی لەسەر گرێی ئۆدیب کرد، وەکو ڕاڤەیەکی شاراوەی هاملێت لە ئەمریکادا، فردریك کلارك ساڵی (١٩١٦) توێژینەوەیەکی لەبارەی پەیوەندی شیعر بە خەونەکانەوە بە ئەنجام گەیاند، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە ئەم لێکۆڵینەوانە و هی دیکە کە ڕەخنەی ئەدەبی فرۆیدە بەشێوەیەکی گشتی بەرەو چەمك و نیشانەکانی زایەندەگی دەچێت، لە خەوشەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە ئەوەیە کە کاری ئەدەبی بە بەڵگەنامەیەکی زانیاری دادەنێت و بونیادی هونەری بەتەواوی فەرامۆش دەکات، هەندێك لە ڕەخنەگران لەم دواییەدا بەرەو توێژینەوەی کاری



ئەدەبی چوون، توێژینەوەیەکی دەروونناسی لەبەر ڕۆناکی چەمك و بنەما نوێیەکان کە لە تیوری فرۆید و تیوری ڕەخنەی ئەدەبییەوە وەرگیراون، ئەم چەمکانەش بواری لێکۆڵەر دەدات کە لێکۆڵینەوەی جیهانی کار و جیهانی نووسەر پێکەوە بکاتن، کەواتە بەیەکگەیشتن لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی کۆمەڵناسی لەسەر دەستی لۆسیان گۆڵدمان ساغبووەوە، هەروەها گەیشتنە یەکدی لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەروونیدا لەسەر دەستی شارل مۆرۆن هاتەدی، لەهەمان کاتدا لەلای ڕۆشنبیری زانستی و ئەدەبی پێك هات، ساڵی (١٩٤١) توانی توێژینەوەیەك لەسەر شاعیری فەرەنسی مالارمێ بکات، ساڵی (١٩٥٧) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی لەسەر ڕاسینی شاعیر لەژێر ناونیشانی نەست لەکارەکانی ڕاسیندا بڵاوکردەوە، لە ساڵی (١٩٦٢) توێژینەوەیەکی تری بەناوی لە خواستنەوەی قسەی خۆشەوە بۆ ئەفسانەی کەسێتی بڵاوکردەوە، دوا تەقەڵلای لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ و دیاری بەناوی ڕەخنەی دەروونی بۆ هونەری کۆمیدی ساڵی (١٩٦٤) بەچاپ گەیاند، دانەرێکی تری فێدر ساڵی (١٩٦٨) پەخش کرد، ئەم توێژینەوانە بەشدارییەکی پڕ بەهایان کرد لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی لەلایەك و شیکردنەوەی دەروونی لەلایەکی ترەوە، شتێکی ڕوونی بەهای شارل مورۆن بۆ ساڵی (١٩٦٢) دەگەڕێتەوە کە کتێبی لە خواستنەوەی قسەی خۆشەوە بۆ ئەفسانەی کەسێتی بڵاوکردەوە، بەڵام گرنگی مۆرۆن لە ڕەخنەدا پێشتر بووە و لەبواری شیکردنەوەی دەروونی و توێژینەوەی ڕەخنەیی و ئەدەبیدا دەنگیان دایەوە، لەڕاستیدا کارەکانی بەشداریەکی نوێیە لە بواری ڕەخنەی دەروونیدا،

چونکە دەچێتە ناو جیهانی کارەوە وەکو دیاردەیەکی هونەری و زمانەوانی، نەك وەك بەڵگەنامەیەکی زانیاری، ئەمەش مۆرۆنی لکاند بە قوتابخانەی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخەوە، مورۆن شیکەرەوەییەکی دەروونی نەبوو، کە خودی خۆی جەختی لەسەر دەکاتەوە، وای دەبینێت کە لە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بەولاوە شتێکی تر نییە، کە پابەندە بەڕادەی توێژینەوەی جوانی، لەهەمان کاتدا ڕژد بوو لەسەر بانگەشەی ڕەخنەگر بۆ فراوانکردنی چەمکی ئەدەبی و پشکنینی شاردراوەکانی دەروونی نەستی داهێنەرەوە، لەڕێگای تۆڕی خوازەکان وێنەی ڕەوانبێژی پۆشراو لە بونیادی کاری ئەدەبیدا، بێگومان ئەوەی بەدواداچوون لە لێکۆڵینەوەکانی مۆرۆن بکات، تێبینی ئەوەی لەلا جێگیر دەبێت کە بەتەنیا شیکردنەوەکەی شیکردنەوەیەکی فۆرمی و زمانەوانی نییە، لە شیکردنەوەی دەروونیش ڕانەوەستاوە، بەڵکو چۆتە قوولایی ڕەخنەی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەروونییەوە، لە پێناو کارکردن بۆ دامەزراندنی یەکەیەك لەنێوانیاندا، کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەخنەی دەروونی بەرەنگاربوونەوەیەکی نوێ، لەگەڵ بایەخدان بە سروشتی پەیوەندی نێوان لایەنی دەروونی نەست لەلایەك و تۆڕی وێنەی ڕەوانبێژی لەلایەکی ترەوە، لەبەر ئەو هۆکارەیە کە مۆرۆن لەگەڵ ڕێبازی ڕەوتی فرۆید زێدەڕەو نەیاربوو، بەتایبەتی هەریەك لە **ئەدمۆند ولسون و هربەرت ڕید** لە ڕاستی دا مۆرۆن ئەوەی لەسەر ئەوانەی وەردەگرت، ئەوەیە کە ڕاستی کاری ئەدەبییان شێواندووە، تیۆری فرۆیدیان بە ئەدەبەوە پەیوەست کردووە، بێ ئەوەی ڕێز لەناخی بگرێت و پشتگوێخستنی زمانی هونەری کە بە کرۆکی داهێنەر و ڕەخنەگر



دادەنرێت، بۆیە مۆرۆن دەڵێت: چاکتروایە بۆ زمانی هونەری دەق بگەڕێینەوە لەجیاتی ئەوەی ڕازی بین بە خوێندنەوەی بەشەکانی خوێندنەوەیەکی ڕووکەش و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمانە ئاسۆیەکی گرنگیان فەرامۆش کردووە، ئەویش زمانی هونەرییە لە کاری ئەدەبیدا، ناوەرۆکی بانگەوازی مۆرۆن گەڕانەوەیە بۆ زمانی هونەری دەق، لەڕاستیدا نایەوێت ڕاڤەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان نەستی داهێنەر و زمانی هونەری دەق پێشکەشی بکات، بەڵکو دەیەوێت گرنگی بە توێژینەوەی زمانی هونەری دەق و پەیوەندی بە نەستی داهێنەرەوە بدۆزێتەوە، کە پەیوەندییەکی توند پێکەوەیانی گرێداوە، ئەمەش مانای گەڕانەوەیە بۆ زمانی ئەدەبی دەق کە کرۆکی کاری مۆرۆنە، ڕاڤەکردنی کاری ئەدەبییە، کە گوزارشت لە شاراوەکانی دەروونی،



هربەرت ڕید

بێ ئاگایی و بە ئاگایی لەلای داهێنەر دەخاتە ڕوو، لەم ڕووەوە دەڵێت: لەسەر ڕەخنەگرە کە لە تۆڕی خوازەوە بەرەو ئاڵۆزی و گرێ بگوازێتەوە، ئەمەش مانای وایە کە بنەماو کرۆك لەناو زمانی هونەری دەقدا خۆی شاردووەتەوە کە جیهانی تاك دایدەهێنێت.

مۆرۆن لە لێکۆڵینەوەکەیدا گرنگی زۆری بە **مالارمێی** شاعیرداوە، چونکە لە شیعرەکانیدا لایەنگری بۆچوونەکانی خۆی دەبینێت، کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان جیهانی تاکی داهێنەر و سروشتی جیهانی دەقدا بوونی هەیە،




ئەوەندە بەسە بوترێت کە لایەنی ئەم توێژینەوەیە لەبارەی بیرۆکەی مردن دەخولێتەوە کە بەگرێی ئۆدیب پێکراوە، ڕووداوێك لە ژیانی مالارمێ هەیە، ئەویش مردنی ماریای خوشکییەتی لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا، کە شاعیر



لە تەمەنی پانزە ساڵی دەبێت، دەبینێت زۆربەی توێژەرەکان کە باس لە شیعرەکانی مالارمێ دەکەن، ئاماژە بەم ڕووداوە ناکەن و نەیانتوانیوە لە ڕاڤەکردنی لایەنی دەروونی کەسایەتی شاعیر سوود وەربگرن، کە ڕەگەزێکی زۆر گرنگە لە ژیانی شاعیردا لە قەسیدەی سکاڵای پایزدا، دەقێکی مالارمێ هەیە، کە لە مردنی ماریا دەدوێت، ڕووداوی مردنی ماریا کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر ژیانی شاعیر، ئەم کارتێکردنەش بەقووڵی لە کارەکانی مالارمێ ڕەنگیان داونەتەوە، دیارە مردنی خوشکی ئەزموونێکی تاڵە لە ژیانی شاعیردا، تاقیکردنەوەیەکی ئاڵۆزە، ئەم ئاڵۆزییەش شیکردنەوەی تایبەتی دەوێت، شیکردنەوەی ئەدەبی پوخت کە پشت بە مانای خوێندراوی دەقەکە دەبەستێت، مانای خوێنراویش پەیوەستە بەلایەنی دەروونی نەستی داهێنەرەوە.

مۆرۆن دەڵێ: شتێکی هەڵەیە کە ڕەخنەگر وابزانێت مانای شاردراوەی دەق مانایەکی خوێنراوە و مانای ڕاستەقینەیە، لە ڕاستی نە لە قەسیدە و نە لە مرۆڤدا ئاستێکی تەنیای ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ئاستی جوداواز هەیە، کە پەیوەندی توندوتۆڵ پێکەوەیانی گرێ دەدا، لەسەر ڕەخنەگرە کە هەڵسەنگاندنێکی ڕێککەوتنانە لەنێوان ناوەرۆکی قەسیدەی شاراوە و ئاشکرا بکات، چونکە لایەنی دەروونی نەست سەرچاوەی تاکی داهێنانی قەسیدە نییە، هەرچەندە بە قەسیدەشەوە پەیوەندیدارە، هەموو ئەمانە بە پرۆسەی ئیلهامی شیعری دانانرێت، چونکە ڕەگەزەکانی هۆشیاری بەشێوەیەکی دیار لە پێکهاتەی پرۆسەی داهێنان بەشدارە، ئامێرێتی بێ ئاگایی نەست دەنگێکی داهێنەرە لە قەسیدەدا، ئەم دەنگەش دەتوانرێت

له دەنگی تر جودا بکرێتەوە لەرێگای پشت بەستن بە شیکردنەوەی دەروونی دا، شتێکی گرانە ئەدەبێك چێ بێت کە بەشێکی یاخود هەندێکی لەو ئەدەبەی خودی خاوەنەکەی یان هەستی نەبێت، ئەمەش مانای وایە کە بەرهەمی ئەدەبی پێش هەموو شتێك بەرهەمی خودی مرۆڤایەتییە، کە هەوەس و ئارەزووو هەست و نەست و رێگاکانی بیکردنەوە و چارەسەرکردنی بەخۆوە دەگرێت، بیرۆکەی شیکردنەوەی دەروونی لەسەر بنەمای ملکەچبوونە بە تیوری نەست کە ژیانی ژێری بەسەر هەست، یاخود ئاگایی و نەست، یاخود بێ ئاگایی دابەش دەکات، شیکردنەوەی دەروونی گەیشتە ئەوەی کە داهێنانی ئەدەبی شتێك نییە، تەنیا بارێکی تایبەتی توانای شیکردنەوەی هەیە، چونکە هەموو کارێکی هونەری بە هۆکاری دەروونییەوە بەرهەم دێت، کە ناوەرۆکێکی ئاشکرا و نهێنی بەخۆوە دەگرێت وەکو خەون، کە واتای ڕەنگدانەوەی دەروونی دانەرە، جالێرەدا لەسەر لێکۆڵەری ئەدەب پێویستە هۆکاری داهێنانی دەروونی دەستنیشان بکات، لە کۆندا ئەفلاتوون لە گفتوگۆی ئیۆندا کاریگەری شیعری لە وروژاندنی سۆزی مرۆڤایەتی خستووەتە ڕوو، ئەمەش زیان بۆ لاوان جێ دەهێڵێت و لایەنگرانی شیعر لە کۆمارەکەی دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەرستۆ چارچێوەی توێژینەوەکەی لە دەروونی دانەر یاخود داهێنەر فراوانتر کرد، باسی کارتێکردنی پاککردن لە تەماشاکەران دەکات چۆن سۆزی ترس و بەزەییان دەجوولێنێت، وەکو ئەوەی ڕۆڵێکی نەرێیانە بە وەرگر ببەخشێت، پوختەکەی تەنیا لە هەڵچووندا، لە هەنگاوێکی چۆنێتی هەنگاونان بەرەو قووڵکردنەوەی سیماکانی دەروونی لای



داهێنەران، وردزورپ دەپرسێت، وشەی شاعیر مانای چییە؟ شیعرەکە ڕووبەڕووی کێ دەکات؟ چ زمانێکی لێ داوا دەکرێت، پوختەی وەڵامەکانی ئەوەیە کە شاعیر لە پلە نەك لە جۆر جیاوازە، بەشێك لە هەستەوەری زیندووی لە خەڵکانی دیکە زیاترە، جۆشێکی بەهێزە و نەرمونیانی گەورەترە، زانیاری سروشتی مرۆڤی فراوانترە، گیانی تەواو گەمارۆ دراوە، وردزورپ دەڵێت: هەستناسکی و توانای بەرەنگاربوونەوەی واقعی فرە هەستیارە، بەڵام ئەوەی میتۆدی دەروونی وەکو ڕێبازێك لە ڕەخنەی ئەدەبیدا چەسپاند، سیگمۆند فرۆید و فێرخوازەکانی کارل گۆستاف یۆنگ و **ئەدلەر** بوون، لە پاش دەرچوونی کتێبی بەناوبانگی فرۆید بەناونیشانی ڕاڤەی خەونەکان توێژینەوەیەکی دەروونی ژمارەیەك نووسەر و هونەرمەند وەکو فیلهلم ینسن لە چیرۆکی گرادیڤادا توێژینەوەی لیونارد دافنشی وتاری دۆستۆفسکی و تاوانی کوشتنی باوك، سەرەڕای


ئەدلەر

**ئەمەش بەشداری زانایانی دەروونی، لەبارەی گرنگی هەست یان نەست لە داهێنانی هونەریدا.**

**ژمارەیەك لە ڕەخنەگر و توێژەرەوەی ئەدەب کە زانیارییەکی زۆریان لەبەردەمە بۆ ڕاڤەکردنی پرۆسەی داهێنانی هونەری و دۆزینەوەی کاری ئەدەبی بە ئاماژەکردن بۆ ژیانی نووسەرەکە جارێك و ڕۆشنکردنەوەی مانای خەونەکە جارێکی دیکە، بەڵام قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی فرۆیدی جەخت لەسەر هۆکاری زایەندی لەنێوان هۆکاری خۆرسکی نەست کە لە پشت پێکهاتەی کاری داهێنانە وەکو گرێی ئۆدیب و گرێی ئیلیکترا و گرێی هەست کەمی لەلای ئەدلەر هەندێك لە فێرخوازەکانی فرۆید لەگەڵ هێڵە گشتییەکانی تیوری نەستدا گونجاون، بەڵام لەگەڵ هەندێك لە ڕاڤەکانیدا جوداوازن، بۆ نموونە ئەدلەر لەگەڵ بیرۆکەی یاخود خۆڕسکی خۆدەرخستن لەگەڵیدا گونجاوە، بەڵام لەگەڵ ناوەرۆکی ناکۆکە، لەهەمان کاتدا فرۆید وای دەبینێت کە هونەر و داهێنان بەتەنیا قەرەبووی سەلمێنەری خۆ خواردنەوەی زایەندییە، یاخود بەتەنیا جۆرێکە لە جۆرەکانی لەکۆڵ خۆکردنەوە لەپێناو گونجان لەگەڵ جیهاندا و خولادان لە نەخۆشی، ئەدلەر وای دەبینێت کە گرێی زایەندی (جنسی) بەهەموو دیاردە و پێکهاتەکانی دەستکەوتی ڕاڤەی داهێنان نییە، بەڵکو خەوشە لەلای داهێنەر و هەوڵێکی قەرەبووکەرەوەیە، لێرەدا دەبینین ئەدلەر لە توێژینەوەکانی ئەدەبی و هونەریدا تەقەلا دەدا کە توێژینەوە لە دیاردەی قەرەبوو بکات لە خەوشی جۆری هونەر و دیاردەی داهێنان کە بە زاراوەی پێکهاتەی کەمی ناوی دەبات، بەڵام یۆنگ لەگەڵ مامۆستاکەی فرۆید**



**گونجاوە لە بیرۆکەی نەست دا، بەڵام لە دیاریکردنی سروشتی ئەم نەستە و ناوەرۆك و جۆر و پلەیدا جوداوازە، یۆنگ باوەڕی بە نەستی کۆ هەیە، لە پێشووناندا پەیوەندییەکی بەهێز و توند لەنێوان خەڵکدا هەبوو، بەشدارییان لە بێئاگایی کۆدا دەکرد، ئەفسانەکانیان وێنەیەکی سەرەتایی بوون، بێ ئاگایی کۆ یان نەستی کۆ لەلای کۆمەڵانی مرۆڤایەتی دەرکەوت وەکو بۆتەیەك کە ڕابردووی مرۆڤی کۆکردنەوە و پاشماوەی دێرین کە لە چەرخی دوور لێژبووەتەوە بەجۆرێك کە لە خەون دەچێت، لێرەدا ئەم کەڵەکەبووە بێ ئاگاییە، یان نەستە دەستەیە وەکو هێمای باو سنووری کات و شوێنی تێپەڕبووە، داهێنەر لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە و ڕێگای گرنگ دەگرێتەبەر کە لەگەڵ جیهاندا بگونجێت، تیوری یۆنگ و پەیڕەوکەرانی گۆڕانکاری و خستنە سەریان بۆ کرد، تەنانەت بیرۆکەی هونەرمەند هاوسەنگی و ژیریتی تێکچووە، هونەریش بەرهەمی لایەکی ئەم نەخۆشییە و تێکچوونەیە، یاخود قەرەبووی ئەم خەوشەیە، ئێدمۆند ولسون لە وتارێکدا بەناوی برین و کەوان، ڕۆمانی فیلۆکتیتسی سۆفکلیس هێمای هونەرمەندە، فیلۆکتیتس بۆ بیابان دوور دەخرێتەوە، چونکە تووشی برینێکی بۆن ناخۆش بووە، بەڵام یۆنانییەکان لە ئاوارەییدا پێویستیان بە کەوانەی سیحری هەیە بۆ شەڕی تەروادە کۆمەڵگا ڕەتی کردووەتەوە و لەهەمانکاتدا پێویستیان پێی هەیە، چونکە هونەرەکەی توانای چارەسەری هەیە، بیرۆکەی یۆنگ لە نەستی کۆدا توێژینەوەی ڕەخنەی دەروونی ئەدەبی دەوڵەمەند کرد، بواری فراوان کرد لە هەمبەر تێڕوانینی هەمەجۆر لە توێژینەوەی هونەرمەند و ئەدیباندا، ڕێبازێکی**

دەروونی تر، بەناوی گشتالْت سەری هەڵدا، ئەم ڕەوتەش توێژینەوە لە چۆنییەتی ڕوودانی بەرهەمی هونەری و کاریگەری لە ئیدراکی وەرگر دەکات، بێگومان درێژەوەبوونی میتۆدی دەروونی لە توێژینەوەی ئەدەب و شیکردنەوەیدا، خستنەڕووی ناهۆشیاری تاکی و کۆیی تێپەڕاند و دیاردەکانی نەوازەیی دۆزییەوە، ڕاڤەکردنی ئاڵۆزی زمان و چەمکەکانی ئەندێشە و هێماکانی بەجێ ما و سەرەڕای زانیاریمان بە نهێنییەکانی پێکهاتەی بەرهەمی ئەدەبی و دۆزینەوەی ڕیشەی دەروونی و توێژینەوەی پەیوەندی بە کەسایەتی خاوەنەکانیان، پێشکەوتنی توێژینەوەی دەروونی کاری کردە سەر پەیدابوونی قوتابخانە و ڕێبازی هونەری و ئەدەبی وەکو ڕێبازی ڕەمزی و سوریالی و هەروەها ئەدەبی بێسوود و نامەعقوولیش سەری هەڵدا. لە ماوەیەکی کەمدا میتۆدی دەروونی لە ئینگلتەرا بڵاوبووەوە، لێکۆڵینەوەکانی ئێرنست جۆنز ساڵی (١٩١٠) لەبارەی هاملێت و ڕیتشاردز لە کتێبی ڕێساکانی ڕەخنەی ئەدەبی ساڵی (١٩٢٤)، مۆدبۆدکین لە کتێبی نموونەکانی باڵا لە شیعردا ساڵی (١٩٣٤)، هەروەها میتۆدی دەروونی لە فەرەنسا و ئەمریکا و جیهاندا بڵاوبوونەوە.

# بەشی دووەم

## ١- فۆرمالیستی ڕووس

قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕووس (١٩١٥-١٩١٦) وەکو کاردانەوەیەکی خۆبێتی و هێمابێتی دەرکەوت، کە خودی بەرپەرچی ڕەخنەی واقعیی و ئایدۆلۆژی بیرمەندانی ئازادیخوازی سەدەی نۆزدەیەم بوو، گرنگترین ئەندامەکانی **ئیخنباوم** (١٨٨٦-١٩٥٩) و **تینیانۆڤ** (١٨٩٤-١٩٤٣) و **ڕۆمان جاکبسون** (١٨٩٥-١٩٨٣) و **شکلۆڤسکی** (١٨٩٣-١٩٨٤) و **تۆماتشیڤسکی** (١٨٩٠-١٩٥٧) بوون. فۆرمالیستی ڕووس ڕووبارێکە لە ڕووبارەکانی بونیادگەرایی پاش ئەوەی دی سۆسێر بەردی بناغەکەی دانا، توێژینەوەکانی ئەم قوتابخانەیە لە ڕووسیادا بۆ سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە،















پەیڤی فۆرمالیستی دانرا تاکو واتای شەپۆلی ڕەخنەی ئەدەبی بگەیەنێت کە لە ساڵی (١٩١٥) تاکو (١٩٣٠) جێگیر بوو، فۆرمالیستەکان ناوێکە کە لەلایەن ناحەزانی ئەم ڕەوتە بۆ کەمکردنەوە و ڕیسواکردنیان بەخشرا، کە چەند ڕەخنەگرێك بەشێوەیەکی گشتی لە لێکۆڵینەوەی کاری ئەدەبیدا جەختیان لەسەر لایەنی شێوەیی و پێکهاتەی شێوازی ناوەکی دەکرد.

لە ساڵی (١٩١٥)دا کۆمەڵە فێرخوازێکی خوێندنی باڵا لە زانکۆی مۆسکۆدا بازنەیەکی زمانەوانییان چێکرد، لە سەرووی هەموویانەوە ڕۆمان جاکبسۆن وەکو بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو ئامانجی بەکارهێنانی بزووتنەوەی پێشڕەوی ئەدەبی و زاڵ بوون بەسەر بەرنامەکانی کۆن لە توێژینەوەی زمانەوانی و ڕەخنەییدا، پاش ساڵێك چەند ئەستێرەیەکی تر لە ڕەخنەگر و زانایانی زمانەوانی چوونە ڕیزیان، کۆمەڵەیەکیان بۆ لێکدانەوەی زمانی شیعری لینیگراد پێکهێنا، کە زۆربەی ئەندامەکانی فێرخوازی زانکۆیی

بوون، پرەنسیپی فۆرمالیستی سەرچاوەی زمانەوانییە، یان شەپۆلی نمایندەکانی یانەی زمانی شاری براغە، فۆرمالیستی لەسەر کۆمەڵە پرەنسیپ و چەمکی بنچینەیی بونیاد نراوە، سەرەتا چەمکی فۆرم ڕەتی بۆچوون و تێڕوانینی ڕەخنەی تەقلیدییان کردەوە، کە دەڵێت: هەموو کارێك دوالیزمێکی بەرامبەرە لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە نامەی ئەدەبی لە شتی تر جوداوازە. دەبێت لایەنی فۆرمی بەدەربخرێت، بەم جۆرە فۆرمالیستی لە تێڕوانینی کۆن کە ڕووخسار پەیوەندی بە ناوەڕۆکەوەیە، دەربازبوون، وشەی فۆرم لە واتاکاندا زەنگینە، کە ئاماژەیە بۆ قاڵب یان پێکهات، یاخود وێنە و داڕشتن، ئەفلاتون زاراوەی فۆرمی وەك هاوواتای زاراوەی ئایدیا لە فەلسەفەکەیدا بەکاربرد، بە بۆچوونی ئەفلاتون فۆرم پەیوەندی بە سروشتی شتەوەیە، زانیاری ناوەڕۆکی شتیش پێویستی بە زانیاری فۆرمەوەیە، ئەرستۆ لەگەڵ ئەفلاتون ڕێککەوتوون کە فۆرم بە عەقڵ درکی پێ دەکرێت و بنچینەیە کە وا دەکات هەر ماددەیەك شتێکی ئاشکرای هەبووبێت، پاشان کانت هات کە ئەم چەمکەی بە ئاسۆی ئەپستمولۆژییەوە پەیوەست کرد، فۆرمالیستەکان بایەخیان بە چەمکی کانت بۆ فۆرمدا، جەختیان لەسەر ڕۆڵی پێزانین کردەوە، شێوەیەتی ڕەوتێکە کە مەبەستی زاڵبوونی شێوە و بەهای جوانییە لە کاری ئەدەبیدا، بەسەر هزر و ئەندێشە یاخود هەستەکان، چەمکی شێوەمانایەکی نوێی پەیدا کرد کە بەتەنیا توێکڵێکی ڕووت نەبێت، بەڵکو یەکەیەکی کاریگەر و هەستپێکراوە، فۆرمالیستەکانی ڕووس مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی داهاتوو لەسەر بنەمای شێوەی هونەری، زمانی و زمانی عەقڵ لە پێکهاتەی شیعریدا دەکات،



فۆرمالیستەکانی ڕووس بایەخ بە واتاکانی شیعری ئایندەیی نادەن، بەڵکو بەو ڕێگایەی کە شیعری پێ دەڵێن، شتێکی سەیر نییە کە فۆرمالیستەکانی ڕووس پشت بە بزووتنەوەی ئایندەیی دەبەستن، چونکە شاعیرەکانی ئایندەیی بڕیاریان لەسەر تێکدانی پەرستنی ڕابردوو دەدا و مامەڵەیان لەگەڵ ڕەخنەگرانی هونەری وەکو کەسێکی بێ سوود دەکرد، لە وشەکانی زەنگدار یاخی دەبوون و بانگەوازی کرانەوەیان بەڕووی لاوەکان ڕادەگەیاند، فۆرمالیستەکانی ڕووس لەڕێگای توێژینەوەکانی ئەدەبیدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێسای دەق ئاوێزان پەسند بکەن، کە ڕێسایەکە ڕێبازە جیاوازەکانی ڕەخنەیی دەقی وەکو سیماتیزم و هەڵوەشاندنەوەگەرایی ڕایان گەیاندبوو، بەم شێوەیە تێگەیشتنی فۆرمالیستەکان بۆ مێژووی ئەدەب یاخود پێشکەوتنی ئەدەبی ئەوەیە کە خولگەیەکی ژیانی بەدوای یەکداهاتووی شێوەکانە، نەك پێشکەوتنی بزووتنەوەکان و کاریگەرییەکانی پێشینانە بۆ نەوەکان گوێزرابێتەوە. ئەم بەدوای یەکداهاتنە بەشێوەیەکی ساکار چێ نابێت، بەڵکو خەباتی تێکشکاندنی هەموو بوونێکی پێشینانە و بونیادنانەوەی نوێیە لەسەر بەگوڕ ڕۆیشتنی ڕەگەزی دێریندا.

بزووتنەوەی ئاوازی لە شیعردا شوێنێکی گەورەی لە توێژینەوەی فۆرمالیستەکان داگیر کردووە، لەسەرووی هەموویانەوە ڕۆمان جاکبسون فرمانێکە کە دی سۆسێر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بیری خستوونەتەوە و پێوانەیەکی فراوانی لە سیمینارەکانی زمانەوانی گشتی بۆ تەرخان کردووە، کە چەمکی ئاواز بوو، تاکو زنجیرەیەك لە ڕەگەزەکانی زمانەوانی بگرێتەوە، کە بەشداری لە بونیادی دێڕی شیعری دەکات، ئاواز لە هەڵکشانی وشەکان، لە دەنگ هەڵبڕینی ڕستە، لە ئاوازی هاڕمۆنی بەرهەم دێت، جا لێرەدا شێوەی

شیعری پۆشاکی شیعرییەتی ناپۆشێت لەڕێی ئاوازی ڕێکخراوەوە نەبێت، پەیوەندی لەنێوان ئاواز و واقیع دەبێتە وێنەیەك کە شێوەی شیعری گوزارشتی لێ دەکات، نەك ناوەڕۆکی شیعری، بایەخ پێدانی فۆرمالیستەکان بە ئاواز و بەهای زاڵ فرمانێکە کە ڕۆمان جاکبسۆن جەخت لەسەر کێشە جیاوازەکانی دەنگی دەکرد، تنیانوڤ دەڵێت: چەمکی مادە کەرەستە (شت) لە سنووری شێوە دەرناچێت، مادەش شێوەیە، شتێکی هەڵەیە لەگەڵ ڕەگەزەکانی دەرەکی تێکەڵاو بکرێت، کەواتە شێوە یەکەیەکی جووڵەی تەواوە کە واتاکەی لە ناوەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، ئامانجی ئەم قوتابخانەیە جەختکردنە لەسەر لایەنی ئەدەبی، بەتایبەتی بونیادی شێواز و ئاواز و دەنگ لەکاری ئەدەبیدا، ئەمەش پاڵی پێوەنان کە جەخت لەسەر لایەنی ئەدەبی، بەتایبەتی دەقی داهێنەر بکەن. بێ ئەوەی سەیری پەیوەندییەکانی دەرەکی ژیانی ئەدیب و واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەبەر چاو بگیرێت، بەهای دەقی ئەدەبی بەهۆی خاوەنەکەیەوە بەدەر ناکەوێت، بەڵکو لە بیرۆکەی مامەڵەکردنی لەگەڵ زماندا بەدەردەکەوێت، گرنگی داهێنەر لەگەڵ لەدایکبوونی دەقدا ون دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خودی ئەدیب هۆکارێکی ڕووتە یاخود وردەکارییەکە لە وردەکارییەکانی زمانەوانی، بە لەدایکبوونی داهێنانی ئەدەبی بزر دەبێت، بەم جۆرە کاری ئەدەبی تەجاوزی داهێنەرەکەی دەکات، فۆرمالیستەکان گرنگی بە کاری ئەدەبی دەدەن، ڕەتی نزیکبوونەوەی سیمولۆژی **تیوری ڕەمزەکان**، یاخود فەلسەفی، یان سۆسیۆلۆژی **زانستی کۆمەڵایەتی** دەکات، بەلایانەوە ڕاڤەی کاری ئەدەبی لە ژیانی نووسەرەوە، یاخود لە شیکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە ناگرێت، فۆرمالیستەکان وای دەبینن کە داهێنانی ئەدەبی هونەری زمانە، ڕەگەزی زمان و شێوە بنەمای هونەرە، بەو هۆیەی کە زمان هۆکاری ڕاگەیاندنە لە لایەك، لەلایەکی ترەوە ئامانجی هونەریشی هەیە و بەهای هونەری ئەدەبیش لە داڕشتنەکەی دایە، هەندێك لە زانایانی ڕەخنەی ئەدەبی بێ دوودڵی



فۆرمالیستی ڕووس بە بونیادگەرایی پەیوەست دەکەن، هەندێکی تر دەڵێن فۆرمالیستی لەڕاستیدا فرمانێکی نوبەخشی بونیادگەراییە، ڕێبازی فۆرمالیستی لە توێژینەوەی ئەدەبیدا هەوڵی جێبەجێکردنی جۆرێك لە شێوەکێتی جیهانی دەدات، واتە شێوەیەکە لە پەیوەندی بێ ئەوەی سەیری ناوەڕۆکی ئەم پەیوەندییە بکات، بۆ نموونە چیرۆك وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی بەلای تینیانۆڤ، یاخود پرۆپ کۆمەڵە شێوەیەکی بۆشە لە ژمارەیەك لەکەسایەتی یان ڕووداو پێك دێت، بێ ئەوەی سەیری واقیعی کەسەکان بکات، کە گوزارشت لە ناوەڕۆکی دەکەن لە چیرۆك و ڕۆمان و حیکایەتدا، خاڵی لاوازی فۆرمالیستی لەلای تینیانۆڤ و پرۆپ و تشۆڤسکی ئەوەیە سەیری کاری ئەدەبی وەکو شێوەیەکی بۆش لە پەیوەندی مرۆڤایەتی دەکات، لە شەپۆلی ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی دوورە پەرێزە، **پرۆپ** لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا **زانستی پێکهاتنی حیکایەت** کە لە ساڵی (١٩٢٧) بەدەرکەوت، دەڵێت: بەرنامەی شێوەیی بایەخ بەشێوەی کرۆکی دەدات، بە دۆزینەوەی شێوەی پەیوەندی لەنێوان بەشەکان لەلایەك، بە پەیوەندی


پرۆپ

بەشەکانیشی بەگشتەوە لەلایەکی ترەوە، بەو پێیەی کە بەشەکان پەیوەندییەکی ئاوێتەبوونیان لەگەڵ گشت هەیە، ڕێبازی گشتی پڕۆپ ئەو ڕەهەندەی کە لێوەی دەڕوانێت، سەیری کاری ئەدەبی دەکات، کە کۆمەڵە ڕەگەزێکی شێوەیی پتەوی پێکەوەنووساوی تایبەتە، تاکو لە کۆتاییدا دەگاتە دۆزینەوەی یاسای گشتی کە بڕیار لەسەر ڕێسای ناوەکی دەدات، بەرەو حیکایەت دەچێت، تاکو ئەرکی کەسایەتییەکان و پەیوەندییان بە بونیادی گشتی حیکایەتەوە بزانێت، بەڵام تۆدۆرۆڤ گرنگی بە شیکردنەوەی چیرۆك دا لە توێژینەوەکەیدا دەڵێت: هەموو کارێکی چیرۆکی دیاریکراو لۆژیکێکی ناوەکی تایبەتی هەیە و کۆمەڵە ڕێسا و پەیوەندییەکی تایبەتی بڕیاری لەسەر دەدات، هەموو چیرۆکێکیش پەیوەندی و ڕێسای تایبەتی بەخۆوە دەگرێت. هەریەك لە گریماس و تۆماشڤسکی وتوێژەرەوانی تر باسی شێوەی کاری ئەدەبی و ڕێسای گشتییان کردووە، بەم جۆرە بەرنامەی شێوەیی بایەخێکی گەورەی لەلایەن توێژەرەوانەوە پێدراوە، بەڵام گۆلدمان لە شیکردنەوەی بونیادی ڕۆماندا پشت بە بەرنامەی دروستکارانە دەبەستێت لە لایەك، لەلایەکی تر بە بەرنامەی سۆسیۆلۆژی، بەلایەوە کاری ئەدەبی جۆرێکی دروستکارانەیە، لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی بیرسای تایبەت پێك دێت، گۆدن لە زۆربەی توێژینەوەکانیدا باسی پێشکەوتنی دروستبوونی هونەری چیرۆکی کورت دەکات. لە سەرەتادا باس لە پەرەسەندنی شێوە لە سەدەی بیستەم دەکات، ئەم گەشەسەندنە بۆ ڕێسای ناوەکی ئەم شێوە هونەرییە دەگەڕێنێتەوە و ونبوونی دیاردەی چیرۆکی کورتی دیاری نەکردووە، ئایا ئەم دیاردەیە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتییە، یاخود دیاردەیەکی شارستانییە کە بەسەر کۆمەڵگای فەڕەنسا هاتووە، لێرەدا پێویستە سەیری شێوەی چیرۆکی کورت وەکو شێوەیەکی سەربەخۆ سەیر نەکرێت، خوێنەر و بڵاوکەرەوە، ئەم جۆرە شێوە ئەدەبییە هەڵنابژێرن، لەبەر هۆکاری گشتی کۆمەڵگا و پێکهاتەی دەروونی نووسەرەوە.



## ٢- ڕەخنەی نوێ

ڕەخنەی نوێ زاراوەیەکە بە بزووتنەوەیەکی ڕەخنەیی دەوترێت، کە لەپاش ئاوابوونی بەرنامەی فۆرمالیستی پێشوو هاتەکایەوە، کە سەنتەرەکەی لە زانکۆکانی ئەمریکا، بە تایبەتی زانکۆکانی ئەمریکای خواروو بوو، گەورەترین ڕەخنەگرانی کلینس برۆکس، ڕۆبرت وارن، جۆن کرۆرانسۆم و میریل مۆر و چەندانی تر بوون، ئەمانەش لەگەڵ قوتابخانەی شیکردنەوەی زمانەوانی ئینگلتەرادا کە ئای. ئەی ڕیچارد و قوتابییەکەی ولیم ئامبسۆندا هاوتەبا بوون. لەهەمان کاتیشدا لە وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا لێکتر جودابوون، ئەوەندەی کە ئارەزووی ڕەخنەی نوێ لە پارێزگاری و ڕاوەستان دژ بە ماتریالیزمی پیشەسازی و مارکسیزم و ڕەوشگەری لۆژیکی و تێوەگلاندنی زانست لە بوارەکانی گیانیدا دەوەستێت، بەڵام لە بواری ئەدەبیدا نوێنەرەکانیان پەیڕەوی هەستناسکی و هزری قووڵ دەکەن،ساڵی (١٩٢٠)دا ڕۆناکی خرایە سەر کۆمەڵە ڕەخنەگرێك کە بەشداری بووژاندنەوەی ڕەخنەییان کرد، گرنگترینیان **ڕیچاردز، ت. س. ئەلیۆت، جۆن کرۆرانسوم، ولیام ئامبسۆن، کلینس برۆکس، ڕۆبرت وارن و دیفید دیتش** و چەندانی تر بوون. ڕاستە ئەم ڕەخنەگرانە سەر بە ئاستی ڕەخنەی جوداواز بوون، بەڵام هەر یەکەیان شتێکی نوێی خستووەتە سەر ڕێگای تێگەیشتنی کاری هونەری و درککردنی جوانی لە ڕووی ڕووخسار و ناوەرۆکەوە، ڕەخنەگر جۆل سپینگارن لە کتێبەکەیدا ساڵی (١٩١١) چەمکی ڕەخنەی نوێی بەکارهێناوە، بەڵام زۆربەی ئەوانەی توێژینەوەیان لەبارەی ڕەخنەی نوێوە کردووە، ئاماژە بە ڕەخنەگری ئەمریکی جۆن کرۆرانسۆم دەکەن، کە لە ساڵی (١٩٤١)دا،

کتێبەکەی بەناوی ڕەخنەی نوێوە نیشانە کردووە، کتێبەکەشی بریتییە لە چوار بابەتی ڕەخنەگرانە، بەمەش بزووتنەوەی ڕەخنەی نوێی ڕاگەیاند. لەڕاستیدا ناتوانین ئاماژە بە تاکە ڕەخنەگرێك بکەین.


کلینس برۆکس

ئەگەر ئاوڕێك لە کایەی ڕابردوو نەدەینەوە، کە ڕێگاخۆشکەری ئەم میتۆدە نوێیە بوون، لێرەدا پێویستە ددان بە چاکەی ئەو ڕەخنەگر و ئەدیبانە بنێین کە شۆڕشێکیان بەرامبەر بە لافاوی هەڵسانی ڕۆمانتیکییەت بەرپا کرد، وەکو ماپیو ئارنۆلد کە بووە هۆی جێگیربوونی بەهای بابەتی چەمکی شیعر و ڕەخنە، ئەدیبانی ڕەمزی فەڕەنسی بۆدلێر و مالارمێ و فرلین، ڕەخنەگر و بیرمەندی ئیتاڵی بندتو کرۆتشە کە خاوەنی تیوری دەربڕینخوازییە، کە هونەر بە دەربڕینێکی زینی بێوێنە دەزانێت و هەموو شتێکی دەرەوەی دەق وەکو مێژوو و زانستی دەروونناسی و زانستی کۆمەڵایەتی و ژیاننامە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئەدەبەوە نییە.

ڕەخنەی نوێ لە بۆچوونەکانیدا پشت بە فەلسەفەی ئایدیالی و جوانی دەبەستێت، بەتایبەتی لە دیارکردنی بەهای هونەریدا، جەخت لەسەر لایەنی



هونەری بەرهەمی ئەدەبی لە داڕشتن و بونیادی هونەریدا دەکاتەوە، لە سیما تایبەتییەکانی ڕەخنەی نوێدا، کاری ئەدەبی بەنایاب و یەکەیەکی گونجاو دادەنێت، جەخت بەسەر لێکدانەوەی دەق و دوورخستنەوەی دەق لە هەموو بوارێکی دەرەکیدا دەکات لەبەر ئەمە ئەزموونی هونەری و سوودی زانستییان لێکتر جوداکردنەوە، گریمان کە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی دەقێکی ئەدەبی لەگەڵ یەکتردا بە چۆنێتییەکی تایبەتیدا پەیوەستن.

باوەڕمان وایە ڕووکردنە دەق وەکو بونیادێکی هونەری ڕەوشێکی چاکە بۆ خزمەتکردنی دەق و خوێندنەوەی، گەڕاندنەوەی بایەخ بۆ دەق کە ماوەیەکی زۆر بوو پشتگوێ خرابوو، ئامانجێکی پڕ گرنگ بوو، لەهەمان کاتدا هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و تەنانەت ئایدۆلۆجیش لە دەرەوەی دەقدا ڕۆڵی گرنگ لە دیاریکردنی بەهای هونەری دەقدا دەگێڕێت، بەکورتی لەگەڵ باوەڕی زۆرمان بە گرنگی دەق و بایەخی زۆری خوێندنەوەی، ناتوانین توێژینەوەی دەق لە ڕەگ و ئامانج و چاوگی هزر و سیمبولی دوورەپەرێز


وليام ئامپسۆن


جۆن کرۆرانسۆم

بکرێت. نوێنەرانی ڕەخنەی نوێ گومانیان هەیە لە توانای ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی بەچەمکەکانی شێوازی بیرکردنەوە.

ئەوەی ئەم قوتابخانەیە جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە جەختێکی ڕەها لەسەر کاری ئەدەبی دوور لە هەموو ڕەچاوکردنێکی تری وەکو ژیان و ژینگە و زەمینەکەی بە ئەنجام دەگەیەنێت، کاری ئەدەبی ڕێسای تایبەتی بەخۆی هەیە و پاشان ڕۆڵی ڕەخنەگر لەلای ڕەخنەگرانی نوێ دۆزینەوەی گوزارشتی کاری هونەری نییە، بەڵکو کارەکە لە خودی خۆیدا ببینێت و بە پێوانەی دەرەکی نەیپێوێت.

لەو خاڵە هاوبەشانەی کە ڕەخنەگرە نوێیەکان لەسەری بەیەکدەگەنەوە، تێڕوانینیانە بۆ ئەدەب، بەلایانەوە ئەدەب هونەر و بنەچەشی توێژینەوەی سیماکانی هونەری و جوانییە نەك مێژوویی یاخود فەلسەفی یان زانستی دەروونناسییە، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێکی ڕەخنەگر بەرەو ڕووی سیمای جوانی بێتەوە. نەك بەرەو دیاردەکانی مێژوویی یاخود کۆمەڵایەتی یان ڕەوشتی بێتەوە، ڕەخنەگرە نوێیەکان گرنگییەکی تایبەت بە جێبەجێکردنی کاری هونەری دەدەن و هەوڵ و کۆششێکی زۆریان کرد کە دەری بخەن شێواز و بابەت یەك شتە و ناکرێت لێکتر جودا بکرێنەوە، کاری هونەریش یەکەیەکی ئۆرگانییە، لێرەدا بەدەردەکەوێت کە ناوەڕۆکیان پشتگوێ نەخستووە، بەڵکو هەوڵیان داوە لە ڕوانگەی شێوازی هونەرییەوە بڕیار لەسەر ناوەڕۆك بدەن. ڕەخنەگرەکان وای بۆ دەچن کە بەجێگەیاندنی فۆرمی هونەری، دەبێت خەیاڵێکی داهێنەر پشتگیری لێ بکات، ئەم خەیاڵەش بەرپرسە لە سازدانی یەکێتی ئەندامێتی لەکاری هونەریدا.



بە باوەڕی **کلینس برۆکس** ئەرکی شاعیر ئەوەیە ئەزموونەکەی لە یەکێتی ڕێکبخات، هەمان ئەزموونیشمان بۆ بگەڕێنێتەوە، بەم جۆرە ئەندێشە داهێنەرە، داهێنەری شێوازێکی گونجاوە و دروستکەری یەکەیەکی ئۆرگانییە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەزموونی هونەری بەزۆری پڕە لە ناکۆکی و هەڵچوونی جوداواز، هونەرمەندیش کە خاوەنی ئەندێشەی داهێنەرە، توانای هەیە کەرەسەی پێکهاتەکەی بەشێوەیەکی گونجاو پێك بهێنێت، پاش ئەوەی پێچەوانەکان لەکارە هونەرییەکەیدا دەتاوێنێتەوە، لە کۆتاییدا ئەوەی دەردەچێت پێی دەڵێن کارزانی جوانناسی. ئەم ڕێبازەش بەدرێژەوەبووی پێشکەوتووی ڕێبازی جوانی دادەنرێت، کە ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەیەم بەخۆیەوەی بینی، دەتوانین ئەم بزووتنەوە نوێیە **ڕەخنەی نوێ** بۆ فەلسەفەی ئایدیالی بگەڕێنینەوە کە هەردوو فەیلەسووفی ئەڵمانی **کانت** و **هیگل** پەرەیان پێدا و ڕووناکبیرانی تریش لە چەرخی نوێدا تیۆری جوانناسیان بۆ مشتومڕی قووڵ خستەڕوو، بەجۆرێك ئەرکی جوانی هونەری و پەیوەندی چێژی جوانناسییان پێشان دا، لە سەرەتای شەستەکاندا ئەستێرەی قوتابخانەی ڕەخنەی نوێی ئەنگلۆ- ئەمریکی دەرکەوت، پاش ئەوەی بەرەنگاری ڕەخنەی مامۆستایانی ئەدەب و ڕەخنەی زانکۆی شیکاگۆ بووەتەوە، ئەمەش بواری ڕەخساند بۆ قوتابخانەی ڕواڵەتی نوێ لە فەڕەنسادا بەناوی ڕەخنەی نوێی فەڕەنسی کەساڵی (١٩٦٠) لەسەر دەستی **جۆرج بولیە** و **ڕۆلان بارت** پەیدابوو. برۆکس دەڵێت: خاڵی بنچینەیی لە کایەی جوانناسیدا ئەوەیە مانا لەگەڵ شێوە بوونێکی یەکگرتوو پێك دەهێنێت، کە ناکرێت دابەش بکرێت، بە بیروڕای ڕانسۆم قەسیدە ڕاستییەکی تایبەتی هەیە و ماناش لە قەسیدەدا

شتێکی دەرەکی یاخود جیاواز نییە، بەڵکو مانای قەسیدەش خودی بوونیەتی. ئەم یەکگرتنەش بوونی زیندووی قەسیدە چێ دەکات.

ڕەخنەگرانی نوێ وای دەبینن کە هەڵسەنگاندنی کاری هونەری پشتبەستوو بە تەنیا بە بابەتەکەی کارێکە ڕەتکراوەتەوە، مانای کاری هونەری بەگوێرەی ڕەخنەگرە نوێیەکان، لە کێشەکەدا نییە کە چارەسەری دەکات، ڕوونکردنەوەی کێشەکەش داواکراو نییە، وەکو فەلسەفە پێی هەڵدەستێت، بەڵکو ماناکەی هەستپێکراوە، یاخود خەیاڵاویی لە تۆڕێکی ئاڵۆزی ڕووداودا بەدەردەکەوێت، بۆیە ڕەخنەگرە نوێیەکان هزری جودابوونەوەی شێواز لە ناوەڕۆك ڕەت دەکەنەوە، لەهەمان کاتدا، بایەخی ڕەخنەگر لە دۆزینەوەی چۆنێتی ئەزموون و شێوازەکانی دیاری دەکرێت، کە بزووتنەوەکە بە یەك شت دەبینن، ئەمەش پاڵیان پێوە دەنێت بۆ قووڵبوونەوەی هزری یەکێتی فۆرم و ناوەڕۆك و یەکێتی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن. ئالن تیت لەم ڕووەوە دەڵێت: بیرۆکەی وشە هیچ مانایەکی نییە، شتێك نییە کە ناوی بیرۆکە بێت بەبێ قەسیدە، جارێکی تر بیرۆکە پێش قەسیدە ناکەوێت، یان دروستی ناکات، بەڵکو قەسیدە بیرۆکە چێ دەکات.

ڕۆلان بارت وای دەبینێت کە دەقێکی بابەتی و ناوەڕۆکێکی بڕیاردەری پێشوەخت بوونی نییە، ئەمەش لەلایەن یاکبسۆنەوە چەسپا لە وتەکانی داهاتوویدا لەبارەی ئەرکی زمانی شیعری، بەم جۆرە دالێك نیشانە نییە پەیوەندیدار بێت بە مەدلوولەوە، واتا ڕەخنەگرانی نوێ چەمکی ئەدەب کە ڕەنگدانەوەی ژیان، یاخود زانستی دەروونی، یان مێژووی ئەدەب بێت، ڕەتی دەکەنەوە، بەم جۆرە ئەدەب دەبێتە شتێکی خودی سەربەخۆ و دوور لە ژیانی



ڕاستەقینە و هەستپێکراو لە تاك و جەماوەرەوە، ڕۆلان بارت وای بۆ دەچێت، کە ڕەخنەگر کاری تەواوکراو چێ دەکات لە ڕێگای بەتەنیا بەکارهێنراو نامێنێتەوە بۆ بەرهەمی دروستکراو، پاشان دەڵێت: ڕاسین خودی خۆی بوونی نییە، بەڵکو بوونی لە خوێندنەوەی ڕاسیندایە، بەبێ ئەم خوێندنەوانە ڕاسین هیچ بوونێکی بۆ نییە، دیارە خوێندنەوە شتی نوێ بۆ کارەکە زیاد دەکات، بۆیە هەر کارێکی ئەدەبی لە کۆتاییدا لە هەموو شتێ پێك دێت کە لەبارەیەوە وتراوە. ڕەخنەیەکی تر ترنس هۆکز ئاراستەی ڕەخنەی نوێی دەکات، کە سوودی لە تیۆری مارکسی وەرگرتووە، کە ڕەخنەی نوێ بە هزرێکی زیادی جیهانی دەزانێت، بەم جۆرە نوێنەرانی ڕەخنەی نوێ گۆشەگیرن لەناو ڕێکخستنێکی شیعری تایبەت، کە هەموو بایەخیان بە ناوەوەی دەق دەدەن و هەموو شتێکی دەرەکی پشتگوێ دەخەن و فەرامۆشی دەکەن و گرنگی بە خوێندنەوەی ورد و مانا گرانەکان دەدەن.

## ٣- دەق ئاوێزان و ڕەخنەی نوێ

چەمکی دەق ئاوێزان لە توێژینەوەکانی ڕەخنەی نوێدا سەری هەڵدا وەکو بەر پەرچدانەوەیەکی چەمکی بونیادگەرایی کە جەخت لەسەر داخراوەیی دەق دەکات، بە بیانووی ئەوەی کە دەق لەسەر خودی خۆی وەستاوە. پاشان هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەریخست کە بونیادی دەق زۆر کەلێن و درزی تێدایە، کە ئاسانکاریی تیوری پێگەیشتن لە ئەدەب و هونەردا دەکات.

لە دواییدا ڕەخنەگرانی دەق ئاوێزان ڕوونیان کردەوە کە دەق بارستاییەکە لە دەقەکانی ئامادەکراو لێرە و لەوێدا بەدەردەکەون، ئەم ڕێباز و توێژینەوانە ئەفسانەی دەقی داخراویان بەتاڵ کردەوە.


ژۆلیا کریستیڤا

لەم چوارچێوەیەدا چەمکی دەق ئاوێزان لەسەر دەستی توێژەرەوە **(ژولیا کریستیڤا)** هاتە ئاراوە، کە چەمکی و توێژو دەنگی جوداوازی پەرەپێدا، کە ڕەخنەگر و ڕۆناکبیری ڕووس (میخائیل باختین) بەدیهێنابوو. لە شیعری نوێدا ڕۆڵی وەرگر وەکو



خوێنەر و داهێنەری دەق بەدەردەکەوێت، ئاوێزان پەیوەندییەکی ژیری بە وەرگرەوە هەیە، بۆیە ناتوانرێت دەق ئاوێزان بدۆزیتەوە ئەگەر وەرگر زانیاری تەواوی لەسەر چوونە ناویەك و تێهەڵکێشبوونی دەقەکان نەبێت. پۆل ڕیکۆر لە بارەی پێناسەی چەمکی دەقەوە دەڵێت: هەموو دەقێك ئاخاوتنێکە کە بە هۆی نووسینەوە جێگیر دەبێت. ژولیا کریستیڤا بەم جۆرە وەسفی دەق ئاوێزان دەکات و دەڵێت: دەق ئاوێزان یاسایەکی گەوهەرییە کە لە ڕێگای مژین و ڕووخاندنی دەقەکانی دیکەوە ساز دەکرێن، دەق لە تێڕوانینی ژولیا کریستیڤادا ڕێبازێکی زمانەوانی بەردەست و داخراو کلۆمدراو نییە، هەر وەکو فۆرمالیستەکانی ڕووس و بونیادگەراییەکانی ئەورووپا نیشانی دەدەن، بەڵکو سەرچاوەی هەڵگەڕانەوە و پێچەوانەبوونە، وەکو ئاوێنەیەکی قۆپاوە کە مانا و نیشانەکانی ئاڵۆزە.


باختین

ژۆلیا کریستیڤا ڕەتی کردەوە کە دەقێك هەبێ بوونی بەتاڵ بێ لە چوونە بارێکی دەقەکانی ترەوە، کەواتە هەموو دەقێك بریتییە لە تابلۆیەك لە وەرگرتنەکان، هەموو

دەقێکیش مژین و گۆڕینی دەقەکانی دیکەیە. نووسەر لە ڕوانگەی **میخائیل باختین** پێش دەکەوێت لە جیهانێکدا کە پڕ بێت لە وتەکانی کەسانی ترەوە، هەموو دوانێك لە بنچینەدا لە دوانی دیکەوە پێك دێت و یەکتر دەبڕن و بەشێوەیەکی ئاشکرا یاخود نهێنی هیچ دوانێك نییە بەبێ دوانی تر، پاشان دەڵێت: دەربڕینێك نییە کە پەیوەندی بە دەربڕینێکی دیکەوە نەبێت. باختین جەخت دەکات کە زەحمەتە جوداوازی لەنێوان دواندنی جیاواز لەناو دوانێکدا بکرێت، تیوری و توێژ و دەنگە هەمە چەشنەکان کە باختین دایمەزراند، پێشەکییەکی ڕیشەییە بۆ دەق ئاوێزان. بەمجۆرە یەکەم جار چەمکی وتووێژی




بەکاربرد لە پێناسەی هاوبەندی بنەڕەتیدا کە گوزارشتێك بە گوزارشتێکی تر دەبەستێتەوە. فۆرمالستی ڕووس شکلۆفسکی دەڵێت: کاری هونەری لە ڕوانگەی پەیوەندی بە کارە هونەرییەکانی ترەوە درکی پێدەکرێت. ڕۆلان بارت بەردەوام دەبێت لەسەر تیوری دەق و دەق ئاوێزان، دەڵێت: هەموو دەقێك



شتێك نییە، بەتەنیا چنینێکە لە گەواهییەکانی پێشوو نەبێت، بارت لە کتێبی چێژی دەقدا باسی دەق ئاوێزان دەکات، دەڵێت: نووسەر واتا چێ دەکات، واتاش ژیان دروست دەکات، دەقێك نییە کە بێ تاوان بێت. وەك بارت بۆی دەچێت، دەق ئاوێزانیش کاری مسۆگەری هەموو دەقێکە، بۆ نموونە بارت دەڵێت: (دانراوەکانی برۆست دانراوی سەرچاوەیین بە گوێرەی منەوە) بەلای بارتەوە دانەر کارێك ناکات تەنیا دووبارەکردنەوەکانی دەقەکانی دیکەیە، پاشان دەڵێت: مادام دەق لە کومەڵە دەقێکی تردا بەیەکدا چووە، بۆیە دانەرەکەی بە تەنیا دەبێتە




لەبەر گرەوەیەك و هیچی تر، بەردەوام دەبێت و دەڵێت کاتێك نووسەر پشت بە دەقەکانی تر دەبەستێت، وەکو خۆی دووبارەی ناکاتەوە، بەڵکو پاش هەڵوەشاندنەوەی، لە قالبێکی نوێدا دایدەڕێژێتەوە، کە ڕووخسار و ناوەرۆکی نوێی پێدەبەخشێت، لە شوێنێکی تردا بارت دەریخست کە دەق ئاوێزان

ڕەتکردنەوەی کەلەپوور و زاڵبوونە بەسەری. لەڕاستیدا دەق ئاوێزان ڕەتی کەلەپوور ناکاتەوە، بەڵکو بە یاسای جوداواز و وێنەی هەمەڕەنگەوە دەیگەڕێنێتەوە، دەق ئاوێزان لەلای ڕۆلان بارت وەکو سەرچاوەیەك وایە کە تیشکەکانی دەقەکانی دیکە ڕادەکێشێت و لەگەڵ سەرچاوە، یەك دەگرێت، تاکو دەقێکی نوێ چێ بکات، بایەخی **(تۆدۆرۆف)** بە دەق ئاوێزان لە توێژینەوەی باختینەوە سەرچاوە دەگرێت، وای دەبینێت کە چەمکی دەق ئاوێزان یەکسانە لەگەڵ چەمکی پەیڤین، لەسەر پێشنیاری ژۆلیا کریستیڤا ناوێکی نویێ لێنرا، ئەویش دەق ئاوێزان، لەسەر ئاستێکی زۆر ساکارتر هەموو پەیوەندییەك لەنێوان وتراوەکان بە دەق ئاوێزان دادەنرێت، هەموو بەرهەمە زارەکییەکان یاخود باسکراوەکان وتووێژ لەگەڵ یەکتر دەکەن و دەچنە نێو جۆرێك لە پەیوەندی کە پێی دەڵێن پەیوەندی وتووێژی. تۆدورۆف دەڵێت: ئاخاوتنێك نییە لە دەق ئاوێزان بەتاڵ بێت. هەموو دەقێك، دەقێکی لەنێودایە، هەموو دەقێك چوونە نێو دەقێکی ترە یۆری لۆتمان بایەخی بە دەق ئاوێزان دا، بەڵام بایەخەکەی لەسەر خوێندنەوە و وەرگرتن دروست کرد، ڕۆڵی کاریگەر بە خوێنەر و دانەری دەق دەدات و دەیکات بە بەرهەم هێنەری دەق ئاوێزان، ئەمەش بەهۆی مژین و گۆڕین و گوێزانەوە کە لەسەر دەقی نوێ پەیڕەو دەکرێت، بەڵام بەلای (لۆران چینی)یەوە دەق ئاوێزان، پرۆسەی توانەوەی دەقەکانە لە سەرچاوەی ناوەندیدا (دومنیك مانجینۆ) لە توێژینەوەکەیدا سەرەتایەك بۆ بەرنامەی شیکردنەوەی ئاخاوتن، بەمجۆرە چەمکی دەق ئاوێزان دیاری دەکات و دەڵێت: کۆمەڵە پەیوەندییەکە، کە دەق بە کۆمەڵە دەقێکی دیکەوە گرێ دەدات، بەڵام میخائیل ڕیفاتیر لە دوایین کارەکانیدا لەسەر



شێوازگەری بەم شێوەیە باسی دەق ئاوێزان دەکات و دەڵێت: بریتییە لە پەیوەندی نێوان کاری ئەدەبی و کارەکانی دیکەی پێشوودا. تیوری ڕەخنەیی نوێ بایەخێکی زۆر بە توێژینەوەی دەقی ئەدەبی دەدات، جا لە توێژینەوەی ئەدەبیدا بنەمای ڕەخنەیی لە دانەرەوە دەست پێدەکات، کە خاوەنی دەقە، لە میانەی گواستنەوەدا، دانەر دەسڕێتەوە، دەق شوێنی دەگرێتەوە، چەمکی دەق ئاوێزانیش بەرهەمی دەقە، کە پەیوەندی بەهێزی بە دەسەڵاتی دەقەوە هەیە لە توێژینەوەی ڕەخنەییدا، بەڵام ئەم دەسەڵاتەش هەروەکو خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو دەسەڵاتێکی تر پەیدا دەبێت، ئەویش دەسەڵاتی وەرگرە، کە تەوەری سێیەمە لە توێژینەوەی ڕەخنەییدا، بەم جۆرە چەمکی دەق ئاوێزان وەکو هەواڵێك لە توێژینەوەی دەقی ئەدەبی پەیدابوو، کە پەیوەندی بە دەقەکانی پێشووەوە هەیە، هەموو دەقێك تەشەنەکردن و گۆڕینی دەقی ترە کە **(جیرار جینت)** بە چوونە ناو یەکی دەقی ناو دەبرد، دەق ئاوێزان لە دەقی شیعری نوێدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە، هەوڵێکە بۆ هەڵدڕین و نوێکردنەوەی دەقی ئەدەبی، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی ڕەخنەییە بۆ تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبیدا، دیارە دەق ئاوێزان لە چەمکی نوێدا بە مانای کاوێژکردنی دەقەکانی لێ وەرگیراو نایەت، بەڵکو لە بنەڕەتدا کرانەوەی وتووێژە لەگەڵ دەقی وەرگیراودا بە مەبەستی خستنەکار و گێڕانەوەی بەرهەمداریدا.

# بەشی سێیەم

### ١- ڕەخنەی بونیادگەری

**هێڵە گشتییەکانی شیکردنەوەی بونیادگەری:**

١- بونیادگەراییەکان بە توندی هێرش دەکەنە سەر ئەو بەرنامەی کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی چوارچێوەی وێژە و ژینگە و هۆکاری دەرەکی دەدا، بەڵکو بونیادگەراییەکان جەخت لەسەر کرۆکی ناوەکی دەقی وێژەیی و بە تەنیا مامەڵە لەگەڵ دەق دەکات و هیچ گریمانەیەکی پێشوو وەکو پەیوەندی بە واقعی کۆمەڵایەتی، یاخود ئەدیب و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی لەبەرچاو ناگرێت، چونکە بە لایانەوە کاری وێژەیی بوونێکی تایبەتە کە ژینگە و ڕێکخستنی خۆی هەیە، واتە بنەمایەکی سەربەخۆیە، ئەم بنەمایە قووڵ و نهێنییە لە کۆمەڵە پەیوەندییەکی ورد پێك دێت.

٢- ئەم پێکهاتە قووڵە، یاخود ئەم تۆڕە لە پەیوەندی ئاڵۆز کە خۆی لە وێژە دەشارێتەوە.

بەلاینەوە ئەم شێوازە خولقێنراوە بە ڕێگای شیکردنەوەیەکی بەرنامەیی ڕێکوپێك دەدۆزێتەوە، ئەمەش وای کردووە کە لێکۆڵینەوەی بونیادگەریی لە هەموو ڕێبازەکانی تر جیابێت، چونکە دەگمەنە و توانای لە توێژینەوەی وێژە هەیە.

٣- پێناسەی ڕێبازی دەق پێناسەیەکی گرنگە و لەوانەیە بەم نزیکانە ببێتە زاراوەیەکی ڕەخنەیی کە هەموو ڕەخنەگران کاری پێ بکەن، پاش ئەوەی لە چەمك و نیشانەکانی بونیادگەرایی ڕووتی دەکەنەوە، دیارە بونیادگەری لە پێناسەی دەقدا بایەخ بە مانای دەق نادات، بۆ نموونە کاتێك ڕەخنەگرێکی



بونیادگەرایی لە ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفووز دەکۆڵێتەوە هیچ گرنگی بە مانای ڕۆمانەکە نادات، یاخود لەو هۆکارانە ناکۆڵێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی ڕۆمانەکە هەبووە، یاخود پەیوەندی بە ڕۆمانی تر یان نووسەری ترەوە هەبێت، چونکە ڕەخنەگرانی بونیادگەرای بەلایانەوە ئەم پرسیارانە کێشە چیّ دەکات؟ چونکە ژێریتی ڕێباز ئەوەیە کە بڕیار لەسەر ڕەگەزەکانی دەق دەدات، نەك ژێریتی ڕاڤە و لێکدانەوەی بکات.

٤- بونیادگەراییەکان دەڵێن، وێژە سەربەخۆیە و هیچ پەیوەندی بە ژیان و کۆمەڵگا یاخود بیرکردنەوەی دەروونی ئەدیبەوە نییە، چونکە وێژە شتیّ دەربارەی کۆمەڵگا ناڵێت، بەڵکو بابەتی وێژە هەر وێژەیە و هیچی تر.

٥- بونیادگەراییەکان دان بە خۆیەتی، یاخود کۆمەڵایەتی وێژە نانێن، چونکە بەلایانەوە وێژەبوونێکی زمانەوانی سەربەخۆیە، یاخود لاشەیەکی زمانەوانی یان ڕێبازێکی ڕەمزییە کە هیچ پەیوەندی بە دەرەوەی دەقەوە نییە، بونیادگەراییەکان مامەڵە لەگەڵ دەقی وێژەیی وەکو مامەڵە لەگەڵ ڕستە دەکەن، چونکە ڕستە لە زانستی زمانەوانیدا توانای باسکردنی لە زۆر ئاستدا (دەنگی، پێکهاتەیی و چەمکی) هەیە.

٦- بونیادگەراییەکان دان بە ئاسۆی مێژوویی، یاخود پێشکەوتنی وێژە نانێن، وای دەبینن کە هەر توێژینەوەیەك کە تێڕوانینی پێشخستن و بەدواداچوونی بەخۆوە گرتبێت، پڕ کەماسییە، بۆ هەوڵ و کۆششی ڕەخنەگران کە ویستی دۆزینەوەی پێکهاتەی بنچینەییان هەبێت، بۆیە پێویستە لایەنی واتایی کە مانا دەگەیەنێت لە ئەدەبدا، دەبێت پشتگوێ بخرێت.

٧- بۆ گەیشتن بە بنەمای کاری ئەدەبی پێویستە دەقەکە پاك بکرێتەوە لە

بابەت و هزر و مانا و ڕەهەندی خۆیەتی و کۆمەڵایەتی، پاش پرۆسەی پاڵاوتن، دەست بە شیکاری دەقەکە لە ئاستەکانی ڕێزمانی و ئاواز و شێوازەوە دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر کارە ئەدەبییەکە ڕۆمان بوو، ئەوا ڕەخنەگری بونیادگەری یەکەم جار دەقەکە پارچە پارچە دەکات، بەسەر یەکەیەکی سەرەکی کە باس لە کاری کەسانی ڕۆمانەکە دەکات و یەکەیەکی ناسەرەکی کە لەباری کەسەکان و کەش و هەوایان دەکۆڵێتەوە، بونیادگەراییان وا دادەنێن کە باری ئەدەبی ڕۆمانەکە، هەروەها کات و شوێن و ناسنامەی کەسەکان و سەر بە چینێکی کۆمەڵن. ئەمانە ئەرکێکی دیاریکراو پێك ناهێنن کە کاریگەری لە ڕەوتی گشتی ڕۆمانەکە بکات، پاش دیارکردنی ئەرکەکانیان لە ڕۆمانەکەدا، هەنگاوێکی تر دەگیرێتە بەر، ئەویش کورتکردنەوەی دەقەکەیە لە هەموو ئاماژەیەکی کاتی و شوێنی و هەموو ڕەگەزەکانی کە سیمای گەیاندنەکییان هەیە، پلانی ئەرکەکان لە زۆر بواری تردا جێبەجێ دەکرێت، بە تایبەتی لە بواری سینەما، شانۆ، تەنانەت لە چیرۆکە شیعردا.

٨- بۆ دۆزینەوەی بونیادی دەقەکە، جەخت لەسەر لێکچوون، هاوتابوون، دژیەك، دژکاری، تەریببوون، هاوسێ بوون، بەرامبەری لەنێوان ئاستەکانی ڕێزمانی و ئاواز و شێوازگەریدا دەکرێت، لە بواری شیکردنەوەی دەنگیدا جەخت لەسەر ڕاگرتن، بەرزکردنەوە، پارچە ئاواز دەکرێت، لە بواری شیکردنەوەی پێکهێنانیدا جەخت لەسەر دەستپێك، گوزارە، پەیوەست، ئاوەڵناو، باسکراو، سازکردن لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام لە بواری شیکردنەوەی واتاکاندا وشە و پێکهاتە و دارشتنی لێوەرگرتن، هاوڕێتیکردنی زمانەوانی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.



٩- ئەگەر بونیادگەراییەکان دەق بەم شێوەیە کورت دەکەنەوە، و بایەخ بە مانا و بابەت و چارچێوەی کاتی و شوێنی، یاخود ڕەهەندی خۆیەتی و کۆمەڵایەتی نادەن، کەواتە ڕۆڵی خوێنەر چییە؟

بونیادگەراییەکان وەڵام دەدەنەوە کە دەق گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆی دەکات، خوێنەر، نووسەری کرداری دەقەکەیە، بونیادگەراییەکان وای دەبینن کە خوێنەر خود نییە، بەڵکو کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوە لە ڕێگای خوێندنەوەی پێشوو دروست بووە، پاشان خوێندنەوەی بۆ دەقەکە و کاردانەوەی بەرامبەری بەم خوێندنەوانە دیاری دەکرێت.

**کۆڵەگە مێژووییەکانی بونیادگەرایی:**

کۆڵەگەی دیرۆکی بونیادگەری قوتابخانەی فۆرمالستی ڕووسەکە کە لە بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو پەیدابووە، یاخود قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ کە لە چلەکان و پەنجاکاندا سەدەی ڕابردوو لە ئەمریکا دەرکەوت، سەرەڕای بیروڕاکانی **ت.س. ئەلیۆت** بە تایبەتی هاوسەنگی بابەتی لە بەدیهێنانی وێژەیدا. قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕووسی بانگەشەی بۆ پێویستی جەختکردنی پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق دەکات، دەڵێن کە بابەتی توێژینەوەی وێژە پێویستە بە وێژەیی وێژە گەمارۆ بدرێت. وێژەییش پێك دێت لە شێواز و ئامرازەکان کە وێژە لە شتەکانی تر جیادەکاتەوە، بۆچوونیان بۆ چەمکی وێژە وێنەیەکی ڕەمزییە، یاخود ئاماژەیەکە بۆ توێژینەوەی ڕێبازێکی بەردەوام کە لەسەر هەڕەمەکێتی ڕەمز دامەزراوە کە بە هیچ شێوەیەك ڕەنگدانەوەی واقع



ئەلیۆت

نییە، هەموو فەرمانێکی پێشوو لە پەیوەندی وێژە بە هزر و فەلسەفە و کۆمەڵگاوە بە دوورخاتەوە و لێکی دادەبڕێنێت، باسی کاریگەری واقعی کۆمەڵایەتی لەسەر وێژە ناکات، بەڵکو ئەرکی وێژە دۆستایەتی و هەموو شتی کۆن لە جیهاندا لەبار دەبات. واتە ڕێکخستنی



ڕەگەزەکانی کاری وێژەیی و ئامرازەکانی بە مەبەستی بەدیهێنانی پەیوەندی جوداوازە لەو پەیوەندییە باوانەی کە لەنێوان مرۆڤ و جیهاندا بوونی هەیە، پەیوەندییەکە کە ڕێگا بە نوێبوونەوەی پێ زانینی هەستی مرۆیی و جیهانی دەکات.

هەندێك لە ڕەخنەگران وای دادەنێن ئەو ئەرکانەی کە قوتابخانەی فۆرمالستی ڕووس بەرزی کردبووەوە، بە تایبەتی لە بواری وێژەییدا، کاتێك بونیادگەراییەکان دەرکەوتن، پەرەیان پێ دا و لە بواری تیۆری و پراکتیکیدا جەختیان لەسەر کردەوە. هەروەها پەیوەندی و دۆستایەتی بەهێز لەنێوان بونیادگەرایی و قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ لە ڕوانگەی چەمکی وێژەوە بەدەردەکەوێت، **عەزرا پاوەند** دەڵێت: شیعر جۆرێکە لە بیرکاری هونەری، بەڵام **هیۆم** بابەتی هونەری شیعری ڕەتکردەوە و جەختی لەسەر قاڵبی شیعری کرد، کەچی **جۆن کروانسۆم** وای بۆ دەچێت کە مەبەستی شیعر خودی شیعرە، ئەگەر شایەنی توێژینەوە بێت، ئەوا هەر شیعرە پێش هەموو شتێکی تر، ڕەخنەگر لەبەر ڕۆشنایی ئەم قوتابخانەیە لە دەقەوە دەست پێدەکات و بە دەقیش کۆتایی پێ دەهێنێت.



عەزرا پاوەند

## ڕێساکانی بونیادگەرایی:

دەتوانین بڵێین کە بونیادگەرایی لە بنەچەدا هەوڵێکە بۆ پەیڕەوکردنی بەرنامەی زانستی زمانەوانی گشتی، بەتایبەتی ئەو بەرنامەیەی کە زمانەوان فردیناند دی سۆسێر (١٨٥٧- ١٩١٣) لە توێژینەوەی زمانەوانیدا بەجێی گەیاند، چەمکی بونیادگەرایی لە زانستی زماندا، پاڵ بە بارت و تۆدۆرف و کەسانی ترەوە نا کە دۆزینەوە لە ڕەگەزەکانی ڕێسای وێژەدا بکەن، دەکرێت ناساندنێکی خێرایی بنەمای بونیادگەرایی لە ڕێی خستنەڕووی تیۆری دی سۆسێر لە زانستی زمانی ڕاست و تەنیا هەر زمانەکە لە خودیدا و لەپێناویدا جیاکەرەوەیە لەگەڵ قسەی دەربڕاو نووسراودا. زمان لە شیکردنەوەی دواییدا ڕێسایەکی هێماییە، واتە زانستی زمان بایەخ بە زمانی دیاریکراو دەدات، ئاوڕ لە تاك ناداتەوە، چونکە لە هۆشیارییەوە دەردەچێت، ئەگەر دی سۆ سێر جیاوازی لەنێوان زمان و وتەکان، یاخود لەنێوان زمان وەکو ڕێسا و زمان وەکو بەکارهێنانی لە قسە و نووسیندا دەکات. بونیادگەراییەکان جیاوازی لەنێوان وێژە و داهێنانی وێژەیی دەکەن. وێژە بە پەیڕەوێکی ڕەمزی پێناسە دەکەن، لەژێرەوەی ڕێبازێکی پەلوپۆیە کە پێی دەڵێن جۆرەکانی وێژە، بەڵام کرداری وێژەی دەقی وەدی هاتووە، زانستی وێژە هەروەکو تۆدۆرف دەیبینێت خەریکی لێکۆڵینەوەی وێژەیە، خۆی بە وێژەی واقع مژۆڵ ناکات، بەڵکو خەریکی وێژەیی چەسپاوە، واتە ئاوەڵناوی تەنیا کە تایبەتە بە دیاردەی وێژەیی، ئەویش وێژەیی وێژەیە.

بیرۆکەی ڕێکخستن کە ڕەگەزەکانی دەق بەڕێوە دەبات، دەتوانرێت لەڕێی



تۆڕی پەیوەندییە قووڵەکانی نێوان ئاستەکانی ڕێزمان و شێواز و ئاوازەوە بیگەیەنێت، کە بیرۆکەی پەیوەندییەکانی زمانەواییەوە وەرگیراوە، کە بە بنەمای تیۆری دی سۆسێر دەژمێردرێت، کاتێك وتی: زمان چەند وشەیەکی دیارکراوی مانادار نییە، بەڵکو کۆمەڵە پەیوەندییەکە، مانای وشە بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ وشەی ترەوە نەبێت دیاری ناکرێت، وشەی دەرگا بە تەنیا بەدەرناکەوێت لە ڕێگای وشەی پەنجەرەوە نەبێت، ئەگینا هەموو کونێك لە دیواردا بە دەرگە دەژمێردرێت، پەیوەندی نێوان دەنگی وشە و چەمکەکانییەوە پەیوەندییەکی زۆردارانەیە، بە واتای هیچ پەیوەندی چەمکی درەخت بە دەنگی وشەکەیەوە نییە، بە بەڵگەی ئەوەی دەنگی ئەم شتە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و چەمکەکەش بە هۆش دیاری دەکرێت.


الطاهر بن جلون

**تێبینی گشتی:** لە بواری ئەدەبیدا پێناسەی بونیادگەرایی وێژە لاشەیەکی زمانەوانییە،

یاخود کۆمەڵە ڕستەیەکە لە دەربڕینی **ڕۆلان بارت**، ئەم پێناسەیە سەرەڕای ئەوەی کە ناکامە لەهەمان کاتدا زۆر کێشە دەورووژێنێت و پێویست دەکات وتووێژی لەسەر بکرێت، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە زمان کەرەستەی وێژەیە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە وێژە زمانە، بەرد کەرەستەی پەیکەرە، بەڵام پەیکەر بە تەنیا بەردی ڕووت نییە، شتێکی بێسوودە کە پێناسەی پەیکەر بکەین کە لاشەیەکی بەردییە، پێناسەی چیرۆك ئەگەر کۆمەڵە ئەرك، یان کۆمەڵە ڕستەیەکی ڕێزمانی، یاخود کرداری ڕێزمانی بێت، دانانی وتەی وێژەی بە گشتی بە وتەی واقعی زمانزانی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیماکانی ئەدەب و هونەر، چونکە هەر کارێکی زمانزانی، نەك وێژەیی، کۆمەڵە ڕستەیەکە دەشێت بۆ لێکۆڵینەوە، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ بانگەوازی بونیادگەرایی کە ڕژدە لەسەر وێژەیی وێژە و کە لە بەرنامەکانی تر دەیپارێزێت.

پاشان بونیادگەرایی سەیری دەق وەکو بوونێکی داخراو لە شوێن و کات دەکات. بەم شێوەیە دەق لە نووسەر و ژینگەکە دادەبڕێنێت، دەقی وێژەیی ڕەگی لە بزووتنەوەی واقعی کۆمەڵایەتی پچڕاو دەبێت، لەدوایدا بونیادگەرایی دەق وەکو شتێکی وەستاو ناگەشەسەندوو دەبینێت، کە نە کاریگەری و نە کارتێکردنی بەسەرەوە دەبێت، کەواتە دەدان بە پێشکەوتنی شێوەکانی وێژەیی و هونەری نانێت و هەوڵ نادات لەم کێشەیە نزیك بێتەوە، بەڵکو مێژوویەتی دەق ڕەت دەکاتەوە، بەم جۆرە هەزار و یەك شەوە لەگەڵ ڕۆمانەکانی **گاهر بن جلون** یەکسان دەبێت، هەموو ئەم بە بیانووی وردی و بابەتی و زانستی لەپێناو پابەندبوون بە وێژەیی وێژە پەیڕەو دەکات، لە بواری ڕەخنەدا



بونیادگەری مەبەستی ڕێبازی دەقە، یاخود بنچینەی سەرەکی دەدۆزێتەوە، ڕەتی ئەوە دەکاتەوە کە ڕەخنە بەرەو ئاشکراکردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی دەق بچێت، یان ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە داهێنانی زمان و نووسەرەوەیە، لەبەر ئەرکی بونیادگەری بە بابەتی چێژ و تێگەیشتنەوە گەمارۆدراوە، وەکو دەردەکەوێت لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەش دەستەوەستانە، لەبەر هۆیەکی زۆر ساکار ئەویش پەسەند نەکردنی لێکدانەوەیە، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە هیچ جۆرە تێگەیشتنێك بەبێ لێکدانەوەی هەر دیاردەیەکی ئەدەبی، یاخود نا ئەدەبی چێ نابێت، ئەوەی بەدەست دێت ئەوەیە، ئەم بەرنامەیە ڕێگامان پێ نادات کە ڕێسای ڕەخنەگری بە ئەنجام بگات، چونکە بەرنامەیەکی شێوەکی باسکردنەکییە بایەخ بە بەها نادات، ئەمەش وا دەکات کە بەبێ توانا لە جیاکردنەوەی کرداری وێژەیی باش و خراپ و کۆن و نوێدا، لە کۆتاییدا پرۆسەی پاککردنەوە و لێکبڕینی مانا و بابەت و ڕەهەندی خۆیەتی و کۆمەڵایەتی بەرەو شێواندنی کرداری وێژەیی دەبات، لە سیمای وێژەیی و هونەریدا ڕووتی دەکاتەوە، بۆیە خوێنەر هەست دەکات کە هەندێك لە ڕاهێنانەکانی بونیادگەری لە دەقەکانی ئەدەبیدا لەنێوان لایەنگرانی بونیادگەراییەکان دەتاوێتەوە، هونەرەکەی نامینێت و خاوەنەکەشی ون دەبێت. مەترسییەگەورەکانی هزری بونیادگەری کە پێشکەوتن هەڵدەوەشێنێتەوە و گرنگی بە پەیڕەو دەدات و بەتێڕوانینێکی وەستاوە و لە مێژوو دەڕوانێت، وای دەبینێت کە مێژوو کۆمەڵە ڕێسا و ڕێکخستنێکە کە ویستی مرۆڤایەتی لە ڕوودانی هەر شێوانێك لە پێکهاتە و ڕەوتیدا هیچ توانایەکی نییە، دیارە ژێری مرۆڤایەتیش لە ڕوانگەی ڕێکخستنەوە بیر دەکاتەوە، ژێری هەر ژێرییە لە

سەرەتای مێژووە تاکو ئێستا، ئەم هەڵدێر و مەترسییانە پاڵی بە ڕەخنەگرانی هاوچەرخەوە نا کە بەرنامەیەکی نوێ لە باسکردنی کرداری وێژەیدا بخەنە ڕوو، ئەمەش هاتوهاوارێکی لەنێوان ڕۆشنبیران و گەورە ڕەخنەگرانی ئەورووپا و وڵاتانی عەرەبی نایەوە، کە لە بەرنامەی دانانی بەرنامەی بونیادگەرایی کەمتر نەبوو، ئەم ڕەخنەگرەش **لۆسیان گۆلدمان** (١٩١٣-١٩٧٠) کە ناوی لە بەرنامەکەی نا بونیادگەری ڕەچەڵەکی تاکو لە بەرنامەی بونیادگەرانەی زمانەوانی، یاخود شێوەیی جیای بکاتەوە، کە ڕۆلان بارت و تۆدۆرف نمایندەیان دەکرد، سەرەڕای ئەمەش گولدمان بە توندی هێرش دەکاتە سەر بونیادگەرایی شێوەیی وای بۆ دەچێت کاتێك کە ڕەهەندەی خۆیەتی هەڵدەوەشێنێتەوە واتای هەڵوەشاندنەوەی مێژوو مرۆڤ دەگەیەنێت، کاتی فەرمان پشتگوێ دەخات، واتای ڕووخاندنی چەمکەکانە، بەرنامەی گۆلدمان لە ناوەڕۆکدا هەوڵێکە بۆ سوودوەرگرتن، یاخود پێشخستنی بونیادگەرایی شێوەیی.



لۆسیان

بونیادگەرایی لە وڵاتانی عەرەبیدا لە حەفتاکاندا سەری هەڵدا، ئەمەش کاتێك ڕوویدا کە ڕەخنەگران هەستیان کرد بەرنامەی ڕەخنەی پێشوو بەرنامەیەکی پڕ کەماسییە و پێویستە قۆناغی کارتێکردنێتی لە بواری ڕەخنەدا ببەزێندرێت، لەلایەك، لە لایەکی ترەوە قەیرانی دیموکراسی لە



وڵاتانی عەرەبیدا وای کردووە کە بەرنامەی فۆرمالستی و شێوەیی پەناگەیان بۆ ڕەخنەگران و ڕۆشنبیران نییە، ڕەخنەی بونیادگەری لە بواری توێژینەوەی ڕەخنەیدا چاپوکە لە زانکۆکانی ئەورووپادا گەشەی کردووە و پەیوەندی نێوان زمان و کاری وێژەیی بابەتی توێژینەوەی فراوانە بە هۆی هەوڵی **ڕۆلان بارت** و قوتابییەکانی و کۆششی تری لێکۆڵەرەوەکانی قوتابخانەی باڵای زانستی زمانەوانی لە پاریسدا کە جەختیان لەسەر گرنگی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمانی نیشانە و خودی نیشانە لەژێر ڕاستییەکانی مرۆڤ زانی و زمانەوانیدا کردەوە، بە مەبەستی دۆزینەوەی مانای نهێنی نیشانەکان و وازهێنان لە تێگەیشتنی جوانی ڕاستەوخۆ کە زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنەگران و توێژەرانی کۆن پەیڕەوی دەکەن، کاری وێژەیی هەروەك **بارت** بۆی دەچێت، لە چەمك و ڕەمزی هەمەجۆر پێکدێت و پێویستە جەختی لەسەر بکرێت و بەرزبکرێتەوە تاکو تێگەیشتنمان لەبارەی کاری وێژەییەوە قووڵتر بێت. بارت لە سییەکاندا بەدواچوونی زانستی لە بواری توێژینەوەی ڕەخنەیدا


ڕۆلان بارت

بە ئەنجام دەگەیەنێت، بەتایبەتی ساڵی (١٩٥٢) کە کتێبی (پلەی سفری نووسین) بە چاپ گەیاند، لەو کاتەوە ڕۆشنبیران ئەم بەشداریکردنەی بارت بە قۆناغێکی گرنگیان لە قۆناغی ڕەخنەی فەڕەنسی هاوچەرخدا ناساند.

لەڕاستیدا ڕەخنەی فەڕەنسی ڕەوتی بونیادگەرایی تێدا بەدیارکەوت، پێش ئەوەی کارەکانی بارت پەیدا بن، ڕەخنەی ئەدەبی چالاکی ژێرێتی بوو، کە ئەرکە سەرەکییەکانی دۆزینەوەی چەمکە ڕەمزییەکان بوو، بارت وەکو ڕۆناکبیر و ڕەخنەگرێکی بونیادگەری یەکگرتن لەنێوان نیشانە و زمان پێک دێنێت، کە نیشانە زمانێکی ڕەمزییە، لەهەمان کاتدا پێکهاتەیەکی شێوەکییە، دیارە ڕاکانی بارت لە بارەی چەمک و نیشانەکان شتێکی نوێ نییە، چونکە پێشتر دی سۆسێر جەختی لەسەر ئەم ڕاستییانە لە کتێبی (وانەکانی زانستی زماندا) کردووەتەوە، بەڵام شتی نوێ لەلای بارت سووربوونی لەسەر پێویستی پشتبەستن لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بە شیکردنەوەی زمانی نیشانەکان، بەو پێیەی کە ئاسۆی زمانەوانی کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینەی ڕەخنەیە، ڕەخنەی بونیادگەری ئاسۆیەکی نوێ لە بەرامبەر ڕەخنەگر کردووەتەوە کە توانای چێکردنی زانستێکی نوێیە لە ڕەخنەی زمانەوانیدا، ئەم ڕەخنەی زمانەش جەخت لەسەر زمانی ئەدەبی دەکاتەوە، مەسەلەی مانا پشتگوێ دەخات و بەلایەوە دەق زمانە و لە ڕێگای مانا، یاخود چەمکەکانەوە نەبێت تێی ناگەیت، دەق هەر بەدەقی دەمێنێتەوە، چونکە لەگەڵ خۆی وتووێژ دەکات، هەر دەقێکیش دوو بەهای ئەدەبی هەیە، ئەویش خوێندنەوە و نووسینە.



### ٢- ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی

لە ئەدەبدا هەڵوەشاندنەوە ڕێبازێک یاخود تیورێک نییە، بەڵکو نەخشەیەکی خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکی ئاخفتنەکانی فەلسەفی و ئەدەبی و ڕەخنەییە، لەڕێی داکوتان و تێکدانی لە ناوەوەی دواندنەکاندا، لەسەر بنەمای پرسیار و خستنەڕووی لە ناوەوەدا. ئێمە دەزانین کە تیورێکی ڕەخنەیی نییە پاشخانێکی فەلسەفی و هزری لە پشتەوە نەبێت، ڕەخنەی ناوەڕۆکی لەسەر بنچینەی فەلسەفەی **مارکس** بنیادنراوە، یاخود ڕەخنەی شێوەیی پشت بە ئەرێتی لۆژیک دەبەستێت، بۆیە حەقی خۆمانە بپرسین ڕەگوریشەی فەلسەفی کە نەخشەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لەسەری دامەزراوە، سەرەڕای ئەوەی کە بیردۆزی هەڵوەشاندنەوە جاک دیریدا دانی پێدادەنێت کە هەڵوەشاندنەوە ڕێباز نییە. ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوە **پۆل دی مان** جەختی لەسەر ئەوە کردووە، کە سەردەمی زاڵبوونی دەسەڵاتی کاری ئەدەبی کۆتایی هاتووە و



سەردەمی نوێ کە دەسەڵاتی خوێنەرە دەستی پێکردووە. لە ڕەخنەی ئەدەبیدا هەڵوەشاندنەوە گرنگترین بزووتنەوەیە پاش بونیادگەرایی، جگە لەمەش ئەم بزووتنەوەیە زۆرترین گفتوگۆی لەسەر کراوە، کەواتە نەخشەی هەڵوەشاندنەوە لەسەر بنچینەی ڕێگایەکە بۆ تێڕوانین و تەماشاکردنی ئاخاوتن دامەزراوە، لەلایەکی تر خستنەڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و بونیادگەرایی باسکردنەکی دەوەستێن، ئامانجی ئازادکردنی کاری خەیاڵکردنەوە و لەباربردنی ئاسۆی نوێیە لە هەمبەر پرۆسەی شاکارێتیدا، هەوڵێکە بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی گشتی کە لە دیدەنی تایبەت بەهزری ڕۆژئاوا دوورکەوێتەوە. لە دەستپێکی ئەفلاتوونەوە تاکو دەگا بە دی سۆسێر بۆ هەڵسەنگاندنی لە ئاسۆیەکی داخراودا، ئەم دیدەنیانە نەخشەیەکی جێگرەوەیە بۆ خوێندن و نووسین، یاخود بۆ نزیکبوونەوەی دەقەکان. لەم سووچەوە بێلایەنانە نییە، بەڵکو هەوڵی وەرگێڕاندنی دژبوونی کلاسیکی و لابردنی ڕێبازە. خۆسیە ماریا وای دەبینێت، کە هەڵوەشاندنەوە تیورێك نییە لە زمانی ئەدەبیدا، بەڵکو باسکردنی ڕێگایەکی دیاریکراوە بۆ خوێندنەوەی دەقەکان، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە هەندێك ئامانجیدا لەگەڵ بنچینەکانی تیوری پێشوازیکردن و وەرگرتن بەیەك دەگەنەوە، بەتایبەتی لە بواری ئازادکردنی پرۆسەی خوێندنەوەدا، هەرچەندە جیاوازی ئاشکرا لەنێوان فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە و تیوری پێشوازیکردندا هەیە، هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەو مانایە دژ بە ئاراستەی هزری ڕۆژئاوا دەوەستێت، واتە دژ بەماڵیکردن، یاخود تێدا بوونە لەڕێگای ڕەتکردنەوە، ڕێکخستنی زمانەوانیدا جەخت لەسەر فرەیی و جیاوازی دەکاتەوە، ڕەتی بوون و بەرزبوون دەکاتەوە، بەمەبەستی تێکدانی






نموونەکانی ئامادەبوونە، کە ئەمەش هاریکاری پەیدابوونی جێگرەوەی شارستانی و هزری و فەلسەفی دەدات کە جوداوازە لە میتافیزیقیای ڕۆژئاوا. لەم ساڵانەی دواییدا لەوانەیە تیورێك نەبێت لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، شەپۆلێکی لە سەرسامی و سڵەمینەوەی چێ کردبێت، وەك هەڵوەشاندنەوە بەخۆوەی بینی، بەتایبەتی **(ج. هیلیس و پۆل دی مان و جیفری هارتمان و هارۆلد بلۆم)** کە لە بواری تیوری و پراکتیکیدا بە پێشڕەوانی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێن، هەرچەندە شێواز و گوڕ و جۆشیان جوداوازە، تیوری **دریدا** لە هەڵوەشاندنەوەدا ڕووبەڕووی دوو گرفت بوویتەوە: لەلایەك شێوازی **دریدا**، کە تایبەتە بە وروژاندنی سەرسامی، لەلایەکی ترەوە بیروڕاکانی ڕەخنەیی بەلێکدانەوەی ناتەواو یاخود خراپ تێگەیشتن دادەنرێت، هەرچەندە ڕۆشنایی زۆر دەخاتە سەر هەندێك لە چەمکە گرانەکان کە خۆی پێکی دەهێنێت.

**م. هـ. ئەبرامز** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دیارترین بەش لە تیوری دریدا ئەوەیە کە توێژینەوەکەی لە زمانەوە بۆ نووسین دەگوازێتەوە، ئەویش دەقی نووسراو و چاپ کراوە، بەڵام **نیوتن گارفەر** دەڵێت: **دریدا** یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی زمان، کە جەختی پێشتری لەسەر ڕەوانبێژی دەکاتەوە، بەر لە لۆژیك. **هیلیس میلر** دەڵێت: هەڵوەشاندنەوە بوار و

کایەیەکی ڕەوانبێژییە، **مۆراس کریکەر** باوەڕی وایە کە دریدا بونیادگەرییەکی ڕەخنەییە کە بەسەر بونیادگەرایی زاڵ بووە، دەتوانین بڵێین تیوری هەڵوەشاندنەوە پێویستی بە شیکردنەوەی نوێ هەیە و هەر هەوڵێك کە ڕەخنەگرێك بیەوێت شیکردنەوە لەسەر تیوری هەڵوەشاندنەوە بکات، پێویستی بە پێناسەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی نییە، چونکە ئەم تیورە پڕ دڕکاوی ئاڵۆز و زەحمەتە.

**فریدریك جیمسۆن** جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هزری دریدا ئەندێشەی میتافیزیقی تێپەڕاند و لە نمونەی کۆن دوورکەوتەوە، تاکو بتوانێت لەنوێ وردبێتەوە و دۆزینەوە بکات. دریدا لە فەیلەسووفەکانی تردا لەو باوەڕەدایە کە بیرسا (منطق) لە ڕەوانبێژی داهێنراوە، ڕەگوڕیشەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ ئەو کۆڕە دەگەڕێتەوە کە زانکۆی جۆن هۆبکنز دەربارەی زمانی ڕەخنەیی و زانستی مرۆڤ لە ساڵی (١٩٦٦) سازی کردبوو، ئەم دیرۆکە بە یەکەم ڕاگەیاندنی لەدایکبوونی هەڵوەشاندنەوەگەرایی دادەنرێت، لەو سمینارەدا کۆمەڵێك لە ڕەخنەگران و توێژەران وەکو **ڕۆلان بارت** و **تۆدۆرۆف** و **لۆسیان گۆڵدمان** و **جاك لاکان** و **جاك دریدا**






بەشدارییان تێدا کرد، خودی دریدا بە ناونیشانی پێکهاتە و نیشانە لە ئاخاوتنی زانستی مرۆڤایەتی بەشدار بوو، هەردوو بابەتی لە کتێبی نووسین و جیاوازدا بڵاوکردنەوە.

دەرکەوتنی هەڵوەشاندنەوەگەرایی شۆکێکی چێ کرد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بێجگە لەدوو ڕەخنەگری ئەمریکی پول دی مان کە لە بونیادگەرایی و هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەشداری کرد، و **ج. هیلیس میللەر** دەقێکی زۆری شاعیران و ڕۆماننووسانی بەپێی ڕێبازی ڕەخنەیی خوێندەوە، ویستی لە ناوەندی هەردەقێکدا ناکۆکی کۆتایی بدۆزێتەوە، میللەر پێیوایە، کە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە هەوڵ دەدات ئەم ڕەگەزانە بدۆزێتەوە، کە جەوهەری ناکۆکییەکانە. لە سەرەتای حەفتاکاندا هەڵوەشاندنەوەگەرایی چووە ناو ژینگەی ڕەخنەی ئەدەبی و ناوبانگی دریدا لە **زانکۆی ییل و جۆن هۆبکنز** دەرکەوت و کتێبەکەی نووسین و جیاوازی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی زانستی نووسین وەرگێڕدرا. لەوانەیە لە ئەوروپا هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەو بەختەی نەبووبێت وەکو لای



کۆمەڵەی ییل، لە ڕەخنەگرانی ئەورووپی کە بەشداری لە نەخشەی هەڵوەشاندنەوە کرد، ڕەخنەگری فەڕەنسی **ڕۆلان بارت** بوو، کە ناکرێت ڕۆڵی بارت لە یەك چوارچێوە دیاری بکرێت، بەڵکو بەشداری شەپۆلە ڕەخنەییەکانی هاوچەرخی کرد، بەجۆرە بارت چارەکە سەدەیەك بەشداری لە هزری بونیادگەری و پێشخستنی چەمکی نووسین کرد و لە توێژینەوەی ڕەخنەیی دەقدا کە ساڵی (١٩٧٠) بڵاوکرایەوە، هەروەها ساڵی (١٩٧٣) چێژی دەقی دەرکرد، کۆمەڵی ڕەخنەگرانی ییل لە ئەمریکای باکوور پەیدابوون، سەرەڕای جوداوازی هزر و ڕۆشنبیرییان لە هەشتاکاندا بایەخیان بە تیوری خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوە دەدا، بیروڕاکانی ئەم کۆمەڵە ڕەخنەگرانە لە کتێبێکدا بە زمانی ئینگلیزی باشترین ڕەخنەگرانی ئەمریکی کە ڕۆڵی گرنگیان لەم بوارەدا گێڕا، وەکو پۆل دی مان و هارۆلد بلۆم و جێفری هارتمان و هیلیس میللەر بوون. ئەگەر سەیری ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە بکەین، بەشێوەیەکی کورت سیمای گشتی ڕوون بکەینەوە، پێویستە کە خوێنەری ڕەخنەگر دوو هەنگاو جێبەجێ بکات، یەکەم خوێندنەوەیەکی قەڵب کەرەوانەی دەق بەمەبەستی دیارکردنی شوێنی ئاڵۆز و هەڵوەشاندنەوەی شتە جێگیرەکانی، لەم هەنگاوەدا خوێنەر چارەسەری دەق دەکات وەکو پێکهاتەیەکی زمانەوانی، هەوڵ دەدات سیمای ڕەوانبێژی بدۆزێتەوە، گۆڕینی ئەرکی ڕەگەزەکانی دەق کۆمەڵێك ڕێسای تایبەتی نیشانە و ئاماژە و واتاکانی بەڕێوە دەبات ئامانجی بەدەرخستنی ڕۆڵی خوێنەری تاکە لە پێشکەشکردنی دەق، یان ڕاڤەکردنیدا، کە هەر خوێندنەوە و یاخود ڕاڤەیەکی دەقەکە، خراپەکردنە



بە خوێندنەوە و ڕاڤەکانی پێشوو، ئەمەش وا دەکات کە دەق کراوە و بێکۆتایی بێت، لەکاتی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقدا هەموو چەسپاو و دابێکی ڕەخنەیی دوور دەخرێتەوە. مامەڵەکردن لەگەڵ نیشانەی زمانەوانی لەسەر بنەمای چەسپاونەبوونی لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ڕاڤەکردنی بە ڕەهایەکی ئازاد بە مەبەستێکی دیارکراو پابەند نابێت، یاخود ناوەندێکی جێگیریان بیرسایەکی زانستی تەرخانکراو، بەم شێوەیە خوێنەر سەرچاوەی سەرەکییە و خۆی مانای بەدەردەخات، لەهەمان کاتیشدا توێژینەوەی لەسەر بە ئەنجام دەگەیەنێت، لەسەر ئەم بنچینەیە خوێنەر ماناکەی دیاری دەکات و هیچ بەهایەك بۆ مانای وەستاوی، هەروەها هیچ ڕێزێك بۆ مەبەستی نووسەرەکە لەبەرچاو ناگرێت، چونکە دانی پێدا نانێت کە لە دەقەکەدا بوونی هەبێت، خوێنەر ڕۆڵی نووسەر دەبینێت، لەهەر خوێندنەوەیەکی لە دەقەکەدا جێبەجێی دەکات، خوێنەر ئامانجی دۆزینەوەی دەقەکە نییە، لەبەر ڕووناکی سیمای خودی و بابەتیدا، بەڵکو لەبەر تیشکی بیرۆکەیتی دەروونی و زمانەوانیدا، یاخود بۆچوونی تاکی تایبەت، دەیەوێت بە پێوانەی کەسایەتی خۆی دەقەکە ببینێت، بەجۆرە دەق مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە ڕەنگدانەوەی بیرۆکە و باری دەروونی و ڕۆشنبیری تاکێتی، نەك ڕەنگدانەوەی خودی دەقەکە، ئەگەر بپرسین مەبەستی خوێنەری ڕەخنەگر لەمەدا چییە؟ وەڵامەکەی گەڕاندنەوەی داڕشتنی دەقە و ڕێسای نیشانەکانە لە بۆ زمانی یەکەمی، واتە زمانی داڕشتنە، کە زمانێکە وەکو زمانی شیعرە، خوێنەری ڕەخنەگر دایدەهێنێت، کارەکەی دەبێتە دەقێکی داهێنراوی خودی لە بازنەی

ئەدەبدا، نەك لە بازنەی زانیاری مرۆڤایەتیدا، خوێنەری ڕەخنەگر لەژێر سایەی ئەم چەمکەدا چارەسەری دەق ناکات، چارەسەرێك کە هەموو ڕەگەزەکانی بگرێتەوە، بەڵکو بەشێکی بەخۆوە دەگرێت، بەتایبەتی کە سەر بە بیرسا نەبێت و لەهەمان کاتدا پێویستی بە کایە و توێژینەوەی زانستی نەبێت، ئاشکرایە چارەسەری هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ دەق پشت بە تیوری ئەدەبی، یاخود بە تیوری واتایی یان ڕاڤەیی نابەستێت، بەڵکو ڕێبازێکی دیارکراوی خوێندنەوەی دەقە، لە ڕوانگەی ئەو بنەمایە تێدەگەین کە خوێنەر تەوەری سەرەکییە لە پێکهاتەی دەق و دیارکردنی ماناکەیدا، پەیوەندی دەق بەبوونی خوێنەرەوەیە، بەڵام دەق لە بیری گشتی خەڵکدا پەیوەستە بە دانەر و شارستانێتییەکەیەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە هیچ بوونێکی نییە، ئەوەی لە پوختەی فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە بەدەستی دەهێنین ئەوەیە، کە ئەم فەلسەفەیە خوێنەر و دەق دەخاتە بارێکی دوورەپەرێز لە بوونی بابەتیدا، کۆمەڵگە، یاخود مێژوو، یان شارستانییەت هیچ بوونێکی نییە لەو دەقەی کە لێی پەیدا بووە، ئەگەر ئەم بوونە لە دەقەکەدا پەیدا بێت، ئەوا لە شێوەی کاریگەریی دەقەکانی پێشووە، ئەمەش مانای وایە کە پێکهاتەی جێگیر و نەگۆڕ، یاخود سەرچاوەی بنچینەیی لە دەقدا هیچ شوێنێکی لە فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوەگەراییدا نییە، ئەم ئاکامە، ئەنجامێکی سروشتییە کە ڕەخنەگر لە خوێندنەوەی دەقدا مەبەستێتی، چونکە بەرنامەی هەڵوەشاندنەوە لە سنووری باسکردن و دارشتن دەوەستێت، بێ ئەوەی ڕاڤەی مانای دەق بکات، کاتێك خوێنەری ڕەخنەگر هەندێك ئەرکی ڕەگەزەکان



دەگۆڕێت و لەناو دەبات و سەرلەنوێ چێی دەکاتەوە، ڕووبەڕووی دەقێکی نوێ دەبێتەوە کە پەیوەندی بە دەقی کۆنەوە نییە، ئەمەش دۆزینەوە و ڕاڤەکردنی مانای نوێ ناگەیەنێت، بەڵکو ڕەتکردنەوەی زمانی داهێنەری دەقە، کە زمانی خوێنەری ڕەخنەگر شوێنی دەگرێتەوە، لابردنی ئەکتەری ڕۆشنبیری و شارستانی دەق، بەجۆرێك بیخەیە بارێکی نامۆ، یان دابڕینی لە جەوهەریدا، ڕەتکردنەوەی پێکهاتەی جێگیر و نەگۆڕەکان، یاخود هەر دەسەڵاتێکی سەرچاوەیی دەق، چونکە هەردەقێك سەرچاوەی خۆیی و بابەتی هەیە، بەبێ ئەم دوو سەرچاوەیە بوونی جێبەجێ نابێت، وەرگرتنی بەرنامەی هەڵوەشاندنەوە بەشێوەیەکی گشتی گرنگ و بایەخدارە، چونکە بەرنامەکە ڕەتی عەقڵ و زانست لە ڕاڤەکردندا دەکاتەوە. بەدواداچوونی ئەم ڕەوتە بۆ چارەسەرکردنی ئەدەبەکەمان پێویستە لەلایەك باسی ئەو سوودەی بکەین کە ڕەخنەگرەکانمان لە لەت لەتکردنی دەق بەدەستی دەهێنن، لەلایەکی تر سەرلەنوێ دەق بنیاد دەنێنەوە، وێڕای ئەوەش تاکو ئەم ڕەوتە لەگەڵ خودی خۆیدا بیرسا بێت، پێویستە تیوری ئەدەبی ڕێنیشاندەری بێت، تایبەتتر سیمای دەقی ئەدەبی، کۆمەڵە ڕەگەزێکی ناپەیوەندیدار نییە، ڕێگای گەیشتن پێی بە جیاکردنەوەی بەش لەکۆی بنیاد نابێت، هەروەها ناتوانیت بگەیتە ماناکەی لە ڕێگای بەستنی پەیوەندی لەنێوان بەشەکان و لەنێوان بیرۆکەی خوێنەری تاکێتی، چونکە ئەم بەشانە هیچ بوونێکیان نییە، تەنیا بەهەموو ڕەگەزەکانیەوە نەبێ، چارەسەری ئەم بەرنامەش بەوازهێنانی کۆتایی بە گرنگی دارشتنی و باسکردنی بیرۆکەیی وەکو هۆکارێکی کاریگەرە لە پێشخستنی ڕەخنەدا،

گرنگ نییە بڕیار لەسەر بەرنامەی هەڵوەشاندنەوە بدرێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەم سیما تایبەتیانەیە کە پێویست بە خستنەڕووی دەکات، پێشکەشکردنی دەق و جیهان لە شێوەی یەکەی جوداواز و دەرخستنی ڕەوتی بیرۆکەیتی ڕەتکردنەوەی ڕەوتی زانستی یاخود هۆشی، ئەستەمە هەردەقێك مانای دیاری بکرێت، لێرەدا گرنگی ڕەخنەگر گرینگییەکە کە داڕشتنی بیرۆکەیتی کە دانەر بەمردوو دادەنێت و هیچ بوونێکی نییە، تەنیا لە هۆشیاری خوێنەر نەبێت، بیرۆکەی دەقی کراوە و بێکۆتایی لەگەڵ تێڕوانینی زانستی ناگونجێت، کە مانا و دەق بە ئەنجامی ئاوێتەبوونی نێوان تاکی داهێنەر و لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی شارستانی کە تێیدا دەژیت، بەڵام لایەنگرانی هەڵوەشاندنەوە دانی پێدا نانێن، بەڵکو بەلایانەوە تێڕوانین لە پارچەپارچەکردنی دەق و هەڵوەشاندنەوە و داڕشتنەوەی سەرلەنوێ دەرخستنی ڕۆڵی خوێنەر و دوورخستنەوەی ڕۆڵی داهێنەری دەق لە شارستانێتیدا کە جەوهەری ڕەخنەیە، لۆژیکی هەڵوەشاندنەوە دان بە واقیعی دەرەکی، یاخود ناوەکی دەق نانێت، تەنانەت دان بە لۆژیکی داهێنانی خودی دەقیش نانێ و سەرچاوەی مرۆڤایەتی و شارستانێتی پشتگوێ دەخات، بەڵکو دەق بەکۆمەڵە نیشانە یان بەشەکانی ڕووت لەهەموو پەیوەندییەکاندا دادەنێت، هەڵەیە ڕۆڵی عەقڵ لە ڕاڤەکردنی دەقدا ڕەت بکرێتەوە، چونکە لە شیکردنەوەی دەقدا عەقڵ بەردی بناغەیە، دیارە وازهێنان لە هزری زانستی لەژێر سایەی هزری ڕۆژئاوا، کارێکی بێ جێیە، پەیڕەوکردنی بیرسای هەڵوەشاندنەوەگەرایی مانای وایە کە ئێمە وەکو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دەژین، واتە سەردەمی دوای پیشەسازی



و پاش مۆدێرنێتە، نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە ئێمە تازە بەرەو نوێخوازی دەچین، بۆیە زۆر پێویستمان بە هزری زانستی هەیە، دەبێت ڕەخنەگر و توێژەرەکانمان درك بەو ڕاستییە بکەن کە هەندێك ڕای خاوەنی هەڵوەشاندنەوە گوماناوین و بەرنامەکەیان ناتەواوە، هەندێك ڕایان هەیە کە بەهیچ شێوەیەك نابێت وەکو خۆی وەربگیرێت، دیارە پێویست ناکات چەمك و شێوازی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەم ڕێبازانە هەوڵی نوێ و پەیوەستبوون بە فەلسەفەی نوێخوازی ڕۆژئاوا کارێکی زۆر گرینگە بۆ توێژینەوەی ئەدەبی کوردی، تاکو ڕەخنە لای ئێمەش گۆڕانی بەسەردا بێت، وەکو چۆن ڕۆژئاوا بەخۆیەوەی بینیوە، ئەمەش وا دەکات کە ڕەخنەگری لای خۆمان سوود لە ڕاکانی بارت و یاکبسۆن و لیتش و ڕەخنەگرانی تر وەربگرن، بۆ پەرەپێدانی بواری ڕەخنەی خۆماڵی.

### ٣- هێرمینیۆتیکای دەق

وشەی هێرمینیۆتیکا لە وشەی یۆنانی هێرمیێ وەرگیراوە، کە مانای وتە، گوزارشت لێکدانەوە و ڕاڤەکردن دەگەیەنێت، لەو وشانەوە، وشەی تر وەرگیراون وەکو جاڕدەر، ڕاڤەکەر، هێرمینیۆتێکۆس مانای لێکدانەوە، هێرمینیۆتیکێ مانای هونەری لێکدانەوە دێت. کە مانای ڕەسەنی وشەکە هێرمایینیا کە واتای توانای گوزارشتکردن، توانای ڕاڤەکردن دێت.

زاراوەی هێرمینیۆتیکا لە ڕیشەی دووریدا زاراوەیەکی کۆنی لاهووتییە کە مانای زانستی بەرنامەیی دەگەیەنێت، کە ئامانجی ڕاڤەکردنی دەقەکانی کتێبی پیرۆزە، کەواتە زاراوەکە لە دروستبوونیدا پەیوەستە بە زانستی ڕاڤەکردنی دەقەکانی ئاینی و ڕەمزە پیرۆزەکان، پاشان واتاکەی فراوانبوو، بوو بە زانستێکی گشتی لە تێگەیشتن و بەرنامەیەك بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەکو دیاردەی هونەری و ئەدەبی. **ولهلهم دلتای** بەم جۆرە پێناسەی ئەم هونەرە دەکات و دەڵێت: هێرمینیۆتیکا هونەری لێکدانەوەی کارە ئەدەبییەکانە، بەڵام لە بواری فەلسەفیدا، مانای هونەری تێگەیشتنی مرۆڤە وەکو بوونەوەرێکی مێژوویی بۆ یەکەم جار بۆمان دەرکەوت کە هێرمینیۆتیکا بە مانای تێگەیشتن دێت، بۆمان دەردەکەوێت هونەری تێگەیشتن هونەری


**دلتای**

بیرکردنەوەی باش نییە، بەڵام هونەری خوێندنەوەی باشە، هێرمینیۆتیکا لە دەقەکانی نووسراودا بۆ هونەری وتن بەشێوەیەکی گشتی درێژ دەبێتەوە، بەڵام لە دەقی نووسراودا تێگەیشتن دەگاتە لوتکە و خاڵی دەست پێکردنەوە،



پێناسەی هێرمینیۆتیکا هونەری تێگەیشتنی کاری زمانە، ئەم پێناسەش تا ڕادەیەکی زۆر بە پێناسەی فریدریك شلایر ماخر دەچێت، کاتێك دەڵێت هێرمینیۆتیکا هونەری تێگەیشتنی تەواوە، کە لە وتەی کەسانی ترەوە دەردەچێت، بەتایبەتی وتەی نووسراو، بەکورتی هێرمینیۆتیکا لە سەرەتادا بەرنامەیەك بوو لە خوێندنەوە، پاشان بۆ بوارەکانی فەلسەفە و ئەدەب گواسترایەوە، هەردەم بەدوای کلیلی کردنەوەی ڕەمزەکان و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیدا وێڵە. پەیوەندی نێوان هێرمینۆتیکا و فینۆمینۆلۆجی چۆنە، چۆن ئەم نزیکبوونەوە و تێکەڵاوبوونە ڕووی دا، گرنگی فینۆمینۆلۆجی دەرخستنی بوونە، یاخود بوونی بوونەوەرە، مەبەست لەم بوونەوەرەش مرۆڤە. فینۆمینۆلۆجی تۆژینەوە لە ئەزموونی مرۆڤ دەکات، ئەم ئەزموونەش لە بنچینەدا مێژووییە، فینیۆمینۆلۆجی ئاسۆیەکی فراوانی لە هەمبەر هزری فەلسەفەی هاوچەرخ کردەوە، تاکو ئاریشەکانی مرۆڤ و بوونی لە جیهاندا قووڵ بکاتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ فەیلەسووفەکانی بوونگەریدا، کە بوونی مرۆڤیان کردووەتە بابەتی لێکدانەوەی فەلسەفیان، دەبینین کە لە سەرەتادا بڕیاردەدەن کە ئێمە لە بوون تێ ناگەین، تەنیا لە ڕێگای بوونمانەوە نەبێت.


هایدگەر

**مارتن هایدگەر** دۆزینەوەی زاراوەی هێرمینیۆتیکای دووبارەکردەوە بۆ یەکەم جار ساڵی (١٩٢٣)، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ نووسینی لاپەڕەکانی بوون و ڕۆژگاردا. هایدگەر پەنجەی لەسەر خاڵی هاوبەش لەنێوان فینۆمینۆلۆجی و هێرمینیۆتیکا دانا، ئەویش لێکۆڵینەوەی بوون و بڕیاردان لەسەربووندا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێرمینیۆتیکا ئەوپەڕی پەیوەندی خودە بە بوونەوە کە ناکرێت بەهیچ شێوەیەك لێی جودابێتەوە، کە هەردووکیان بایەخ بە کێشەکانی مرۆڤ و بوونی لە جیهاندا دەدەن، لێرەدا ڕەوایەتی لکاندنی هێرمینیۆتیکا بە فینۆمینۆلوجی سەری هەڵدا، گرنگی هێرمینیۆتیکا و فینومینۆلۆجی یەکە، کە هەردووکیان هەوڵی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی بوونی مرۆڤ دەدەن، خاڵی دووەمی هاوبەش و پێکەوەلکاندنی هێرمینیۆتیکا بە فینۆمینۆلۆجی فەلسەفەی دەرخستن و ڕوونکردنەوەیە، شۆڕشی دۆزینەوەی چەمکی مانا، یاخود واتاکانە.

چوونە ناو یەکی هێرمینیۆتیکا لەگەڵ لێکدانەوەو ڕاڤەکردن و ڕەخنەدا، هێرمینیۆتیکا لە دابی هەندێك ئاراستەدا فەلسەفەی لێکدانەوەیە، یان بەشێوەیەکی ورد تیوری لێکدانەوەیە، بەجۆرێ بیرۆکەی مانا، یاخود واتا دەخاتە ناوەندی ئەم پرۆسەیە، کە مانا و نیشانەکانی ئاشکراو نهێنی لە دەقەکاندا لێکدەداتەوە، پرسیار دەخاتە ڕوو، کە مانا چییە؟ ناوەرۆکی چۆنە؟ چۆن بتواندرێت لێ پرسین بکرێت؟ هێرمینیۆتیکا وەکو بەرنامەیەکی خوێندنەوە دادەنرێت لە چوارچێوەی ڕاڤەی ئاینیدا، یاخود زانستێکە بایەخ بە دەستووری لێکدانەوە، لێکدانەوەی دەقە پیرۆزەکان دەدات، پاشان مانای زاراوەکە بۆ بوارەکانی تر فراوان بوو، بوو بە تیوری بەرنامەیی هەموو جۆرە لێکدانەوەیەك، لێرەدا دەتوانرێت کە هێرمینیۆتیکا لەسەر هەموو کارە پیرۆزەکاندا ئایینی یاخود ئەدەبی جێبەجێ بکرێت، **پۆل ڕیکۆر دەڵێت:** هێرمینیۆتیکا زانستی لێکۆڵینەوەیە ئەگەر پێناسەی گشتی بکەین، دەڵێن تیوری لێکدانەوەی دەقەکانە، سانت ئۆغستین وای


پۆل ڕیکۆر

دەبینێت کە مانای زانستی ڕێساکانی لێکدانەوەیە، کـە هاریکـاری ڕاڤەکـەر دەکات کەمیکانێتی پێویسـتە بـۆ دۆزینـەوەی شـاراوەیی نادیـاری دەقـەکان بدۆزێتەوە، پەیوەندییەکی چەسپاو لەنێوان لێکدانەوە و ڕاڤەکردندا هەیە.

هەندێك وای بۆ دەچن کە هەموو هێرمینیۆتیکایەك ڕاڤـە و لێکدانـەوەی ماناکانی بوونە لەناو دەقدا. هەروەها هێرمینیۆتیکا لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیـدا دەچـنە نـاو یەکـەوە، هـەموو هێرمینیۆتیکایـەك و هـەموو لێکدانەوەیـەك شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەخنە هەموو ڕەخنەیەك لێکدانەوەیە، زۆرجار ڕەخنـە پێناسە دەکرێت کە ڕاڤە و لێکدانەوەی دەقەکانە، هێرمینۆتیکای کلاسیکی و هێرمینیۆتیکای هاوچەرخ، ئەگەر هێرمینیۆتیکا هونەری تێگەیشتن، یـاخود تێگەیشتنی تێگەیشتن بێت وەکو هانس جـۆرج گـادامێر بـۆی دەچـێت، ئایـا تێگەیشتن سنووری هەیە؟ یاخود بـە گوزارشـتێکی تـر ئایـا هێرمینیۆتیکـا سـنووری هەیـە؟ ئایـا دەکرێـــت بڵــێین لێکدانــەوەی بابــەتی بــوونی هەیــە؟ ئایــا دەتــوانین لێکدانــەوەی بابەتی بۆ بابەتـەکانی ڕەمـــز و ئەفســانە بکەین، ئایا دەتـوانین بڵێین کە دەق یەك مانا بـــەخۆوە دەگرێـــت،


گادامێر



ئەویش مانـای ڕاسـتەقینە و تـاك و بێکۆتاییـە؟ شـلایرماخر کـە نمایندەی هێرمینیۆتیکای کلاسیکییە، زاراوەکەی لە بازنەی بەکارهێنانی لاهووتییـەوە بۆ زانست و هونەر گواستەوە، تاکو ببێتە پرۆسەی تێگەیشتن و شـیکردنەوەی دەقەکان.

چۆن (شلایرماخر) سـەیری دەق دەکـات، چـۆن پرۆسـەی لێکدانـەوە لـە ڕوانگەیەوە جێبەجێ دەبێت، دەق بەلای شلایرماخر دوو ئاسۆی هەیە، لایـەنی زمانەوانی بابەتی و لایەنی دەروونـی خـودی، دیـارە لایـەنی خـودی کـە لـە نماینـدەی داهێنـەر بەدەردەکـەوێت، پەیوەنـدی ئـاڵوگۆڕی لـەنێوان هـەردوو ئاسۆکەدا هەیە، یەکەم: زمانەوانی کـە ئامـاژە بـەو هاوبەشـە دەکـات، کـە پرۆسەی تێگەیشتن دەکاتە کارێکی جێگیر، دووەمیش: دەروونییە کە ئاماژە بە بیری دانەر دەکات، کە لەبەکارهێنانی تایبەتی زماندا دەدرەوشێتەوە، هـەردوو خاڵ سەرەکین بۆ تێگەیشتنی دەق، هەردوولایەن ئـەزموونی دەق و ئـەزموونی دانەر پێك دەهێنن، لە دەرچوونی ئەم دوولایەنەدا پرۆسـەی لێکدانـەوە تـەواو دەبێت. خوێنەر یاخود ڕاڤەکەر سەربەستە لە دەستپێکی هەڵبژاردنی پرۆسەی لێکدانەوە لەهەر لایەك بێت، پاشان هـەوڵی فیلـهلم دیلـتی هاتـە پێشـەوە، سنووری بۆ بنچینەی مەعریفی دانا، کە بەلایەوە ئەزموونە، وای دەبینێت کـە هـەموو زانیارییـەك لەسـەر تاقیکردنـەوەی ژیـان دادەمـەزرێت، پێـی وایـە ئەزموونی خۆیەتی بنچینەی زانیارییە، ئەمەش مەرجە و ناکرێـت تێپـەڕینی لەسەر بکرێت، مادام هاوبەشی لـەنێوان مرۆڤـدا هەیـە، کەواتـە ئـەزموون بنچینەی بەکـــەڵکە بۆ درککـردن بـە لایـەنی بابـەتی جـێگیر لـە دەرەوەی خوددا، بـەهۆی لێکچـوونی لـەنێوان ڕواڵەتـەکانی ئـەزموونی مرۆڤایـەتی،

ئەمەش وای کرد کە دیلتی ئاماژە بە دۆزینەوەی من لە تۆدا بکات، شتێکی نابەجێیە کە باسی مانای جێگیری دەقەکان بکەین، چونکە ئەم دەقانە دەقی کاتین، وردی و نەگۆڕی سیمای دەقەکانی هونەریی، یاخود ئەدەبی نییە، ڕاستە هەندێك سیمای جوداواز لە دەقی سەرەکی هەیە، بەڵام توانای ئەگەری بەخشینی لێکدانەوەی تر گونجاوە، وەکو ئەگەری وەستاو هەردەم دەمێنێتەوە. هێرمینیۆتیکای هاوچەرخ نوێنەرەکانی فەیلەسووفەکانی لێکدانەوەن، بەتایبەتی **گادامێر و هایدگەر**.

دەق لە تێڕوانینی **گادامێردا** بریتییە لە یاری، ئەم یارییە لەسەر بنەمای ڕێساو بنچینە دامەزراوە، ئەم ڕێسا و بنەمایانە ڕاڤەی دەقەکە دیاری دەکەن، ڕاڤەکەر لەم بارەدا چی دەکات، هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی میکانیێتی کە بەباشی دەزانێت بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکە، دانەری دەقەکە ونە، لەو دەقەی کە نووسیویێتی ئەو ئەنجامەی لەم بارەیەوە بەدەستی دەهێنێت، ئەوەیە کە دەقەکە تەواو سەربەخۆیە لە دانەرەکەی، لەوکاتەی کە دەقەکە لە دانەرەکەی ئازاد دەبێت، ڕۆڵی ڕاڤەرکەر دێت، بە لێهاتوویی و تواناییەوە ڕەمزەکان دەکاتەوە و کەشفی مانای نادیاری دەقەکە دەخاتە ڕوو، ت. س. ئەلیوت لە تیوری ڕەخنەی هاوێشتندا دەڵێت: داهێنەر گوزارشت لە ئەزموونی خۆیەتی ناکات، بەڵکو گوزارشت لە تاقیکردنەوەی ژیان دەکات، ئەم ئەزموونەش بەهۆی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، دیلتی ئاسۆیەکی نوێی بە هێرمینیۆتیکا بەخشی کە لەتێگەیشتنی مێژوویی کلاسیکی تێپەڕاند و لە تێگەیشتنی ئەزموونی کاری ئەدەبییەوە بەدەرکەوت، ئەم ئەزموونەش لە چوارچێوەی خۆیەتی بۆ



چوارچێوەی بابەتی بەهۆی زمانەوە گواستەوە لەڕێی شتی هاوبەش لەنێوان دانەر و وەرگر، کە ئەزموونی ژیانە، هەریەك لە هایدگەر و **گادامێر** بە دیلتی کاریگەربوون کە پرۆسەی تێگەیشتنیان لەسەر بنچینەی بوون دامەزراند، بەڵام بیرمەندانی هێرمینیۆتیکای هاوچەرخ وەکو ئەمیلیویتی ئیتالی. پۆل ڕیکۆری فەرەنسی و (هێرشی) ئەمریکی هەوڵیان دا کە تیوری بابەتی لە ڕاڤەکردن دامەزرێنن، پۆل ڕیکۆر جەختی لەسەر ڕاڤەکردنی ڕەمزەکان کردەوە و دۆزینەوەی ئاستەکانی مانای ناوەکی، لەدواییدا دەق بە نووسەر دەبەستێتەوە، لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە دەق لەڕووی ماناوە سەربەخۆیە. گرنگی ڕاڤەکەر چوونە ناو جیهانی دەقەوەیە. ئاستەکانی مانای ئاشکرا و نهێنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شی دەکاتەوە، بەڵام هێرش جوداوازییەکی ئاشکرای لەنێوان مەبەستی دانەر و مانای شاراوەی دەقدا کرد، مەبەست و واتا و گوزارشتی دانەر، ڕەت دەکاتەوە و داوای تۆژینەوە لەو مانایە دەکات، کە دەقەکە گوزارشتی لێ دەکات، پێویستە لەسەر هێرمینیونیکا بواری واتای دەقەکە بۆ خوێنەر، یاخود بۆ چەرخ واز لێ بێنێت. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە هێرمینیۆتیکا تیوری لێکدانەوەی دەقەکانە، یاخود زانستی میکانیێتی تێگەیشتنە لە هزری نوێی ڕۆژئاوادا، لەگەڵ سەدەی حەڤدەیەمدا (١٦٥٤) لە بواری تێگەیشتنی ئایینیدا جیابووەوە، تاکو وەکو زانستێکی سەربەخۆ گفتوگۆی پرۆسەی تێگەیشتن و میکانیێتی لێکدانەوە بکات، پاشان هێرمینیۆتیکا وەکو بەرنامەیەك و چەمکێکی فەلسەفی پێشکەوت، تاکو جێبەجێکردنی فراوان بووەوە، بوارەکانی تری زانیاری

مرۆڤايەتی گرتەوە، وەكو مێژوو، فەلسەفە، ئەنترۆپۆلۆجی و ڕەخنەی ئەدەبی و شتی تریش بەخۆ وەرگرت، لێكدانەوە لە ساكارترین مانادا خوێندنەوەی دەقە، گرنگی دەقەكە بە پێوانە و نیاز و مەبەستی دانەر ناپێورێت، بەڵكو ڕەخنەگر یاخود لێكۆڵەرەوە ڕەمزەكان دەكاتەوە، دەق هیچ مانایەكی نییە، تەنیا بەهۆی خوێندنەوەوە نەبێت، خوێنەری بەتوانا مانای نوێ بە دەقەكە دەبەخشێت، دەقی ئەمڕۆ كراوەیە، نەك بەڵگەنامەیەكە كە بە دەسەڵاتەوە پەیوەست بێت، بەڵكو ئەرزێكی نادیارە، هەركەسێك بیەوێت بیدۆزێتەوە دەبێت بەسەبر و ئارام بێت.



## ٤- سیمیۆلۆژیا یان سیمیۆتیكا

چەمكی سیمیۆلۆژیا لە توێژەرێكەوە بۆ لێكۆڵەرەوەیەكی تر لە فراوانبووندایە، تەنانەت زۆر زەحمەتە مانای ئەم هەموو چەمكانە لێكتر جودا بكرێنەوە، هەندێ دەڵێن زانستی نیشانە، یاخود زانستی ئاماژە، سیمیۆلۆژیا بە بەرنامە لە بەرنامەكانی پاش بونیادگەرایی دادەنرێت، ئەوانەی بە فەڕەنسی دەدوێن پەیڕەوی قوتابخانەی جنێف دەكەن كە دی سۆسێر سەرۆكایەتی دەكرد، زاراوەی سیمیۆلۆژیا بەكار دەبەن، بەڵام ئەوانەی بە ئەنگلۆساكسۆنی قسە دەكەن، زاراوەی سیمیۆتیكی بەكاردەهێنن، دیارە هەردوو زاراوەكە هێندە لێكتر نزیكبوونەتەوە دەتوانرێت بە هاوواتای یەكتر دابندرێن، هەرچەندە شێوە و چوارچێوەیان چۆن بێت، بازنەی نزیكبوونەوەیان بۆ نیشانەكانی یەكە، سیمیۆلۆژیا، یاخود زانستی ئاماژەكان. ئەم زانستە بایەخی گشتی بە زمان، پاشان بە ئاماژەكانی بیستن و بینین دەدات، سیمیۆلۆژیا لەگەڵ پێشكەوتنی زانست و زانیاری مرۆڤایەتی لە گەشەكردندایە، بە قۆناغی جوداواز تێپەڕیوە، یەكەم لێكۆڵەر كە زاراوەی سیمیۆلۆژیای پێشكەش كرد، جۆن لۆكی فەیلەسووف بوو، بەڵام توێژینەوەی سیمیۆلۆژیا لە سەردەمی ئەودا فەلسەفەكەی لە چوارچێوەی تیوری گشتی زماندا تێپەڕی نەكردبوو، سیمیۆلۆژیا بە تیورە بەرفراوان و ئاستە جیاوازەكانیدا بە زانستێكی نوێ و بەرهەمێكی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت، كە توێژینەوەی نیشانەكان لە سایەی ژیانی كۆمەڵایەتیدا بە ئەنجامی دەگەیەنێت، سیمیۆلۆژیا بە جۆرێك دەری دەخات كە توانای تەواوی لە توێژینەوەی مرۆڤدا هەیە، لەڕێی ئاماژە داهێنراوەكانی مرۆڤدا، كەواتە

سیمیۆلۆژیا زانستێکە لێکۆڵینەوە لە بونیادی نیشانەکان و پەیوەندییەکانی لە گەردووندا ساز دەکات، سیمیۆلۆژیا لە یەك کاتدا گرنگی بە نیشانەکانی زمانەوانی و نازمانەوانی دەدات، ڕێسای سیمیۆلۆژیا پێویست ناکات هەردەم زمان بێت، دەکرێت نیگارێك بێت، گرنگ ئەوەیە گوزارشتەکە بە هۆی ڕێسای نیشانەکانەوە بێت، لەڕاستیدا پێناسەی سیمیۆتیکاش زۆر لەم پێناسەیەوە دوور نییە، ئەویش هەر توێژینەوەیەکی شێوەیی واتایە، لێکۆڵەرەوەی سیمیۆتیکا لەشێوە، یاخود واتاوە دەست پێدەکات، گرنگ لەم توێژینەوەدا واتاکانی نییە، بەڵکو ڕێگای پێکهێنانی ئەم واتایەیە، چونکە لێکۆڵەرەوەی سیمیۆلۆژیا واتای بەلاوە گرنگ نییە، ئەوەندەی چۆنییەتی وتنی واتاکەی مەبەستە، سیمیۆلۆژیا یاخود سیمیۆتیکا زانستێکە چووەتە قووڵایی دێرینەوە، ڕۆژانی هزری یۆنانی کۆن لەگەڵ ئەفلاتوون و ئەرستۆدا کە بایەخیان بە تیوری واتا دەدا، دیارە نیشانە لە هزری یۆنانیدا، مانای نیشانەیەکە لە نیشانەکانی نەخۆشی، بۆیە ئەم زانستە لە کۆندا پەیوەندی بە پزیشکییەوە هەبوو، دوو توێژەرەوە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ژیاون و لە سەرەتای سەدەی بیستەیەمدا کۆچیان کرد، ئەوانیش دی سۆسێر و شارل پێرس بوون کە بە دامەزرێنەرانی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیك دادەنرێن.

دی سۆسێر لە نیشانەکانی زمانەوانی کۆڵیەوە، سیما بنچینەییەکانی دانا، بەشێوەیەکی گشتی بینی کە نیشانەکانی لە پلەیەکی گەورەدایە، ئەگەر وشە نیشانە بێت لە فیکر یاخود لە شت دا، لە نیشانەکانی تری بیستن و بینین نزیك دەبێتەوە کە مانای شتێکی تر دەگەیەنێت، نەك ئەو مانایەی خۆی، دوارۆژیش بە سەرەتای زانستێکی گەورەی ڕێکخستنی نیشانە



جوداوازەکان دەژمێردرێت، یەکەم زانای سیمیۆلۆژی کە لەم بوارەدا دەدرەوشێتەوە، زانای زمانەوانی فردیناند دی سۆسێر بوو، کە تیورەکەی لە زماندا دامەزراند، تا ڕادەیەکی زۆر تاقیکردنەوەی لەسەر نیشانەی زمانەوانی بەئەنجام گەیاند، کە تاکو ئەمڕۆش گرنگی زیندووی هەیە، سیمیۆلۆژیا ڕووناکی سەرەتایی لە نامەی زانستی فەیلەسووفەکانی ئەکادیمی بەدەرکەوت، بەڵام سیمیۆلۆژیا بە بنەماکانی نوێدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی شارل پێرس پەیدابوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەم زانستە زانای ئەمریکی س. و. موریس دایمەزراند و دەڵێت: سیمیۆلۆژیا بە تەنیا بوارێکی پسپۆڕی نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی شوێنێکی باڵای لە بواری بەدواداچوونی زانستیدا داگیرکرد، کە پەردە و لەمپەری دڕاند، لەنێوان زانیارییە جیاوازەکاندا سەرپۆشیان فڕێدا، سەربەخۆیی دیاردەی زمانەوانی لە دیاردەکانی تری مرۆڤایەتی و ژێرێتیدا جاڕدا، ئەدەبی نوێ لە چنینی داهێنانیدا، بەتایبەتی بونیادی چیرۆکی نوێ بە بەخشینەکانی زمانەوانی کاریگەر


دی سۆسێر

بووه، بزووتنەوەی ڕەخنەیی بە ئاستە جوداوازەکانی لە بونیادگەرایی و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و سیمیۆلۆژیای ئیسلوبیدا بە کەشوهەوای کشانی زماندا کاریگەربوون، سروشتی ئەم کارتێکردنەش پاڵی بە ڕەخنەگرانەوە ناوە تا خۆیان بە ڕۆشنبیری زانستی زمانەوە خەریك بکەن، بەمجۆرە ئەزموونی ڕەخنەیی لە شیکردنەوەی دەقەکانی ئەدەبیدا، پێوانە دەکرێت کە چەند پلە خراونەتە ناو زمانەوانییەوە کە ئامانجی ڕزگارکردنی دەقە لەو کۆت و پێوندە فەرهەنگییە سەرسوڕماوە، مادام بەرنامەی ڕەخنەگری لە ڕامالێن و چوونە پێشی جیهانی دەقی ئەدەبیدا، هەردەم هەوڵی دەرختنی لایەنی بەهای جوانی دەدات، ڕەخنەی سیمیۆلۆژیا وەکو چالاکییەکانی هزری تایبەت هەردەم لە کۆششدایە بۆ پتەوکردنی زانستی زمان بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زانیاری جوانییە لە دەقی ئەدەبیدا، سیمیۆلۆژیا لە پێشڕەوانی بەرنامە ڕەخنەییەکانی بەرهەمهێنەر دێت، کە جەخت لەسەر جەمسەری ناوەکی دەق دەکات، بۆ دڵنیابوون کە سیمیۆلۆژیا بە ئاستە جوداوازەکانیدا، کارنامەیەکی سویسرییە، ڕواڵەتی سیمیۆلۆژیا وەستان لەسەر دوالیزمی زمان دەکات، بەتایبەتی دوالیزمی ناوەکی و دەرەکی ئەم دوالیزمەش کە لۆژیکی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ لەسەری بونیادنراوە، زۆرجار لە کارنامەی سۆسێردا جەخت لەسەر بونیاد کراوە، زۆرجار لە کارنامەی سوسێردا جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی دەکرێتەوە، کە یەکەکان و ڕەگەزەکانی زمانەوانی پێکەوە لە دێڕێکی قەسیدەدا گرێ دەدات، چونکە بەهای هەر ڕەگەزێك لە پەیوەندی بە ڕەگەزەکانی ترەوە دیاردەکرێت، ناتوانرێت لە ئەرکی بەشەکان بگەین بە بێ پەیوەندی جوداوازی گشت، لەڕاستیدا بیرۆکەی ناسنامەی پەیوەندی گرنگییەکی زۆری هەیە، بەگوێرەی شیکردنەوەی سیمیۆلۆژیا و بونیادگەری و هەموو دیاردەکانی تری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە. سیمیۆلۆژیا لەگەڵ زانستی زمان لە وشەی سروشتی لە خۆوە بوونی نیشانەی زمانی یەك دەگرێتەوە، پەیوەندی زمانەوانی خاسییەتێکی بنەڕەتییە، ئەویش سروشتی



لەخۆوەبوونە، نیشانە بە واتای بێ کۆتایی دەبەخشێت، چونکە داهێنەر بە بۆچوونی سیمیۆلۆژییەکان وشە دەچنێت لە عەمباری زماندا و دەیخاتە میانەیەکی نوێ، دی سۆسێر بڕیار لەسەر لە خۆوەبوونی نیشانەی زمان دەدات، نیشانەش لە دال و مەدلوول پێك دێت، دال وێنەی دەنگییە، مەدلوولیش چەمك و واتایە بەمجۆرە لای دی سۆسێر نیشانە لە دال و مەودلووی پێك دێت، بۆ نموونە کە واتای گوێ درێژە، بەڵام ڕۆلان بارت دەلالەتێکی تر بەم مەدلوولە دەبەخشێت، ئەویش گوێ درێژ نییە، بەڵکو کەسێکی گێل و تێنەگەیشتووە، لەسەر جۆرەکانی نیشانە ئاماژە بەوەکرا کە دی سۆسێر و شارل پێرس لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە زمان سیستمێکی


جاکبسۆن

نیشانەیە، کە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لەسەر بناغەی حەز و ویستی کۆمەڵگا سازکرا و پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لە نیشانەی زماندا لە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە پێکهاتووە، پەیوەندی نیشانە بە کۆد و سیمبولەوە، کە باسی نیشانە دەکەین، زاراوەی سیمبولیش لە

بواری سیمیۆلۆژیدا دێتە مەیدانەوە، ئەم دوو زاراوەیەش کاتێك دەکەونە بەرامبەر یەکتری گیروگرفت پەیدا دەبێت، سۆسێر و پێرس سوودیان لە زاراوەی سیمبول بینیوە، زمان بریتییە لە کۆمەڵێك لە نیشانەی سیمبولی، زۆربەی زمانەوانییەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە زمان بریتییە لە نیشانە سیمبولییەکان، لە نیشانە سیمبولییەکانیشدا پەیوەندی لەنێوان دال و مەدلوول بەدی ناکرێت، بەڵکو بەپێی ڕێککەوتنێك چێ دەکرێن، بۆ نموونە ڕەنگی سوور و سەوز و زەردی ترافیك لایت، بەڵام لە نیشانە ئیندێکسییەکاندا پەیوەندی لەنێوان دال و مەدلوول پەیوەندییەکی هۆکارییە، وەکو دووکەڵ کە نیشانەی ئاگرە، بەڵام لە نیشانە ئایکۆنییەکاندا پەیوەندی لەنێوان دال و مەدلوول هاوچەشنی شێوەکێتییە، وەکو لە کاریکاتۆر یاخود هەندێك لە نیشانەکانی ڕێگاوبان لە هەندێك مەدالیا بەدەر دەکەوێت.




**شارل پێرس** لە ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوایی بەراییە لە دامەزراندنی زانستی سیمیۆتیکا، یاخود زانستی ئاماژەکان، ئەمەش لە کتێبەکەیدا بە ناوی نووسینەکانی لەبارەی نیشانەوە کە پێش کتێبی دی سۆسێر وانەکانی لە زانستی زمانی گشتیدا ساڵی



(١٩١٦) بڵاوبووەتەوە، شارل پێرس کاری لەسەر پەیوەستکردنی لۆژیکی سیممۆتیکا کرد، لۆژیك لە چەمکی گشتیدا ناوێکی تری سیمیۆتیکایە، سیمیۆتیکاش تیورێکی نیمچە پێویستە، یاخود تیورێکی شێوەیەتی نیشانەکانە، هەرچەندە پێرس بە ڕابەری لەنێوان لۆژیك و سیمیۆتیکا کرد، بەڵام لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە کەشێکی بێ سنووری سیمیۆتیکا دەکات. ڕوونی دەکاتەوە کە سیمیۆتیکا بە ئاراستە جوداوازەکانی تیورێکی کۆمەڵییە لەچوار چێوەی تیوری دی سۆسێر فراوانتر و تەواوترە، پاشان پێرس دەڵێت: لە توانامدا نییە لەم گەردوونە توێژینەوە لە شتێك بکەم وەکو بیرکاری، ڕەوشت، میتافیزیقیا، ڕاکێشانی زەوی، زانستی گەردوون، زانستی دەروونناسی، زانستی دەنگەکان، زانستی ئابووری، مێژووی زانست و ئاخاوتن بەدەر لە ڕێسای سیمیۆلۆژیا، بەجۆرە سیمیۆلۆژیا دەبێتە ئامرازێکی بەجێگەیاندن، کە ئامانجی توێژینەوەی شێوە جیاوازەکانی نیشانەیە، هەروەها زانستە جوداوازەکان چ مرۆڤایەتی بێت، یاخود ژیرداری بێت، چونکە پێرس درکی کرد کە ئەم زانستانە سەرجەمیان زانستێکن لەسەر بنچینەی ئاماژە و نیشانە بونیادنراون، سۆسێر وای دەبینێت کە زانستی زمان بەشێکە لە تۆڕی گشتی سیمیۆلۆژیا، بەڵام یەکێك لە قوتابییەکانی **بارت** ئەم پەیوەندییەی ڕەت کردەوە، پێیوایە کە ڕاسترین و وردترین و تەواوترین ڕێسای سیۆلۆژیا کە مرۆڤ داهێناوە، ئەویش زمانە، هەموو ڕێساکانی تر ناتوانن لە زمان بێبەش بن و پشت بە واتاکانی نەبەستن، پاشان دەڵێت: سیمیۆلۆژیا لقێکە لە لقەکانی توێژینەوەی زمانەوانی، بەڵام **جاکبسۆن** وێنەکردنی پەیوەندی لە ڕێسای زمانەوانی و ئەدەبی پێشکەش کرد، کە ڕەخنە لە شیکردنەوەی

نیشانەکان و پەیوەندییە هاوواتاییەکان پشتی پێ دەبەستێت، ئەم ڕەوتە لە ڕۆلان بارت نزیك دەبێتەوە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا کە گرنگی بە نیشانەکانی زمان دەدات.

بارت دەڵێت: سیمیۆلۆژیا زانستی نیشانەکانە، ئەم چەمکەشی لە زمانییەکان وەرگرتووە، بارت پێوانەی دی سۆسێری وەرگەڕاند و وتی: زمانییەکان لقێك نین لە زانستی نیشانەکان، بەڵکو سیمیۆلۆژیا لقێك لە زمانییەکان پێك دەهێنێت، پاشان ڕۆلان بارت دەڵێت: یەك لە تواناکانی ئەدەب توانای سیمیۆلۆژییە، کە توانای هەیە یاری بکات، یاریکردنێکی نیشانەکان و دەڵێت: دەق بەرهەمی زمانە، ئەمەش مانای وایە واتا و نیشانەکان چنینی کاری ئەدەبی پێك دەهێنن، پێویستە لەسەر زمان لەناو زماندا شەڕ بکات، نەك لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە، بەڵکو بە هۆی ڕۆڵی وشەکانەوە شانۆکە چێ دەکات، لە شوێنێکی تردا جیاوازی لەنێوان زانست و نووسین دەکات، ئەدەبی نووسین بوون دەبێت لەهەر شوێنێك زمان چێژ و بۆنی هەبێت، **ژۆلیا کریستیفا** ڕەتی کردەوە کە کاری سیمیۆلۆژیا گەیاندن بێت، ئەمەش وای کرد کە



ژۆلیا کریستیڤا



سیمیۆلۆژیا بە زانستەکانی تر ببەستێتەوە، بە تایبەتی بیرکاری، فیزیا، لۆژیك، زانیاری مرۆڤایەتیش وەکو مارکسی و فرۆیدی خستەسەر بە مەبەستی سیمیۆلۆژیا ببێت بە زانستی ڕەخنە، یاخود ڕەخنەی زانست. ژۆلیا کریستیفا لەگەڵ بارت و پێرس دەگونجێت، کە پانتایی سیمیۆلۆژیا فراوان بکرێت، دیارە شتێکی نوێ نەخستووەتەڕوو، تەنیا تێڕوانینی تایبەتی لە بارەی دەقەوە نەبێت، پەیوەندی دەق بە زمانەوە پەیوەندی گێڕانەوەی دابەشکردنە، ڕێبازێکی تر لەناو سیمیۆلۆژیا پەیدابوو بە ناوی سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیری نوێنەرانی مۆسکۆ تارتۆ، یۆری لۆتمان ئۆسپانسکی و ئیفانۆف و تۆپۆلرۆف بوون.

ئەم کۆمەڵە بایەخیان بەدیاردەکانی ڕۆشنبیریدا و بە پرۆسەیەکی گەیاندن دانا، زمان و ئاستەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییان بە یەك گەیاند، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول و سەرچاوەی ڕۆشنبیری پێك دێت، ئیمبرتو ئیکۆ نموونەی سیمیۆلۆژیای گەیاندنی پەرەپێدا و نیمچە کۆدی خستە سەر کە بەشداری لە کردنەوەی کۆدی نامە لەلایەن خوێنەرەوە دەکات، کە یارمەتی تێگەیشتنی نامەکە دەدات، ئاراستەکانی سیمیۆلۆژیا یاریدەرێکی ڕەسەنن بۆ خوێندنەوەی بونیادی ئەدەب، خوێندنەوەی نیشانە و ئاماژەکانی تر، جگە لە خوێندنەوەی ئەدەب، شیعر، ڕۆمان، شانۆ، هونەر و نیگار، مۆسیقا و سینەما، سیمیۆلۆژیا چووەتە ناو بازنەی دواندنەوە، ڕایکێشا بۆ خوێندنەوەی دواندنەکانی فەلسەفی و ئایینی و هزری، توێژینەوەکانی سیمیۆلۆژیای ئەدەبی بایەخی بە تێگەیشتنی پەیوەندی ئەدەبی لە ئاستی

پەیوەنـــدی وتوێـــژی لـــەنێوان دەقـــی ئـــەدەبی و بوارەکـــانی ڕۆشـــنبیری و ئایدۆلۆژی بە بونیادی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە دەدات.

ئەگەر بونیادگەرایی هەوڵی خوێندنەوەی دابڕاوی پێشـکەش کردبێـت، ئەوا سیمیۆلۆژیا ئەم بۆچوونە بەتاڵ دەکاتەوە و پەرە بە ڕێبـازی کرانـەوەی خوێندنـەوە دەدات، سـیمیۆلۆژییەکان بیرۆکـەی بـوونی پەیوەنـدی جـێگیر لەنێوان دال و مەدلوول ڕەت دەکاتەوە، بۆچوونی خۆیان خستەڕوو بەجۆرێك کە وشەیان ڕزگار کرد، تاکو ئاماژە ئازادبێـت، ئەگـەر بونیادگـەرایی لـە ئەدەبدا ڕۆشنبیری ببینێت، ئـەوا سـیمیۆلۆژیا بـە تـەنیا کـۆد دەبینێـت، بەمجۆرە توێژینەوەی ڕەخنەیی نـوێ بـەرەو سـیمیۆلۆژیا دەچـێت، تەنانـەت ڕەخنـەگرە گـەورەکانی وەکـو ڕۆلان بـارت لـە بونیادگەراییـەوە بـەرەو سیمیۆلۆژیایی گواستەوە.

## المستخلص


هذه الدراسة محاولة لألقاء الضوء علي اهم المناهج النقدية والأدبية المعاصرة من حيث مبادئها النظرية وخطواتها العملية لتسهم في تعبيد الطريق أمام الباحث للوقوف علي الاساليب الحديثةفي النقد الغربي، تلك الأساليب التي لاقت الكثير من الاهتمام عند النقاد والباحثين. والدراسة مقدمة الي القراء المهتمين بامر المناهج النقدية والأدبية العامة. ولعل نظرة واعية الي مناهج النقد الأدبي تطلعنا علي ان هذه المناهج استند كل منها الي خلفية معرفية أو فلسفية فبعضها استند الي الفلسفة الأجتماعية وبعضها افاد من التاريخ وعلم النفس، وبعضها استند الي علوم اللغة كما فعل الشكلانيون الروس والنقاد الجدد، ثم لحقهم البنيويون في استنادهم الي النموذج اللغوي السويسري (دي سوسير)، وكذلك فعل السيمائيون اللذين عدوا اللغة شفرة، ومنهم من حاول تحطيم النموذج المعرفي المستند الي النموذج اللغوي كما فعل التفكيكيون وقد تلتقي هذه المناهج في كثير من طروحاتها مع بعضهما البعض كما تطور بعضها البعض، فمثلاً النقد الجديد والنقد الشكلاني كلاهما رِكز علي النص، وكذلك البنيوية والتفكيكية و السيمائية كل منها اعتمدت علي علم اللغة حين يقف الدارس المنصف امام النظريات يجدها اما نظريات عنيت بالشكل أو وجهت عنايتها الي المضمون، أو نظريات دعت الي غلق النص علي حساب القاريء أو دعت الي فتح النص ومنح القاريء حرية التلقي، ومن أبرز خصائص النقد الأدبي في القرن العشرين محاولة بحثه عن لغة علمية وتحقيق نقد علمي تحت تأثير التطورات التي حققتها العلوم الانسانية، وعلي الرغم من تعدد الاتجاهات (السوسيولوجية، النفسية، البنيوية، الشكلية، التفكيكية ) وتعدد المداخل النظرية إلا ان هذه الاتجهات المختلفة تسعي الي التمسك بالنزعة الوضعية والتشبث بتطبيق هذه المناهج علي الأثار الادبية، فقد عرف القرن التاسع عشر نقاداً امثال هيبوليت تين وسانت بوف وفرديناند برونتير وغيرهم قاموا بدراسات نظرية وتطبيقية عديدة ترتبط بمفاهيم ومناهج العلوم التجريبية فالأتجاه البنيوي الشكلي في فرنسا والأتجاه الشكلي في رِوسيا والأتجاه التفكيكي في امريكا يتلاقون جميعاً في نقطة واحدة إلا وهي دراسة الأثر الأدبي بحسب مبدأ العزل التجريبي الشائع في مجال العلوم الطبيعية والانسانية فالنقد في ظل هذه الاتجاهات يركز اهتمامه علي البنية أو الشكل ويترك جانباً عنصر المضمون.

فالدراسة تتكون من ثلاثة فصول .

الفصل الاول يدرس المناهج الخارجية ويؤكد علي السياق العام لمؤلفه أو مرجعيته النفسية ومنها التأريخي والأجتماعي والنفسي.

الفصل الثاني يدرس المناهج الداخلية، وغلقه امام المرجعيات، مع تركيز علي النص بوصفه بنية لغوية وجمالية ومنها النقد الشكلاني الروس والنقد الجديد.

الفصل الثالث يدرس مناهج القراءة البنيوية وما بعد البنيوية، كالتفكيكية والسيميولوجية ونظريات التلقي والهرمنيوطيقا.

أرجو ان تكون هذه الدراسة قد حققت الفائدة التي أرجوها للطلاب والباحثين بخاصةَ والقراء بعامةً .

## Synopsis

This study sheds Light on the most important recent critical and literary approaches, especially the theoretical principles and practical steps to pave the way for the investigator and the critic. The aim is to stop at the modern styles in western criticism, when the fair researcher examines the theories, he comes across theories that either pay attention to the form or theories calling to close the text at the expense of the reader, or theories calling for the text to open and give the for the text to open and give the reader the freedom of reception.

Each of these approaches is supported by an epistemological background.

Some of these depend upon social philosophy; some makes use of history, or psychology, and some of them makes use of Linguistics, just as the Russian Formalists did, as well as new criticism.

Also the structuralists made use of de sausseres pattern.

Deconstruction and somiology relied in tarn on Language studies and Linguistics. This study includes three parts:

The first a study of the outside approaches with emphasis on the general context of the author or the psychological reference, including the historical the social, and the psychological. The second, studies the internal approaches with emphasis on the text as a linguistic and aesthetic entity, including the Russian formalist criticism and new criticism the third, studies the approaches of the structural reading and post – structural reading such as Deconstruction, semiology, hermeunetics.

## بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


١- د. أحمد ناهم، التناص في شعر الرواد، دار الآفاق العربية، القاهرة، ٢٠٠٧,

٢- بسام قطوس، المدخل إلي مناهج النقد المعاصر، دار الوفاء للطباعة والنشر، الأسكندرية، ٢٠٠٦,

٣- حصة البادي، التناص، في الشعر العربي الحديث، دار الكنوز المعرفة، عمان، ٢٠٠٨,

٤- ترجمة خالدة حامد، البنيوية والتفكيك تطورات النقد الأدبي، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٢,

٥- سمير سعيد حجازي، قضايا النقد الأدبي المعاصر، دار الآفاق العربية، القاهرة، ٢٠٠٧

٦- د. شكري عزيز ماضى، في نظرية الأدب، بيروت، ٢٠٠٥,

٧- عبدالعزيز حمودة، المرايا والمحدبة من البنيوية الى التفكيك، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٨,

٨- عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للأدب، دار المعارف، القاهرة، ١٩٦٣,

٩- ليونارد جاكبسون، الأدب والنظرية البنيوية، ترجمة: ثائر أديب، وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠١,

١٠- محمد زكي العشماوي، دراسات في النقد الأدبي المعاصر، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٤,

١١- د. مليكة د حامنيه، هرمنيوطيقا النص الأدبي في الفكر الغربي المعاصر، دمشق، ٢٠٠٨.




### سەرچاوەکان بە زمانی فەڕەنسی:


1-Adrian Marino: La critique des idées Litteraires, Trad du Roumair par Michel Friedman, Ed. complexe Paris, 1977

2-Barthes, R. Essais critique, Paris 1964.

………………., critique et verite, Paris1966.

………………., Le degree zero de L'ecriture, Paris, 1966.

………………., L'aventure semiologi, Paris 1985.

………………., Mythologies, Paris, 1970.

………………., Communication, No 8, 1964

3-Goldmann, L: Structuralisme gentique en sociologie de la literature in Litterature et societe, bruxel, 1966.

……………., Pour une sociologie du roman, Paris, 1964.

………………., Le dieu cache, Paris, 1955.

4-Hans Georg Gadamer:- Verite et methode, traduit par Etienne sacre, Ed. Seuil, Paris, 1976.

5-Paul Ricoeur par Adrian marino in L' Hermeneutique de Mircea Eliade, Trad du Roumain Par Jean Geuillard. Ed. Gallimard, Paris, 1981.

6-Pierrebrounel, la critique litterare, Paris, 1970.

7- P. Moreau: La critique Litteraire en France, Paris, 1960.

8-Roman Jakobson: Questions de Peotique, Gallimard, Paris, 1973.

9-Tzvetan todorov: Poetique qúest. ce quele structure sevil, Paris, 1986

## چاپكراوەكانی نووسەر:

### به زمانی كوردی:

١- ئەدەبی كوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ڕووناكبیری گەلاوێژ، سلێمانی، ,٢٠٠٠

٢- كەڵە ئەدەبیانی بیانی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ,٢٠٠٢

٣- ئەدەبیاتی جیهانی، لە بڵاوكراوەكانی نواڵەی نوێ، هەولێر، ,٢٠٠٤

٤- زەكی هەناری و هۆنراوەی منداڵان، هەولێر، ,٢٠٠٠

٥- كێشە نەتەوەییەكان و ڕووداوە سیاسییەكانی جیهان و كوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ,٢٠٠٤

٦- لێدوانێك لە هۆنراوەكانی ڕۆستەم حەوێزی شاعیر، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ,١٩٧٧

٧- ڕەخنەی نوێی كوردی، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ,٢٠٠٧

٨- ئەدەبیاتی كلاسیكی و نوێخوازی كوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ,٢٠٠٣

٩- زەكی ئەحمەد هەناری، بووكی نەورۆزی خۆشناو، سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریی و ئەدەبی (نما)، هەولێر، ,٢٠٠٧

١٠- پرۆژەی بەكوردیكردنی زانست و خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٤ نووسینی د. فازل قەفتانو د. كمال مستەفا مەعروف.

١١- كمال مەعروف: زانستی ئەدەبی بەراوردی، سلێمانی، ,٢٠٠٨

١٢- د.كەمال مەعروف: كارەساتی ئەنفال لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسی



شاعیردا، زانكۆی سەڵاحەدین- هەولێر، ,٢٠٠٧

١٣- د.كمال مەعروف ڕەنگدانەوەی كەلەپوور لە شیعری منداڵاندا، زانكۆی سەڵاحەدین- هەولێر، ,٢٠٠٧

١٤- د.كمال مەعروف، سەرەتای سەرهەڵدانی نامۆیی لە شیعری كوردیدا، ژمارە (٤٤) گۆڤارە زانستییە مرۆڤایەتییەكان، ,٢٠١٠

١٥- دیوانی سامی عەودال، پێشەكی و لێكۆڵینەوەو ساخكردنەوەی د.كەمال مەعروف، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی ٢٠١٠

### به زمانی عەرەبی:

١٦- الحركة التجدية في الشعر الكردي الحديث، مطبعة ازاد، ستوكهولم، ,١٩٩٢

١٧- دراسة عن اعمال گۆران الادبية، دار رينما، سليمانية، ,٢٠٠٥

١٨- حقوق الانسان مدخل حضاري للشعب الكردي نحو العالم والمستقبل، اربيل، ١٩٩٤، كتبة، د. محمد فاضل قفطان، د. يوسف حمه صالح، د. كمال معروف.

١٩-الادب الكردي، ترجمة من الفرنسية د.كمال معروف  الطبع و النشر، اربيل ٢٠١١

**به زمانی فەڕەنسی:**

20- la vie et laeuvre du poete Kurde Dildar, Maurice Thorez, Paris, 1989.
21- les Lurs, le luristan et le poete Baba Tahir Hamadani dabuta de litterature Kurde, Ed, Aarl futur, Paris, 1989.
22- Ahmad Mukhtar Jaf, Question consience, Presente rt traduit du Kurde Kamal Maarof.
23- Sherlo Bekes, les petits miroirs, Ed. Lhamattan, Paris, 1995.
24- Latif Halmat. La Tempete blanche. Arbil, 2000. Presente et Traduit Kurde , Par Kamal Maarof.
25- Kamal Maarof , le monvement de Renoyvellement dans la Poesie Kurde Ferbun, Arbil, 2006.
26- Etabli par Jassim Jalil presente et traduit du Kurde par Kamal Naarof, L Heroisme des Kurde dans L epopee de la citadelle de Dimdim, Ed. Awat Hawler, 2007

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| دەروازە | ١٣ |
| ١- ڕەخنە و داهێنان | ١٥ |
| ٢- قەیرانی ڕەخنە | ١٨ |
| بەشی یەکەم | ٢١ |
| ١- میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی | ٢٣ |
| ٢- میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی | ٣٥ |
| ٣- میتۆدی ڕەخنەی دەروونی | ٤٤ |
| بەشی دووەم | ٥٧ |
| ١-فۆرمالیستی ڕووس | ٥٩ |
| ٢- ڕەخنەی نوێ | ٦٦ |
| ٣- دەق ئاوێزان و ڕەخنەی نوێ | ٧٣ |
| بەشی سێیەم | ٧٩ |
| ١- ڕەخنەی بونیادگەری | ٨١ |
| ٢- ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی | ٩٤ |
| ٣- هێرمینیۆتیکای دەق | ١٠٤ |
| سیمیۆلۆژیا یان سیمیۆتیکا | ١١٤ |
| المستخلص | ١٢٥ |
| Synopsis | ١٢٧ |
| بیبلیۆگرافیای سەرچاوەکان | ١٢٩ |

# Modern Theories of Literary Criticism

By. Kamal Maarof

2012
Sulaymany

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (2012)ی

## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەنفاکان | و. عەزیز رەئوف | شانۆنامە | ٨٣٨ |
| ٢ | ئەکرۆباتێکی ونبوو | ئیسماعیل حەمە ئەمین | وتاری رەخنەیی | ٨٣٩ |
| ٣ | پەیکی شادی | محەمەد سەعید نەجاڕی (ئاسۆ) | شیعر | ٨٤٠ |
| ٤ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٢ |
| ٥ | خاوەن شکۆ | د. یەحیا عومەر ڕێشاوی | لێکۆڵنەوە | ٨٤١ |
| ٦ | ئایین و ئیستاتیکا | خەسرەو میراودەلی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٢ |
| ٧ | کولێنەری هەڵم | محەمەد بەرزی | زانستیی | ٨٤٣ |
| ٨ | چرایەکی سەرمادیان کۆ | و. عەزیز گەردی | رۆمان | ٨٤٤ |
| ٩ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٣ |
| ١٠ | سایکۆلۆژیای بەهرەمەندان | عمر مەرگەیی | لێکۆڵینەوە | ٨٤٥ |
| ١١ | شوناسێکی بێئۆقرە | سەردار عەزیز | لیکۆڵینەوە | ٨٤٦ |
| ١٢ | کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن | د. بێستوون حەسەن | زانستی زمان | ٨٤٧ |
| ١٣ | مێژووی چاپخانەکانی سلێمانی | مارف ناسراو | رۆژنامەوانی | ٨٤٨ |
| ١٤ | وێستگەکان | و. محەمەد کەساس | ئەدەبی و فیکری | ٨٤٩ |
| ١٥ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٤ |
| ١٦ | مێژووی دێرینی کوردو شوێنەوارەکانی... | کەمال نوری معروف | مێژوویی | ٨٥٠ |
| ١٧ | ئەزموونی چیرۆکنووسین | محەمەد فەریق حەسەن | وتار | ٨٥١ |
| ١٨ | پۆست مۆدێرنەو چەند بابەتێکی.. | ئەنوەر قادر ڕەشید | شانۆیی | ٨٥٢ |
| ١٩ | هەڵوەدای کوێرێك | رەنجەی نابینا | کۆمەڵەچیرۆك | ٨٥٣ |
| ٢٠ | ئاوڕدانەوەیەك لە مێژوو | عەلا نووری | مێژوویی | ٨٥٤ |
| ٢١ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٥ |
| ٢٢ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٦ |
| ٢٣ | سمکۆ | سەید کەمال ئیبراهیمی | مێژوویی | ٨٥٥ |
| ٢٤ | تەلیسمی گێڕانەوە | کامیل محەمەد قەرەداغی | لێکۆڵینەوە | ٨٥٦ |
| ٢٥ | نارنجی فڕین | ئەمین گەردی گلانی | چیرۆك | ٨٥٧ |
| ٢٦ | ئایین و کایە جیاوازەکان | سەنگەر زراری | کۆمەڵە دیدار | ٨٥٨ |
| ٢٧ | تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی | د. کەمال مەعروف | ڕەخنەی ئەدەبی | ٨٥٩ |
| ٢٨ | گۆڤاری هەنار | | گۆڤار | ژمارە ٧٧ |